# مارەکەیان بکوشتایە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

## یەشار کەمال

# مارەکەیان بکوشتایە

## ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

لە تورکییەوە کردوویەتی بەکوردی



ناوی کتێب: مارەکەیان بکوشتایە- ڕۆمان
نووسینی: یەشار کەمال
وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١١٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
تیرێژ: ١٦٠٠
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

*لە کاتی ئەم ڕووداوەدا حەسەن شەش حەوت ساڵان بوو.*

بەسەر تاوێرەکانی «ئەناوەرزا»وە شەهێنان دەسووڕانەوە، باڵیان لەیەک دەسوو. گولیلکە سپییەکان دەمیان بۆ خۆرەکە کردبۆوە، لە دوورەوە گەواڵە هەورێک بەرەو ئەملا دەهات، سێبەرەکەی ناوچە زۆنگاوەکانی دەلێستەوە بەرەو «دوملو» سەری نابووەوە تا لە چاو بزربوو. پێشکە و زەردەواڵە و مێشەنگ لە گوڵە سپییەکان ئاڵابوون، دڕکی زەردەسیری لە جەوشەن و درزی تاوێرەکانەوە سەریان هەڵدابوو، شینێکی تۆخ دەیانڕوانی. حەسەن سۆسکە ئاسا بەناو ئەو تاوێر و بەردانەدا دەهات و دەچوو، خوارەوەی بەدەستی خۆرئاوادا لێڕێکی هەزار بەهەزارە، سەری بەگێژ دەهات، لەو هەڵدێرانەدا لە هێلکە و هێلانەی شاهینان دەگەڕا، تا ئێستا نە هێلکەیە نە بەچکە شەهێنێکی نەدۆزیبووەوە، شەهێن و باڵندەکان کە ئەمیان دەبینی، بەو هەڵدێرە دیوار ئاساییانەدا باڵە زەبەللاحەکانیان بەیەکدا دەدا و دەچوونە قووڵایی ئاسمانا، تینی خۆری بەهار تاوێرەکانی گەرم داهێنابوو، لە درزی تاوێرەکانەوە، گولیلکەی زەرد و مۆری شاتەڕە و جونگ و نەعنا دەمیان کردبووەوە بۆنێکی کەسکوونیان بەو ناوە دەبەخشی.

هیوا و خواستی حەسەن هێلانەی قەد هەڵدێرە دیوار ئاساکە بوو، لەمەوپێش هەموو جارێ زۆری زەحمەت دەکێشا تا خۆی پێدەگەیاند، بۆ جارێکیان پێی نەترازێ، ئیتر لەو هەزار بەهەزارە مابووەوە، هەرچۆنێک بووبوو خۆی قورتار کردبوو، ئیتر دوای ئەوە ببڕای ببڕ بۆ ئەوێ شۆڕنەبووەوە، ئەو جارەشیان گەر خواوڕاسان دەستی لە ڕەگێک گیر نەبوایە، یان ڕەگەکەی بەدەستەوە بهاتبایە و هەڵکەنرایە هەپروون بەهەپروون دەبوو، لە بەرزیی دە منارەوە بکەوتبایەتە خوارەوە پێش ئەوەی بگاتە زەوی پارچە پارچە دەبوو.

ئەو ناوە بۆن و بەرامەیەکی خۆشی دەهاتێ، لە ڕۆژێکی بەهارییی وادا بۆن و بەرامە ئەو ناوەی گرتبێتەوە و، بۆنێکی وا لە هیچ شتێکی کەدا نەبێ، حەسەن، وایدەزانی ببێ و نەبێ ئەمە بۆنی تاوێرە. ئەم بۆنە بۆنی بەرد و تاوێرەکانی ئەناوەرزا بوو. مێشەنگ، مارمێلکەکان، بەچکەسۆسکە، هێلانەکانیان، بەچەکە شەهێن و هەڵۆکان، مارە ژەهراوییەکان ئەمانیش بۆن و بەرامەی وا دەبەخشن، لە چیای «ئەناوەرزا»دا مرۆکانیشی، هەمان بۆنی ئەم تاوێرانەیان لێ دێ، لەژێر خۆری ئەم بەهارەدا بۆنێکی خۆش لە بۆنی هەنگوین دەچێ لەم ناوانەدا بڵاوبۆتەوە، بگرە بارانی دامێنی چیای «ئەناوەرزا»ش جۆرە بۆنێکی هەیە، بۆنی بەرد و تاوێری نمدارە. لێرەکانە هەوریش بۆنی خۆی هەیە...

حەسەن هەرگیز بۆنی تاوێرەکانی «ئەناوەرزا»ی ئەو شەوە تاریکەی بیرنابچێتەوە.





بۆنی بارووتی ئەو شەوە ئەنگوستەچاوە. بۆنی باروت لە چیادا وەک بۆنی باروت نییە لە پێدەشتەکاندا. شەوانیشی شەوی پێدەشت نییە. ئەو شەوە بۆنی باروت دەهات... ئەو شەوە، لە دووررا، زۆر دوور گیڤ گیڤ دەنگی گوللە لە چیاکاندا دەنگی دەدایەوە، بۆیە تاوێرەکان هەمیشە دەنگ دەدەنەوە ئەوە دەنگی گوللەیە، ئەمە ئەو بۆنەیە... بەئاسمانی ئەناوەرزاوە هەڵۆ خوێناوییەکان دەسووڕێنەوە... هەموو کاتێکیش ئەو شەوە و زرینگەی خرمژنی بەسامی گوللە و ئەو بەرەبەیانییەی هەڵۆ بەری ئاسمانی تەنیبوو وەک یادێکی ناخۆش و پڕسام بیر دەکەوێتەوە.

***

ئەم بەیانییە بۆ ئیش و کار نەڕۆیشت گەرما بوو، سەرتۆپی ئاوایی بۆ مەزراکانیان چووبوون حەسەن نەبێ، غەم دایگرتبوو سەری دونیای لێ هاتبووەوەیەک نەیدەزانی چ بکات. نەیدەویست تەماشای دایکی بکات. حەسەن نۆ ساڵانە. حەسەن چوزانێ. گەورە و بچووک هەمووی هەر وای دەگوت: حەسەن نازانێ. لە ئان و ساتی ئاوادا کە چاوی بەدایکی دەکەوت شێتگیر دەبوو.

بەیانیان پێش گزنگدان دایکی کەرەی لە مەشکەی تازە ژەنراودا بۆ دەردەهێنا و لەبەردەمی دادەنا. حەسەنیش نانێکی گەرمی هەڵدەگرت و دەچووە بن دارێکی دوور تاکو دایکی نەیبینێ. هەموو بەیانییەک ئەمە حاڵی بوو، نەیدەزانی چ بکات و چی دەکات. شێت ئاسا گوندی خوار و ژوور دەکرد، لەدواییشدا هەر نەیدەزانی چی بکات.

هێشتا حەوت ساڵان بوو ئەم تفەنگە قۆنداغ سەدەفە نایابەیان تازە پێدابوو، لەو ڕۆژەوە، نەمابوو تەقەی لێ نەکردبێ، چی دەبینی مشتی لێدەگرت و زرمەی لێهەڵدەساند، سڵی لە هیچ نەدەکردەوە، ئەوەی بهاتبایەتە پێشی دەستی لێدەکردەوە، ئەو حەسەنە تەقەی لە باڵندە، بزن، هەڵۆ، سۆسکە، چەقەل، مرۆ... ئا بەڵێ تا تەقەی لە مرۆش دەکرد. سێ مامی هەبوو، هیچ کام لەو مامانەی لە زاری دەرنەدەچوو بڵێ نەکەی. گوندیش سەرجەم خزم و کەسوکاری بوون، زۆر نەبوو کۆچەرییان نابووە لاوە و لەم ناوانەدا نیشتەجێ بوو بوون.

باوکی، مامەکانی لە تەمەنی ئێستای ئەمدا بوون لەو بناری چیای «بین بوغی»دا شوانکارە بوون ڕانە مەڕیان دەلەوەڕاند، لە ژێر دەواری حەوت ئەستووندا دەژیان، تا ئێستاش شانازی بەو دەوارە حەوت ئەستوونانەوە دەکەن...

فراوینی لەناو دارهەنارەکاندا کرد، تێربوو، تفەنگەکەی لە شان کرد و دایگرتەوە، قۆنداغە سەدەفییەکەی وەبەر تیشکی ئەو بەیانییە کەوت چریسکایەوە، مەیلەو شین دەیڕوانی، بۆ چەند ساتێک هەردوو دەستی بەملا و بەولایدا شۆڕبوونەوە، ملی کەمێک بەلای ڕاستدا وەرچەرخاند و ڕوانییە تفەنگەکەی شانی خۆی، تفەنگ دەبریسکایەوە.

دایکی لە دالانەکەدا دەهات و دەچوو، کەم کەس هەبوو وەک دایکی جوان بێ، تا بلێیی ڕێک و ناسک لە کیژۆڵەیەکی تازە هەڵچووی دەکرد، هەرچی باوکی بوو، پیاوێکی بەساڵاچووی ڕدێن سپی، هەروەک ئێستا بێ، چاکی لە بیرە... دایکی قژی تا کەمەری دەهات، جوانییەکەی کەوتبووە سەر زاری هەموو کەسێک، سەرتۆپی «چوقورئوڤا» دەست بەسنگا دەدەن بۆ جوانییەکەی، هەرزەکار و کوڕولاوی «چوقور» نەما خوازبێنی دایکی نەکا، زیادە ڕۆیی نەبێ دایکی تاقە جوانی ئەم دونیایەیە، دایکی بەداخوازی کەسیان ڕازی نەبوو، نەیدەویست لە حەسەنی تاقانەی داببڕێ، شووی بکردبایە، نەدەبوو حەسەنی لەگەڵبا، مامەکانیشی ڕازی نەدەبوون حەسەنیان لێ دوور بخرێتەوە، لەبەر ئەوە دایکیشی داخوازی کەسی قەبووڵ نەدەکرد.

ئاوی «جەیحان» نشتۆتەوە، دەکشا و وەک زیو دەچریسکایەوە، لەو هەڵدێرانەدا حەسەن بەدوای قلیڤانیدا کەوتبوو، لە ئێوارەوە تا بەرەبەیان، لە بەیانیانەوە تا دەمەو ئێواران لەدەم کونەکانیاندا خۆی لە بۆسە بۆ دادەنان، تۆڕ و داوی بۆ دەنانەوە، لەدەم هێلانەکانیاندا تەپکەی بۆ دانابوون، هەر کە لە هێلانەکانیان دەهاتنە دەرێ و بەتەپکە و داوەکانەوە دەبوون. ئەو باڵندە و مەلۆچکە مۆر و شینانەی کە دەیگرتن لە قەفەسی دەنان و تەماشای دەکردن، ڕەنگی وا شینی نەدیتبوو، حەسەن کە سەرنجی ئەم باڵندانەی دەدا، دەکەوتە نێو خەونێکی شینەوە، خەونەکە بەرە بەرە ڕایدەپێچی و ناخی دەگرتەوە تا دەکەوتە نێو دەریای خەونێکی بێ پایانەوە...

پەرەسێلکە ڕاوناکرێت، لەوەتی ئەم دونیایە ئاوەدانە حەسەن یەکەم کەسە ڕاوی پەرەسێلکە دەکات. حەسەن ئارەزووی لە چی هەبێ دەیکات. ڕۆژێ هەشت نۆ پەرەسێلکەی ڕاو دەکرد، هەر هەمووی بەپەتێکەوە دەبەست و بەرەڵڵای ئاسمانی دەکردن.

حەسەن لە یەکێ لە ئەشکەوتەکانی «ئەناوەرزا»دا بەچکە داڵێشی بەخێو دەکرد... هەموو بەیانییەک زوو لە ماڵ وەدەردەکەوت، خۆر ئاوابوونێکی درەنگ کە تاریک دادەهات ئەو کاتانەی چاو چاوی نەدەدی بۆ گوند دەگەڕایەوە، بێ تفەنگە قۆنداغ سەدەفییەکەشی هەرگیز هەڵی نەدەکرد.

حەسەن بووبووە دوژمنی باوەکوشتەی زەردەواڵە و مار و مێروو و باڵندەی بناری چیای ئەناوەرزا. ئاوایی لێ بووبووە دۆزەخ، دەیویست هەمیشە لێی دوورکەوێتەوە، لە حەوتوویەکدا یەک دوو ڕۆژی سەری دەنایەوە و خۆی بەئاواییییەکانی ئەوبەر دەگەیاند، دواجار هەرچۆنێ دەبوو، ڕەنگە لەترسانا بێت دەگەڕایەوە. لە یەکێ لەو گەشتانەیدا لەگەڵ شوانێکدا بووبووە هاوڕێ، «قۆزانی» خستبووە ئەملای خۆی تا «فارساغە» ڕۆیشتبوو، بەلام دووبارە گەڕابووەوە... خۆیشی نەیدەزانی چی دەکات، بەلام ئەوەی لە





دڵ چەسپیبوو کە دەبێ لەم گوندە نەمێنێتەوە، یان خۆی یان دایکی دەبێ یەکێکیان بڕۆن... هەر دەبێ دایکی بڕوا، سەرتۆپی ئاوایی ڕقیان لە دایکی هەڵدەسا، ئینسان لە نێو ئەم ڕق و کینەیەدا دەخنکێ، ئەم بێزاندنەی گوند ئەمیشی پێوە دەسووتا، گوندی لێ هەراسان بووبوو. بەم جۆرەش قەت نەدەگوزەرا... داپیرەی، مامەکانی، تیتکەزا و سۆرەوکوێرە و خوێش و خزمانی هەموویان زاریان لە زاری دایکی نەدەچەرخا و ئاشکرا دەیانبیزاند، لە بارێکی ئاوادا دایکی چۆن دەتوانێ ژیان بەسەربەرێت و هەڵکات. دایکیشی خانومان و جوان سەرەڕای هەموو شتێک مانەوەی لەلا پێ چاکتربێ و نەیەوێت بەجێیی بهێڵێ کەچی چەندین بەند و بالۆرە و قسە و قسەلۆکیان بۆ هەڵبەستبوو... گوایە مامە ناوڕاسینەکەی بەتەمای دایکێتی، بەلام دایکی قایل نەبووە. حەسەن هەستی بەشلەژانێکی بێ سنوور دەکرد، بۆیە لەو هەردە و پێدەشتانەدا خۆی بەباڵندە و مەلۆچکەگرتنەوە دەخلافاند و کاتی بەسەر دەبرد، لە پەناو داڵدەیەک دەگەڕا، دەردی دڵیشی لای کەس ئاشکرا نەدەکرد، هەر بۆ خۆی پیشی دەخواردەوە، بەم دەردەوە دەیناڵاند، هەرچەنی دەکرد و دەکۆشا خەمی خۆی بڕەوێنێتەوە بێ سوود بوو، ڕووی لە کوێ بکردبایە لە ئابلۆقەی ئەو خەمە خۆی پێ قوتار نەدەکرا، بتکوشتبا هیچ کاتێکیش دەردی دڵی خۆی بەکەس نەدەگوت... هەموو ڕۆژێ سەری خۆی هەڵدەگرت، هەر ڕۆژە و بۆ ئەشکەوتێک، پەنای بۆ شەهێنان و داڵ و مار دەبرد. هاوڕێی خواسایشی نەبوو، یا ئەم خۆی لێ دەدزینەوە یا منداڵان بەلایدا نەدەچوون و توخنی نەدەکەوتن، تەنها «سالە» ناوێک هەبوو، سالەش ورتەی لەدەم نەدەهاتە دەرێ... ئەو چاکتر با قسەش نەکات، حەسەن بۆی دەدوا، ئەوەند فرەوێژی دەکرد سەری سالەی بەژان دەهێنا، چەند خۆشە مرۆ هاوڕێیەکی کەم دووی هەبێ، وەڕس بوون نەزانێ چیبە هەر گوێ بگرێ.

حەسەن لەم بارودۆخەی ئێستاکەیدا باڵندە و داڵەکانی ئاسمان، مارە ژاراوییەکان، سالە نەبوایەن ژیانی بۆ نەدەچووە سەر و گیانی دەردەچوو...

***

لە پێشدا قرچەیەک لە دەرەوە هات، باوکی گوێی ڕادا، کەوچکێکی بەدەستەوە بوو بۆ ماوەیەک دەستی وشک هەڵات، تەماشایەکی دایکی کرد، دایکی سەری بەسەر خوانەکەدا دانەواندبوو، حەسەن تەماشای هەردووکیانی کرد، باوکی بەئاستەم کەوچکەکەی بۆ دەمی برد، بەکاوەخۆ پارووەکەی جوی. قرچەکە تا دەهات ئاشکراتر دەبوو، لە پڕ نەما. دونیا شەوە، باوک و دایک و منداڵەکە دەورەی خوانەکەیان داوە شێو دەکەن، ساوار و مریشکیان لەسەر خوانەکە دانابوو، حەسەن بۆن و بەرامەی ساوارەکەی ئەو شەوەی قەت بیرناچێتەوە، لەودیو پەنجەرەکەوە تیشکێ بریسکەیەکی دا و کوژایەوە، بریسکەیەکی کە... ژاوەژاوێک هاتەگوێ، نەخێر، ڕێژنەی گوللە دەستی

پێکرد، دوکەڵ خوان و باوک و دایکی داپۆشی... گوێی لە هاواری باوکی بوو، دایکی بۆ تەنها جارێ قیژانی، دوایی یەکسەر هەموو شتێ کشومات بوو، کە دوکەڵەکە ڕەوییەوە و حەسەن هۆشی هاتەوەبەر، لە دامێنی ئەناوارزادا دەنگی تەقەی تفەنگ دەهات... گرم... گرم... گرررم دەنگی دەدایەوە، لە نێو ئاواییشەوە غەڵبە غەڵب دەنگی تەقە دەهات... خوێنی بینی. باوکی بەدەما کەوتبوو سەری لەناو ئامانی ساوارەکەدا بوو، لەشی خەڵتانی خوێن بوو..

حەسەن ئەوەی بەباشی لەیاد مابێ، چاوە ڕەش و شڵەژاوی ئەو کابرایە بوو کە هاتە ژوورەوە، حەسەن دەستی دایکی گرت و لە دوکەڵەکەی دوورخستەوە، کشومات ئەوەی کرد و متەقی نەکرد، چاویشی بڕیبووە باوکی تەماشای خوێنە گەشەکەی دەکرد... لە ناو تاوێرەکانی ئەناوارزاوەوە دەنگی زرمەی تەقە و دەنگدانەوەی دەهات، لە پڕێکا بەجارێ ژن و پیاو بەقیژە و گریانەوە هوروژمیان بۆ ناو ژوورەکە هێنا، بەگریانی بەجۆش و شین و شەپۆڕی داپیرەیدا، تێگەیشت چ قەوماوە... دەیوست، بەدرێژایی ئەو شەوە لە قوژبنێکدا کشومات کروشکەی کرد خەو لە چاوی نەکەوت، ئەمە یەکەم جاری بوو تا بەیانی نەخەوێت، ئەو شەوە مانای خەوزڕان و بێداری زانی... خەڵکێکی زۆر بەیەکدادێن، دەگرین، دەقیژێنن، لە دوور دوور دەنگی گوللە دەبیسترا... دەم کەل سوور هەڵگەڕا، خۆر گزنگی دا و نەدا لاشەیەکیان لە ناوەڕاستی ئاواییدا فڕێدا، لاشەکە چاوی لێک نەنرابوو، حەسەن چاکی دەناسی ناوی «عەباس»ە و خەڵکی گوندەکەی دایکێتی، ناو بەناو هاتوچۆیانی دەکرد، هەندێ جار دیاریشی بۆ حەسەن دەهێنا، ئێستاش وا لە خوێنی خۆیدا گەوزاوە. حەسەن بۆ یەکەم جار مێشی سەوزی زل زلی دیت، بۆ تائێستا مێشی کەسکی وا گەورەی نەدیوە. بەسەر خوێنە قەتماغە بەستووە ڕەش هەڵگەڕاوەکەوە دەنیشتنەوە، بێ گیزەگیز، کەسک، دەم چوون گوێزان، حەسەن لە دەمە چەقۆی تیژیش دەسڵەمییەوە، کە دەمە چەقۆی دەدی چاوی دەچووقان، ڕشانەوەی دەهاتێ... دەمە چەقۆ ئۆوئۆی... دایکیشیان بۆ لای لەشەکە هێنا، مامەکانی بەچەپۆک لێی بەربوون، سەروملیان خوێناوی کرد، سەرپۆشەکەی، کەزییەکەی، قژی، ڕوومەتی لە خوێنا شڵپەیان دەهات، کراسەکەی تیکەتیکە ببوو، بەخوێنەوەبوو. گوندی هەموو، ئافرەت و پیاو و منداڵی هەر کەسێکی تووش بهاتایە دەستی لێدەکردەوە، تفیان لێدەکرد... حەسەن چاوی بەحەشاماتەکەدا گێڕا، کە ئەوەی بینی ئاگای لە خۆی نەما، پەلاماری ئەوانەی دا کە لە دایکیان دەدا. دواجار پیان گوتبوو گوایە دەستی مامەی بەدەما بردبوو، تا سەر ئێسقان بڕیبووی، ئەوەشیان بیرخستبووەوە شێتگیر بوو بوو لەوانەی داوە کە دەستیان لە دایکی دەکردەوە، تفی لەوانە دەکرد تفیان لە دایکی دەکرد، مامە گەورەکەی پێلەقەیەکی پێداکێشابوو بەدەما کەواندبووی. ئەمەشیان





دواجار تێگەیاندبوو: کە دایکی دەبینێ لە حەسەن دەدەن، وەک تیر پڕی سەندبوو و خۆی بەسەر کوڕەکەیا دابوو، لە دوێنێ ئێوارەوە ئاگای لە خۆی نەمابوو و نەهاتۆتە گفت، بۆ یەکەم جار هاواری کرد «نەکەن، چیتان لە کوڕەکەم دەوێ مەکەن» ئەمجا ڕووی دەمی لە حەشاماتەکە کردبوو و ڕێک و ڕەوان «من خەلیلم نەکوشت... من براکەتانم نەکوشت...» دەستی بۆ لاشەکەی عەباس درێژ دەکات «ئەمە براکەتانی کوشت... بکوژی برای ئێوە ئەمە، ئەمیش وا کوژرا...». دواجار لەلاشەکەی عەباس نزیک ببووەوە و چاوی بڕیبیە چاوە زەقە لێکنەنراوەکانی «ئێی عەباس قەدرم نەزانیت...» بێ ئەوەی گوێ بەحەشاماتەکە بدات وای وتبوو. ئیتر بێ ئەوەی ئاوڕ لە کەس بداتەوە یا بڕوانیتە ئەملاوئەولا ڕێک گەڕابۆوە ماڵەوە.

چەند خانوویەک لە گوند سووتابوو ئەو شەوە نێڵەنێڵی ئەو خانووە گڕ تێبەربووانە بناری ئەناوارزای وەک ڕۆژی ڕووناک دیاربوو... جەندرمە ڕژانە نێو گوندەوە، باشچاوشێک پۆستاڵەکانی بەیەکا دەدا و فەرمانی بەجەندرمەکان دەدا، دوکتۆرێکیشیان لەگەڵ دابوو.

لە ژێر دارتووەکەی نێوەڕاست گونددا «عەباس»یان ڕووت کردەوە، وەک قەساوێک قەساوی بکات بەنەشتەرێکەوە لە تەرمەکە بەربوو، هەر لەو شوێنەشدا بەسووژنێک زگیان دوورییەوە. حەسەن هێڵنجی دا و ڕشایەوە مامە گەورەکەی دایکی حەسەنی بەکێش کردبوو بۆ لای تەرمەکە هێنای، دایکی خۆی ڕادەپسکاند و نەدەهات «وەرە... وەرە سۆزانی... وەرە بڕوانە لاشەی ئەو گەوادە ببینە کە براکەمت پێ بەکوشت دا. گەوادەی دۆستت ببینە...» بەسەر خۆڵە پەژانییەکەدا بەکێشی کردبوو، جەندرمەکانیش بۆ خۆیان تەماشایان دەکرد، دایکی خۆی ڕادەپسکان و متەقی نەدەکرد، بەشین و شەپۆڕ و لاواندنەوە باوکیان ناشت، داپیرەی لە حەژمەتا لە تۆی جێ کەوت، هەرسێ کوڕەکەی بانگ کرد، «عەباس کوڕی منی نەکوشتووە، ئەسما کوشتی. لەوانەیە جارێکی کە هەڵنەسمەوە، خوێنی خەلیل بەهەدەر بڕوا لەم دونیا و لەو دنیا شیرەکەمتان پێ حەڵاڵ نەبێ... ئەسما کوشتی...»

***

لە زینداندا حەسەنم ناسی. شەو بوو هێنایان، زیندانییەکان دەورەیان دا «تەواو دەبێ... تەواو دەبێ...» زیندانییەکان بۆ دڵدانەوەی وایان پێگوت. حەسەن ئەولێوەی لێک نابوو نەیدەترازان و ورتەی نەکرد، زیندانییەکان ویستیان ئاو و شۆربا و شتی دیکەی بۆ بێنن، بەڵام ئەو نە بەقسەهات و نە دەستی برد شتێک بخوات، هەر لەو شوێنەدا لە ناوەڕاستیانا سەری بەسەر سنگیا شۆڕ ببووەوە و خەوی لێکەوت...

هەر دوای ڕووداوەکە حەسەن هەڵاتبوو و خۆی گەیاندبووە چیاکانی ئەناوارزا، لەوێدا

خۆی شاردبووەوە، سەرتۆپ دێکە سێ شەو و سێ ڕۆژ لێی گەڕابوون، سۆسەیان نەکردبوو، لە دواییدا سەگەکەی خۆیان دۆزیبوویەوە... سەگەکەیان بەناو تاوێرە ڕکەکانی ئەناوارزادا بەردابوو، سەگەکە حەسەنی لە نێو کۆنە سندووقێکدا دۆزیبووەوە، حەسەن خۆی لە نێو ئەو سندووقەدا وەشێردبوو، تومەز سێ ڕۆژ و سێ شەو لەناو سندووقەکەدا بووە، تا سەگەکە دەیدۆزێتەوە... سەگەکە نەیدۆزیبایەتەوە خوا خۆی دەیزانی تاکەی لەوێ دەمایەوە... جەندرمەیەک تا هێزی تێدابوو زللەیەکی پێداکێشابوو. خەڵکی گوند بەچاوێکی لە جاران جیاواز تەماشایان دەکرد. کە بەناو گوندێکدا تێدەپەڕی زارۆک و ئافرەتی گوند بەترسەوە تەماشایان دەکرد، ژن و منداڵ، پیر و لاو بۆ تەماشا و بینینی دەهاتنە سەرە ڕێگای وەک لە زیندەوەرێکی سەیر و سەمەرەی نەفرەت لێکراو و بەسام بڕوانن.

لە زیندانیشدا بەهەمان چاو تەماشایان دەکرد. حەسەن لەوەتی پێی ناوەتە ناو زیندانەوە یەک وشەی خواسایی چییە لە زار دەرنەچووە. کەسانێکی زۆر ویستیان بیدوێنن، ئامۆژگارییەکی بکەن، بەڵام حەسەن وایدەزانی لەگەڵ ئەمیان نییە، هەروەک لەم زیندانەش نەبووبێ وابوو، دڵی ، خولیا و لێکدانەوەی لە جێگایەکی کە دەخولایەوە، بەرەبەرە دەستی بەپرووشەکرد، چاوەکانی کرابوونەوە، ڕوومەتی کێشرابوو تا دەهاتیش درێژتر دەبوو، ملی لێ باریک ببووەوە، جلەکانی وەک هی ئەو نەبن فلّت و شپووشۆڕ، نە داوای شتێکی لە کەس دەکرد نەپرس و ڕای لە کەس دەویست، خۆ باسی کەمدووەکەی هەر مەکە... ئێواران و بەیانیان تەنیا و تەریک بۆ خۆی لە قازانێکدا شۆربای گەرم دەکردەوە، لە پەنایەکدا پشتی لە خەڵکەکە دەکرد شۆربای خۆی هەڵدەقوڕاند... مامەکانی، خزمانی ڕۆژانە دیدەنییان دەکرد، کە دەهاتنیش لەگەڵ کەسیانا نەدەدوا، هەر ئەوەندە ملی لار دەگرت و بەدڵ و بەگیان گوێی ڕادەدا، ئیتر ورتەی نەدەکرد و وشەیەکی لەدەم دەرنەدەچوو، ئەبرۆی چەند جارێ دەجووڵاند، ڕوومەتیت بۆ نەدەخوێندرایەوە و هیچی لێ حاڵی نەدەبووی، تەماشای زەوی دەکرد، لێوەکانی کرژدەبوون و ڕوومەتی ڕەنگی دەدا و ڕەنگی دەبرد، چەند مات بوایە و ڕووی بەزیندانیان نەدابا زیاتر دەورەیان دەدا و لێی دەئالان، بەسەرهاتی و کپ و گرانی و لەسەرخۆییەکەی بووبوونە هۆی ئەوەی چەکەرەکی لێبکەن ترسێکی نادیاری لە دڵیاندا دەخست... شەڕەنگێز و یەخەدڕاوان و چەقۆکێشەکانی نێو زیندانەکەش بەڕێز و حورمەتێکی ترس ئامێز خۆیان لێ نزیک دەکردەوە گەلێکی لاسار و بەدخووی وەک «لوتفی» ئاسا ناوێکیان تێدابوو. ئەم «لوتفی»یە پێشی لێدەگرت و دەم پیسی دەنواند هەرچی بەدەما دەهات نەیدەگێڕاوە. بەڵام ئەم خۆی تێک نەدەدا پێی ئاڵۆز نەدەبوو، لە ئاست وتە ناشیرینەکانی لوتفی هیچی نەدەکرد لەوەی زیاتر چاوی لەچاوی دەبڕی، ئەو





چەندی بڕشایەتەوە ئەم قووڵتر دەیڕوانی. تەماشا قووڵەکانی حەسەن بەرەو ناخی ڕوو دەچوو جا ترسێکی نادیاری لە دڵیدا دەچاند، نارەحەتی دەکرد، دەشڵەژا، قسەکانی بۆ تەواو نەدەکرا بەنیوەچڵی لە زاریا دەمەیی ئەمجا بەجۆرە پەشیمانییەکەوە دەکشایەوە... لوتفی ئەوەی خەسیەتی مرۆوایەتی هەیە نەیبوو، لە هەموو خوویەکی چاک بێ بەری بوو، بێ ئابڕووییەکەی تاکی نەبوو...

خۆم لێ خەفە کردبوو، مەراقم بوو بزانم حەسەن دەرهەق بەلوتفی چ دەکات. چەند جارێک شەڕی پێ فرۆشت ئەم هەر لێی بێدەنگ بوو هیچی نەگوت، جارێکی کەش گەڕی لە گەڕی نەکردەوە و شەڕی پێ فرۆشت هەر بێدەنگ مایەوە، لە سێیەم جاردا کاتێ کە لوتفی لێی ئاڵا، وەکو هەموو جارێ چاوی لە چاوی نەبڕی سەری دانەواندبوو تەماشای بەرپێی خۆی دەکرد: «کرمە پیسەی پیاوکوژی خوێنڕێژ... زۆڵی سەگباب... تۆ حەرامزادەی، کەس هەیە لەم زیندانەدا نەزانێ کە تۆ کوڕی بابی خۆت نیت؟ کەسیش نییە بەحەرامزادەیی خۆی نەزانێ... زۆڵ و حەرامزادەش زۆڵێکی کەی هەر بۆ پەیدا دەبێ وەکو سەگ بیتۆپێنێ... یەکێکی وەکو تۆ کە دەستت لە خوێندایە بۆ مرۆوایەتی کارێکی شەرمە لەسەر ئەرزا بژی و بمێنی... پیسی بەدخوو... ئاخ تۆش میری بەزەلامت دەژمێرێ ئەگینا هەردووک چاوتم هەڵدەکۆڵی و لە مشتم دەنان و ئا لێرەدا درێژم دەکردییەوە و بەسەر ئەو دیوارەدا تووڕم دەدای و لەشە پیسەکەتم لەبەر سەگ دەنا...»، لوتفی گەرم بووبوو، کەف لالغاوەی گرتبوو، لەسەر یەکە جوێنی نەبیسراوی بەحەسەن دەدا. زیندانیان لە دەوریان کۆبووبوونەوە، بۆ قسەناخۆش و بەکەس نەگوتراوەکانی لوتفی گوێیان ڕادابوو... حەسەن ئەم کاتەش دانی بەخۆیا گرتبوو، لەمە بەولاوە بۆی قووت نەدەدرا، یەک دوو جار پێی بەزەویدا دا، سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد، پشتی لێکرد ویستی دوورکەوێتەوە، لوتفی بووبووە بنیشتەتاڵە و لێی نەدەبووەوە، پێشی لێگرت، هەمدیس دەمی لێکردەوە وەکو سەگ ڕشایەوە. حەسەن ئارەقەی کرد، لە حرسانا زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی دەردا، لە پڕ سەری هەڵبڕی و تەماشایەکی لوتفی کرد، تەماشاکەی و دەست بەگیرفان شەرواڵ کردنی و چەقۆ هەڵکێشانی یەکێ بوو، هەر ئەوەندەیان زانی شاڵاوی بۆ لوتفی برد، نەزانرا چۆنی بۆ هەڵکەوت لە دەستی فرتەی کرد و بەپڕتاو هەڵات، لوتفی بەناو حەوشەی حەپسخانەکەدا ڕای دەکرد حەسەنیش بەدوایەوە، نازانم چەنی خایاند، لوتفی بەدەم ڕاکردنەوە جار ناجارێ ئاوڕی لە حەسەن دەدایەوە، بەدەم ڕاکردنەوە دەپاڕایەوە وازی لێ بێنێ. حەسەن کە لێی نزیک بووەوە چەقۆکەی داهێنا، بەر چاکەتەکەی کەوت، لوتفی کە ماندوو بوو هاواری لێ هەستا «فریام کەون هیزە کوشتمی...» پەیتا پەیتاش لە حەسەن دەپاڕایەوە... نازانم چۆن چۆنی بوو، بۆی ڕەخسا و خۆی بەقاوشێکدا کرد و دەرگای لە خۆی کلۆم دا، ئەوەندەی خۆش

بوو دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست، دووبارە دەستی بەجوێن و وتەی ناشیرین کردەوە... حەسەن بەر دەرگاکەی لێ گرت، وەستا وەستا، دواجار بەکاوەخۆ ڕۆیشت لە قوژبنێکی حەوشەدا پشتی بەدیوارەکەوە دا و گرمۆڵە بوو. دوای ئەم ڕووداوە ببڕای ببڕ لوتفی توخنی حەسەن نەدەکەوت... هەندێ لە شەڕەنگێزان و لاساری زیندانەکە دەیانەویست «لوتفی»م بەگژداکەن، هانیان دەدا، ئەویش پەڵپ و بیانووی لێ دەگرتم. ڕۆژێکیان هاتە لام وام زانی کاری پێمە و داوای شتێکم لێ دەکات «فەرموو لوتفی» جگەرەیەکم بۆ درێژ کرد... «جگەرەی سەگێکی وەکو تۆ هەر سەگبابێکی خۆت ئاسا لێت وەردەگرێت...» قەت چاوەڕێی وتەی وام لێ نەدەکرد. وایان دانابوو لێی دەدەم. لە پڕ حەسەنم لە پێشدا چەقی: «نەکەی... من پەشیمانم لەوەی بەگژیا چووم، ئەمە لە سەگ کەمترە، خۆت بەهاوتای نەکەی...»

لەوەتی هاتبووە زیندان ئەمە یەکەم جاری بوو ئاوا بدوێ، لە دوای ئەم ڕووداوە لەگەڵ حەسەنا موو نەدەکەوتە نێوانمان و بووینە هاوڕێی گیانی بەگیانی، چەند ماینەوە بیرم نایەت، بەڵام نەمدیت بێجگە لە من لەگەڵ کەسانی کەدا بدوێت... کابرایەکی دیکەشی خۆشدەویست، ئەویش حەسەنی گامێش لەوان بوو ئەم کابرایە ماوەیەکی درێژ بوو لە زینداندا بوو، لە دوورەوە تاڵەی بۆ حەسەن دەگرتەوە، بەمنی ڕادەگەیاند، منیش بەحەسەنم دەگوت... تاڵە و بەخت خوێندنەوەی کابرا نەدەزانرا چ کارێکی دەکردە حەسەن پێوەی دیار نەبوو ئایا پێی خۆش دێ یان نە... بەڵام چاک دەزانی ئەو حەسەنی گەلەک خۆشدەوێ... کە دەیگوت حەسەن، هەزار حەسەنی لەزار دەباری... پێکەوە دوو بەدوو دوورەپەرێز دادەنیشتین، ئەو دەدوا من گوێم لێ دەگرت. لێم بەگومان بوو، وای دەزانی گاڵتەی پێ دەکەم یا بەچاوێکی سووکەوە تەماشای دەکەم، هەر بۆیە بەوردی سەرنجی دەدام و سەیری ڕەفتار و جوولانەوەکانمی دەکرد. حەسەن هەرچەندە بەتەمەن منداڵ بوو، بەڵام ڕۆژگار فێری بێدەنگی و کپی کردبوو، ببووە مامۆستایەک لە بێدەنگی و کپیدا، پیاوی خۆیشی دەستکەوتبایە ئەوا قسەی ماقووڵ و لەجێی دەکرد... حەسەن مانای ترسی نەدەزانی، مردنی بەلاوە ئاسایی بوو، ئینسانێکی وەکو حەسەن دونیا دیدەیەکی وا هیچ حیسابێک بۆ مردن نەکا و مردن و ژیانی لەلا یەکێ بێ کابرایەکی ئاوا خۆ لێ نزیک کردنەوەی هەر وا سووک و سانا نییە! با ئەم جۆرە پیاوانە خوێنڕێژ و پیاوکوژیش بن، یەکێکی وەکو حەسەن دەتوانێ لەو جۆرە کەسانە نزیک بێتەوە چونکی کەوتۆتە نێو مردنەوە.

لە سۆنگەی حەسەنەوە، لە ئەنجامی ئەو هاوڕێیەتیمانەوە قسە و قسەلۆک بەرمنیش دەکەوت، نەما پەڵم تێ نەگرێت. یەکێ بەردێکی بهاویشتابا حەسەن تەماشایەکی ترسێنەری دەکرد، ئیتر کابرای تاین دونیای لێ دەهاتە یەک و لەو ناوانەدا نەدەما.





حەسەن ئارەزووی بکردایە لەنێو ئەو پیاوکوژانەشدا و بەم لاوازی و گەنەییەی خۆیەوە بەدەم چەرموو و ڕابەری ئەم زیندانە گەورەیە دەبوو... کە زیندانیشمان تەواو کرد و دەرچووین لەیەک بێ ئاگا نەبووین... هەردووکمان لە ڕۆژێک دەرچووین، دوای مانگێک چوومە سەردانی و میوانداریم پێکرد... پانزە ڕۆژ لە دێکەیاندا مامەوە. حەسەن لە ئاواییش لەگەڵ داپیرە و مام و ئامۆزا و خزمانیدا قسەی نەدەکرد، وەک سوێندی خواردبێ لەگەڵ کەسدا نەدوێ... ناو بەناو دووپاتی دەکردەوە: «تۆم نەناسیبا مرۆوایەتیم لەبیر دەچووەوە...» دۆستایەتییەکەمان درێژەی کێشا، دواجار ئاگامان لە یەکتر بڕا...

دوای پرسەی باوکی زۆری نەخایاند، دایکی وەک هیچ ڕووی نەدابێ دەستی بەکار و فرمانی ئاسایی خۆی کردەوە. باوکی خاوەن مەزرا و موڵک و ماش بوو. دوو تراکتۆر، ماشینی دروێنە، ئەسپ، وڵاخی بەرزە، پەموو، کونجی، دەغڵ و دان، چەند دۆنمێ چەڵتووک لە دەشتایی چقورئاوادا... هەر دوای مێردەکەی جڵەوی کار و فرمانی بەدەستەوە گرت بەچاکیش بەڕێوەی دەبرد... ئەسما خوێندەوار بوو، لە دێکەی خۆیاندا خوێندنی سەرەتایی تەواوکردبوو، دەستڕەنگینی و لێهاتوویی خۆی بەوە سەلماند بەبێ یارمەتی خزمانی توانی کارەکانی هەڵسووڕێنێ...

دوای کوشتنی خەلیل بەیەک دوو مانگێ، داپیرە حەسەنی بانگ کرد... «وەرە... بێ بەختەکەم وەرە، بێ کەسەکەم کوڕی ڕۆڵە بێ بەختەکەم وەرە...» بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە ئامێزی گرت و بەخۆیەوەی نووساند، بەدەنگە زوڵاڵەکەی دەستی بەلاواندنەوە کرد، ئەو بەیانییە مامی جووتێ پێڵاوی لە قۆزانەوە بۆ هێنابوو لە پێی کرد. مستەفای مامی باوکی حەسەنی خۆشدەویست، لە بوخچەیەکی نەخشاودا هەندێ جلوبەرگی دەرهێنا ئەمەش دیاری برایمی مامی بوون... داپیرەی هەرچەندە بەتەمەن بوو، بەڵام هێشتا جوانییەکەی بەتەواوی لە دەست نەدابوو، کەڵەگەت و بەژن زراف، چاو ڕەشی چەنە باریک، ڕووخۆش و دەم بەخەندە. کەچی لەوەتی خەلیل تیاچووە، زەردەی بۆ نەکردووە، شەو و ڕۆژ پیشەی گریانە، بەنێو گوندا دێت و دەچێ و خەلیل دەلاوێنێتەوە. حەسەن داپیرەی هەر بەڕووخۆشی دیتبوو، با کوڕێکی گەورە و گرانیشی کوژرابێت، لەم هەڵسوکەوتە و گریانی بێ بڕانەوەی داپیرەی سەری سووڕدەما.

جلوبەرگە نوێکانی لەبەرکرد، کە داپیرە بەو جلوبەرگەوە بینی، بۆ یەکەم جار بزەی هاتێ، داپیرەی گریان و ڕوومەتی هەڵقرچاو فرمێسکی لێ نایەت، کە حەسەن ئەوەی پێ گوت داپیرە هەناسەیەکی هەڵکێشا... «ئایەی ڕۆڵە تاقە دیارییەکی خەلیلی جوانەمەرگ، کەس بەدایک نەبێ، هەناوم، دڵم نێڵە نێڵ گڕیان گرتووە و ئاگرێکی بێ ئامانیان تیا هەڵایساوە. دایکێتی سەیرە... تا تۆڵەی نەکرێتەوە ناچمە گۆڕەوە، بچمە

گۆڕیشەوە ئۆقرە ناگرم، با بڵێین وا ئۆقرەشم گرت، ئێستەکانم هاواریان لێ هەڵدەستێ، ئەوەی کوڕەکەمی بەکوشت دا بەبەرچاومەوە دێت و دەچێ، سەرباری ئەمەش وا تاقە کوڕەکەی بەجێ دێڵێ و خەریکە شوو بکات، کوڕی کوشتووم و دەس بەدەما دێنێ... نیازی وایە کوڕەزاکەم بەدەم قار و دەردەوە بکوژێ، ناهێڵێ گۆڕەکەی وشکەوە بێت فیک و فاکی شووکردنێتی، بە مستەفا و برایەم گوت دەبا شوو بکات، پێم وتن با شوو بکات، کوڕەزاکەم، وتم تاقە کوڕەکەی خەلیلم کە کوتومت خۆیەتی و لە خەلیل موویەک لای نەداوە باوکی ئاسا مەرد و ئازا و جوامێر دەردەچێ با شوو بکات، وا شووی کرد، بابە گریمان شووی کرد، کوڕەزای خۆم دەکەوێتە تەکی و دەڕوا لەگەڵ باوە پیارەدا دەژی؟ بەوە ڕازی دەبێ؟ بڕوا ناکەم... لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا دەڕوا کە باوکی بەکوشت دا تا بخزێتە باخەڵی نەناسێکەوە؟ لەگەڵ ئافرەتی وادا دەژی؟»... بەکوڵ دەستی بەگریان کرد، حەسەنی لە ئامێز گرت، حەسەن لە باوەشی داپیرەی دەرچوو، سەری هاتبووە گێژ. داپیرەی نهێنییەکی پێیە دەبێ چی بێت؟! ڕاست و ڕەوان قسەکانی داپیرە پێی دایکی دەگرتەوە، دایکی پێ لەکەدار دەکرد، کوشتنی باوکی لە ئەستۆی دایکی دەنا...

گەڕایەوە ماڵەوە، دایکی لەمەوپێش چۆن بوو هەروا بەڕووخۆشی بینی، بەدەمی پڕ لە خەندەوە کار و فرمانی بەسەر کارکەراندا دەبەخشاند، لەگەڵ شوفێری تراکتۆرەکەدا هەندێ شتی گوت. حەسەن تەماشای دایکی بۆ نەدەکرا. دایکی ویستی لە ئامێزی بگرێت، ماچی بکات، حەسەن گوێی پێ نەدا، دایکی جلە نوێکانی حەسەنی پەسەندکرد. بەتاسووقەوە هەمدیس باوەشی بۆ حەسەن کردەوە، حەسەن پێی تێکچوو، مووی بووە سنگ، ئەسما هەستی کرد حەسەنی لێ لالووتە، ڕاوەستا، تێر تەماشای کرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا «بەڵێێێ» یەک دووجار ئاوای گوتی «بەڵێێ حەسەن بەڵێ...» ڕوومەتی چوون ڕووی مردووان سپی چووەوە...

دوای نیوەڕۆ مستەفای مامی تفەنگێکی قۆنداغ سەدەفی بۆ هێنا. تفەنگێکی یەکجار نایاب و جوان، لەباو باپیرانەوە بۆیان مابووەوە.

«حەسەن ئەم تفەنگەم بۆ تۆ هێناوە... ئەم تفەنگە هی باپیرەتە، لەسەر وەسیەتی ئەو دەدرێتە ئەو بوێرەی تۆڵەی خێزانەکەمان دەسێنێتەوە، ڕاوی پێ بکە، ئەگەر ویستت تۆڵەی بنەماڵەکەمانی لە دوژمنان پێ بکەرەوە... دەبا پێکەوە بڕۆین بزانم چۆنی بەکار دێنی...».

بەرەوخوار بۆ ژێر لووتی ئەناوارزا شۆڕبوونەوە، نەوەستان تا گەیشتنە کەناری ڕووباری جەیحان. مستەفا فیشەکێکی خستەبەرکار «هانێ» وای وت «ئەو بەردە سپییە بەنیشان بگرە بزانم دەیپێکی؟» جلوبەرگە نوێیەکەی، پێڵاو و تفەنگە قۆنداغ





سەدەفییەکە دڵی خۆش کردبوون. مامەکانی ڕقیان لە دایکی بوو ئەوەندە ڕقیان لێ بوو حەزیان بەبینینی نەدەکرد، حەسەن چاوەڕێی ڕەفتاری وای لە مامەکانی نەدەکرد... داپیرەی بۆ ناڵێی، حەزی نەدەکرد هەر ناوی بهێنێ...

حەسەن تفەنگەکەی لە مامی وەرگرت، بۆی دانیشت، دەستی لە کارابوو لە نزیک بەردێکی سپییەوە تۆز بەئاسمانا چوو، مامەی پەیتا پەیتا فیشەکی دەدایێ، ئەمیش فیشەکی دەبردە بەرکار و پەنجەی ڕادەکێشا، ئاخرییەکەی نووکی بەردە سپییەکەی پێکا، مامی ڕەزنەکەی کردەوە و بۆ حەسەنی درێژکرد... «بگرە...» وتی «لەمەولا تا دەتوانی و کەی ئارەزووت بوو تەقە بکە، بۆ ئەوەی دەستت ڕابێ... نیشان پێکان بەخۆ ڕاهێنان و تەقە زۆرکردن دەبێ...»

حەسەن کەیفخۆش بوو، بەردەوام تەقەی دەکرد و دوکەڵی لە بەرد و تاوێران هەڵدەساند، چەند خۆش بوو کە بناری ئەناوارزا دەنگی دەدایەوە...

«تا دەتوانی تەقە بکە، دەستت نەترسێنی، وردە فرۆشێکی شاری «قازان»م تەمێ کردووە چەنت فیشەک بوێ بۆتی پەیدا بکات، چ وەختێکیش داوای فیشەکی لێ بکەیت ناڵێ نییە و دەتداتێ، لای ئەویش دەست نەکەوت، بەخۆم بڵێ، هەرچەنێکت پێویست بوو بۆت دێنم، بەڕاوکەرێکی چاک دەبی، زیوەکە و پۆڕ و کەروێشک ڕاو بکە و مامیشت لە بیر نەکەی...».

حەسەن گەلێ کەیفی بەتفەنگ و ڕەزنە نەخشاوەکەی دەهات. بەقەیتان سوورمە چنرابوو، وێنەی گورگ و چەقەڵ، داڵ و خەرتاڵ، ئەسپی بچووک بچووک قەڵەمبازیان دەدا لەسەر ڕەزنەکە چنرابوون، منداڵێکیش هەر لە حەسەن دەچوو بەقەیتان و سوورمە چنرابوو...

ئێوارەبوو گەڕانەوە، کەیفخۆشییەکەی حەسەن لەوە نەبوو، دەستی لە ملی دایکی کرد و باوەشی پێداکرد، ئەو حەسەنە نەبوو کە لە ماڵی داپیرەی گەڕابووەوە، بەرامبەر دایکی هیچی لە بیر نەمابوو، کەیفخۆشییەکەی حەسەن دایکیشی گرتەوە... چەندم پێ خۆشە ئاوا حەسەن و مامەکانی تەبا و ڕێک بن... لە ناخیشەوە دڵی ختوورەی دەکرد. تا دەهات ختوورەکە ئازاری پتر دەبوو، حەسەن ئەم ئازار و خەمەی لە ڕوویا خوێندەوە. بەزەیی پێدا هاتەوە، دووبارە چوو باوەشی پێداکرد و ماچێکی کرد. دایکی ڕووی لە مستەفا نا «فەرموون لەگەڵ ئەم کوڕە ئازایەدا شێو بکەن...».

مستەفا هیچی نەگوت، هەر بەسەر پێیی ڕایگەیاند نایەوێ بمێنێتەوە، هەستا و ڕۆیشت...

لە حەسەنی پرسی: «مامت چی پێ وتی؟»

– «هیچی نەگوت...» حەسەن ئاوا وەڵامی دایکی دایەوە.

– «ئەی داپیرەت... چی وت؟».

حەسەن لە ئاست تەماشاکردنەکەی دایکی سەری دانەواند.

– «هیچی نەگوت...».

ئەو شەوە بەرەزنەکەوە خەوت. سپێدە لەکەڵ گزنگی ڕۆژدا، بەرەو تاوێرەکانی ئەناوارزا تێی تەقاند... ڕزم و کوت لە بەیانی تا ئێوارە لەو بنارە زرمەی تفەنگی دەهات... زۆری نەبرد گەورە و بچووکی ئاوایی زانییان ئەم تەقانە حەسەنە... پانزە ڕۆژێکی پێچوو ئێوارانێ کەروێشکێکی گەورەی هێنایەوە. دایکی جوان جوان کولاندی و مامەکانی بۆ سەر خوانی یەکەم نێچیری حەسەن بانگ کرد... مامەکانی ئامۆژنەکانی هەموویان هاتن تەنها داپیرە نەهات.

دوای چەند ڕۆژێک برایمی مامی جوانوویەکی عەرەبی سێ ساڵی بەدیاری بۆ هێنا، چەند بەتفەنگ و ڕەزنەکە دڵخۆش بوو بەماینەکە دوو ئەوەندە کەیفی پێ هات. لە خۆشی ماینەکوێتدا چەند شەوێ خەو لە چاوی نەکەوت.

لە دوور ئوتومبیلە بارهەڵگرەکان تێدەپەڕین، تەپ و تۆزیان ئەو بنارەی گرتبووەوە و بەدرێژایی ڕێگاکە بەئاسمانەوە مابووەوە. لە مەزراکاندا تراکتۆرەکان گرم و هوڕیان بوو، سەپانەکان لەپێش کەپرەکانیاندا دانیشتبوون قۆزاغەیان دەکێشا، لەقلەق بەملی درێژ و دەنووکی سووریانەوە لەنێو پووش و پەڵاشی زەردهەڵگەڕاوی ئەو ناوەدا چینەیان دەکرد و دەگەڕان، حەسەن بەقەراغ جۆگەلە ئاوەکەدا دەڕۆیشت بەدەم ڕێکردنەوەوە بیری لەگەلێ شت دەکردەوە، لەوانە بوو بیری نەدەکردەوە خەونی دەدیت، سێبەری گەواڵە هەورەکان بە بەرچاویەوە بەسەر تاوێرە مۆرهەڵگەڕاوەکانی ئەناوارزادا دەکەوتن، لەو ئاستەی ئەو جۆگەلە ئاوەکە وات دەزانی ڕێ ناکات، بە کا و وردە پووش توێژاڵی گرتبوو...

حەسەن ملی لێ باریک بۆتەوە، ملی لە ملی پیرێکی کەنەفت دەچێ، لۆچاوی و سیس، ڕەش داگیرساوە، کەوتبووە بارێکەوە لەگەڵ خۆی دەدوا، بەڵکو خەونی دەدی، هەر چەپکی لە باسکێک... وەک یەکێکی کەی دەدوان وابوو... لەوانە خەڵکی ئاوایی بێ، لەوەیە دادای یا زالآ یا مامەکانی بن یاخود ئەلیف بێ بەڵکو... کەسانێک دەدوان ئەمیان بێدەنگ ئەو دەیسەندەوە، تووشی سەرەگێژکێ هاتبوو... تا بۆ ئەستێرەکانیش گوێی ڕادا گوێی لە هەمووان گرت.

عەباس بەدوای «ئەسما»دا هاتبوو، جارێکی کەش هاتەوە، عەباس لە زیندان هەڵاتبوو، «ئەسما» لێی پاڕایەوە، «بڕۆ عەباس... بگەڕێوە بۆ زیندان، تازە هەموو شتێک لە دەست دەرچوو و کۆتایی هات...» عەباس نەڕۆیشت، بەرامبەری یەک وەستان و تەماشای یەکترییان دەکرد. ئەسما گوتی: دەمانبینن... بڕۆ سبەی وەرەوە. عەباس لێیدا و ڕۆیشت، تفەنگێکی ماوزەڕی نوێی بەدەستەوە بوو، زەرد هەڵگەڕابوو





لەناو فیشەکا، ئەسما پێی گوت: خۆت بگەیەنە ئەو شاخانە... عەباس ڕووی لە شاخ کرد. عەباس شێت و شەیدای ئەسما بووبوو. «ئەسما»ش کەسی لە دڵدا نەبوو «عەباس» نەبێ. «عەباس» خۆی گەیاندە ئەو شاخانە ئەسما بەدووی نەکەوت... بۆ بەیانییەکەی «عەباس» هەمدیس هاتەوە، لە سێبەری دارتووەکەدا وەستا، بووە مێخ و لەوێدا چەقی، مانگ هەڵات، ئەسما لە ماڵ وەدەرکەوت خەلیل نووستبوو، خۆی گەیاندێ... بڕۆ عەباس، ئەسما وتی لێرەکانە مەمێنە، تەماشاکە کوڕەکەم وا حەوت ساڵانە، دڵت بەمن بسووتێ و بەزەییت پێما بێتەوە... دەمانکوژن، هەردووکمان دەکوژن. عەباس خۆی تێک نەدا، لەژێر دارتووەکەدا لەبەر تیشکی مانگەشەوەکەدا مایەوە و نە دەڕۆیی نە قسەی دەکرد، تفەنگەکەی بەشانەوە بوو... دەمانکوژن بڕۆ. عەباس بەو بێدەنگییە مایەوە... ئەسما بیستبووی لە حەپسخانە هەڵاتووە.

«ئەسما»یان بە«عەباس» نەدا. عەباس لە سۆنگەی «ئەسما»وە سێ کەسی بەخەستی بریندارکردبوو، دوانیان تووشی ئیفلیجی بوون، ئەوی دیکەیان شەل بوو. «عەباس»یان لە زیندان توندکرد و هەواڵەی زیندانەکانی دیاربەکریان کرد. خەلیلیش مەراقی ئەسما بووبوو، شەوێکیان بەشەش کەسەوە بەزۆری زۆردارەکی لە ماڵی بابییەوە پەلیان گرت و ڕفاندنیان... چوارپەلیان بەستەوە دەیویست توخنی بکەوێ ئەسما خۆی بەدەستەوە نەدا، حەوتوویەک بەو دانودۆیە مایەوە، کە زانیان فایدەی نییە، ئەفیونیان لەناو شەربەتدا دەرخوارد دابوو ئەو کاتە هێشتبووی خەلیل بەمەرامی خۆی بگات، ئەسما کە هۆشی بەبەرا دێتەوە دەرک بەهەموو شتێک دەکات، سەری هاتەگێژ، ڕشایەوە، بێزی لە خۆی هاتەوە، بەو خەڵت و خوێنەوە خەلیل بۆ ماڵی خۆیانی هێنا، دەستوبرد مەلایەکی هێنا مارەی بڕی، دوایش بۆ شاری برد و لە دادگاش مارەی بڕی... دوکتۆریشی بردبووە سەر چارەی خوێن بەربوونەکەی کردبوو... ئەسما ساڵێکی ڕەبەق نە لەگەڵ خەلیل نە لەگەڵ گونددا قسەی نەکرد و زوانی لە زوانیان نەچەرخا. سێ جاریش بەشەو بەدزییەوە لەماڵ دەرچوو هەڵات، هەموو جارێکیش خەلیل بەدوای دەکەوت دەیگێڕایەوە. دایکی وتبووی: خەلیل ئەم سۆزانییە دادی تۆ نادات و خێری بۆ تۆ نابێت، دەستی لێ هەڵگرە با بۆ ماڵەبابی بڕواتەوە، ئەمە، ئەم سوورتکە بەڵایەکت بەسەر دێنێ... خەلیل پێکەنینی بەقسەکانی دایکی دەهات... دایکی دەیگوت خۆشەویستی بەزۆر نابێ بەگوێی دایکت بکە، ئەوەی زیندانی کراوە لە سۆنگەی ئەمەوە بوو...

ئاخرییەکەی لە کەلی شەیتان دابەزی و هاتە گفت، وا دیار بوو هەموو شتێکی لەبیر چووبووەوە، وەک نەبای دیبێ و نەباران وای نیشان دەدا هەر وەک ئەو نەبووبێ ساڵێکی ڕەبەق لەگەڵ کەسدا قسەی نەدەکرد و لەنێو نوێنی ژن و میردایەتیدا سڕوسارد

و بێ گیان بوو. هەر کە منداڵێکی بوو بەجارێ گۆڕا... لە کۆرپەکەی بەولاوە کەسی لە بیر نەما... لەو زیاتر لەم دونیایەدا کەسی نەدەدی... وا پێدەکەنێت، کار و فرمان ڕادەپەڕێنێ، ئاواییش هەموو خۆشیان ویست، دەستی یارمەتی بۆ هەموو کەسێ درێژ دەکرد، نەخۆشی بەسەر دەکردەوە، یەکێ ئاتاج بووایە پێویستییەکی هەبایە «ئەسما»ت لەکن ئەو دەبینی.

منداڵەکە خڕیلە بوو... تویلەک بوو.

ئا لەم کاتەدا بوو عەباس هات. لەتاو ئەسمادا لە زیندان هەڵاتبوو، بەهۆی ئەو خۆشەویستییەوە هەموو کەسێ عەباسی دەناسی و ناوبانگی دەرکردبوو، کەس نەمابوو سەرگوزشتەی ئەو عیشقەی ئەسما و عەباسی پێ نەزانیبێ، بەسەر زارانەوە بوو و بووبووە داستان و خەڵکی ئەناوارزا دەیانگێڕایەوە... گەلێ بەیت و گۆرانیان پێدا هەڵدابوو، بگرە لەم گوندەشدا ئەو بەیت و سترانانە دەوترانەوە. ئەسما وتی: بڕۆ عەباس هیزە بڕۆ، ئەگەر منت خۆشدەوێ، بەڕاستی خۆشت دەوێم بڕۆ جارێکی کە نەیەیتەوە. عەباس تا بەیانی لەژێر دارتووەکەدا ڕاوەستا، «ئەسما»ش بەرامبەری گرت، کە خۆر گزنگی دا لێیدا و ڕۆیشت، ڕووی لە چیاکانی ئەناوارزا کرد، ئەسما چاوی لێ نەترووکاند تا لە چاو ون بوو... عەباس تا مانگێک نەهاتەوە و دیار نەما. ئەسما هەموو شەوێ تا بەیانی چاوەڕێی دەکرد، تاسووقی عەباسی دەکرد و عەباس دیارنەبوو، بەیانییەکیان خۆر گزنگی دابوو و نەدابوو ئەسما دڵی داخورپا بەپەلەپرووزێ لە پێپلیکانەکاندا هاتە خوارەوە... عەباس تۆ خۆت بگەیەنە ئەناوارزا و لەوێ چاوەڕوان بە دێم دەتبینمەوە، عەباس بێ ئەوەی شتێ بێژێ گەڕایەوە، ئەسما چاوی لێ نەترووکاند تا لە چاو ونبوو... کە خۆر هەڵهات توێشەبەرەی لە پریاسکەیەک ناو لە پشتی بەست و بەرەو تاوێرەکان بەڕێکەوت، کاتێ لە دێ دەرچوو هیچ کەسێک نەیبینی... بەم جۆرە یەک دوو مانگ هاتوچۆی ئەو ئەشکەوتەی دەکرد کە عەباس خۆی تیا شاردبووەوە... جارێکیان خەلیل بەدوای دەکەوێ بەڵام لە ئەشکەوتەکە نایان بینێ. تومەز عەباس خەلیل دەبینێ، ویستی تەقەی لێ بکات، ئەسما خۆی بەسەر دەستیدا دابوو و نەیهێشتبوو. ڕۆژێکی کەش جەندرمە ئابلۆقەی ئەناوارزای دا، شەو و ڕۆژێک لەگەڵ ئەو هەموو جەندرمانەدا بەرەنگاری کرد و بەشەڕهات. لە دواییدا ئاخرییەکەی دەستگیریان کرد، کەلەبچەیان لە دەستی ناو بردیان، لە ڕێگادا هێوری کردبوونەوە و لە دەستیان هەڵاتبوو، دووبارە گەڕابۆوە ئەناوارزا. ئەسما، دەیزانی لەوێدایە... چاوەڕوان بوو... عەباس هەمدیس هاتەوە ژێر دارتووەکە بۆ خۆی لەوێدا وەستا... حەسەنیش لە جارێ زیاتر بینیبووی. ئەسما خۆی گەیاندێ و باوەشیان بەیەکا کرد... جارێکیان لەنێو تاوێرەکانی ئەناوارزادا تەقە دەستی پێکرد، لەو پێکدادانەدا دوو جەندرمە پێکران،





«خەلیل»یش زامداربوو، پزیشکێکی کورد زامەکەی بۆ تیمارکرد، کابرایەکی چاوڕەشی ڕوومەت درێژکۆڵە بوو، لەسەر یەکە ئاوای دەگوت: دەبێ، کاری وا دەبێ و هەر ڕوو دەدات... شەوێکی کەش، پێش بانگی شێوان تەقەیەک کرا، خەلیل و ئەسما و حەسەن لەسەر خوان بوون، شێویان دەکرد، تیشکێک پەنجەرەکەی ڕووناک کردەوە و کوژایەوە. زرمەی تەقەیەک بێدەنگییەکەی شڵەقاند و بەدوایا هاوارێک بیسترا، ژوورەکە پڕ لە دوکەڵ بوو، خەلیل لەسەر دەم کەوت و سەری کەوتە سەر خوانەکە خوێن ڕێچکەی بەست، بۆنی barووت ئەو ناوەی گرتەوە. دواجار لاشەکەی «عەباس»یان لە ئاناوارزاوە هێنا... دواجار... لاشەکەی «عەباس»یان لە دەرەوەی دێ فڕێدا، تاکو ببێتە خۆراکی سەگ. لاشەکەی «عەباس» سەگ نەیخوارد... شەوێکیان «ئەسما» و یەکێکی کە لە جواڵیان نابوو بەشانیاندا دابوو، لێی نەوەستابوون تا گەیاندبوویانە سەر ترۆپکی ئەناوارزا، تا دەمەوبەیان گۆڕێکیان بۆ هەڵکەندبوو و ناشتبوویان... هەموو کەسێ بەم کەین و بەینەی زانی...

لەو گوندە بووە ڕۆژی حەشر، مستەفا «ئەسما»ی بەگیرهێنا... سۆزانی براکەمت بەکوشت دا... بەکوشتت دا. دەیقیڕان لە کەللەی سەر هاواری دەکرد... ناهێڵم بژی، دوێنێ لاشەی ئەو سەگەت بۆ کوێ برد؟ لە کوێندەرت شاردەوە؟ لاشەکەیمان دەدەیتەوە دەست یان گیانت دەربێنم... «ئەسما» هیچی نەدەگوت.

ئاوایی هەموو بەیەک دەم هاواریان دەکرد، ژن و پیاو، زارۆک و پیر، چییان بەدەما هاتبا بە«ئەسما»یان دەگوت.

دانیشتوانی دێکە، بەتایبەتی مامەکانی، لە هەمووشیان بەپەرۆشتر داپیرە، بۆ چەند ڕۆژێک ئەناوارزایان خوار و ژوور کرد، بێ هوودە بست بەبستیان پشکنی، نەگۆڕەکەیان دۆزییەوە نە پارچەیەک لەلاشەکەیان بینی. ئەسما خۆی لێ بێدەنگ کردبوو.

سەگێک بستێ زبانی سووری دەرهێنابوو هات و لە تەنیشتی داپیرەوە وەستا. جۆگەلە ئاوەکەی تەنیشتیان تۆز و وردە پووش و گەڵا بووبوونە توێژاڵێک بەسەریەوە، ئاوەکە وەک ڕێی تەکات وابوو، سەگەکە ڕوومەتی چین چین نیشتبووە سەر یەک، بەتەنیشتییەوە پاڵی دایەوە.

لە دوای کوشتنی کوڕەکەیەوە سەرپۆشی دەدا لەژێر سەرپۆشە ڕەشەکەیەوە قژە لە خەنە گرتووەکەی ئاڵۆزابوو سوور دەیڕوانی، گاڕامێکی بەدەستەوە بوو. لە دوورەوە چیای «دوڵدول» تەمێکی مسینی دەردەدا، دەوروبەرەکە بۆنێکی کەسکوونی هەبوو، بەرد و تاوێرەکانی ئەناوارزا داخ بووبوون، لەولاوە ئاوی ڕووبارەکە لە ناو تەم و بووغێکی زیویندا هەڵۆرکەی دەکرد. لە دوورەوە قەڵەمبازی دەدا و شەپۆلانی بوو، کە قسەی دەکرد

حەسەن تەماشای نەدەکرد و بەری بەلاوە نەکرد، بێ تەماشاکردنی تاکە ددانێکی ڕەش بووەوەی زەردهەڵگەڕاوی لە پێش چاوابوو. پشتێنێکی ئاوریشمینی بەستبووە تەنگی باریکیەوە، ڕەش داگیرسابوو، ڕیشۆڵەی پشتێنەکەی سوور و کەسک و شینە، دەکەوتنە سەر ئەژنۆی، هەر لە کچێنییەوە. ئەم جۆرە پشتێنانەی دەبەست، لە دوای کوشتنی کوڕەکەیەوە ڕەشپۆشە، بەڵام ئەم پشتوێنەی دانەکەند و تا ئەو ڕۆژەی سەردەنێتەوە دەستی لێ هەڵناگرێت، ڕەنگە وەسیەت بکات لە مردنیشیا لە پشتی نەکەنەوە... ئەمە ماوەیەکی زۆرە بەرد و تاوێر و ئەشکەوتی ئەناوارزا دەپشکنێ، بۆ لاشەکەی عەباس دەگەڕێ کە بووکە سۆزانییەکەی شاردبوویەوە... دەیدۆزێتەوە، دەیدۆزێتەوە و لەبەر سەگیشی دەنێ... دەیبینێتەوە و دەرخواردی باڵندە و داڵی دەدا، ئەی لە پای چی ئەم ئەم هەموو پارە و پوولە بەسەر کوڕوکاشا دابەش دەکات، ئەوەندەت زانی دۆزرایەوە... ئا ئێستا ها نەختێکی کە دۆزرایەوە، ئومێدی گەورەیان هەبوو چ داپیرە چ ئەسمایە بەهیواوە دەژین و ڕۆژگاریان بەسەر دەبرد... کوڕەکانی پیاو نەبوون تاکو... «... ئا شێرە ئاساکەم، بەڵێ ئازا و بوێرەکەم... حەسەن گوێت لێبێ، لەم بناری چقور ئاوایە ئازایەکی وەک باوکت ئاسا نابینی و نییە. دەبا باوکت نەکوژرابا لە بری ئەو مستەفا بوایە، برایم بکوژرایە باوکت بمایە... خەلیل... خەلیلە جوامێرەکەم، جا ئەو کاتە بەچاوی خۆتت دەدی، نەکو ئافرەتێک، بنەو ڕەچەڵەکی ئاوایی ئەو ئافرەتەشی لە ڕیشە دەردەهێنا و گسکی بەشوێنەواریانا دەدا... مامەکانی تۆش خۆیان لە ڕیزی پیاوان دادەنێن؟ گەر پیاو بوونایە هەر ئەو ڕۆژەی باوکتیان کوشت لە قژی دەگرت، دەیهێنایە سەر گۆڕەکەی خەلیل، بەگوێزانێکی تیژ قوریچکەیان دەبڕییەوە لاشەکەی لەلایەک و سەریان لەلایەک فڕێ دەدا، ئێستا ئاوا بەبەرچاومەوە نەدەگەڕا... دەبا باوکت بمایە و ئەم سۆزانییە وای بکردایە... لاشەی لەبەر سەگ دەنا دەرخواردی داڵی دەدا... حەسەن، یەکێکی کەی وەکو باوکت نە بووە و نە دەبێ... لە هەڵۆکانی ئەناوارزا دەچوو... مامەکانت پیاون؟، وەجاخیان کوێرەوەبێ... ئاخ تۆ گەورە بوایەیت و دەستت تفەنگی بگرتایە، ئەو سۆزانییەت...، تۆ... تۆ کوڕەکەی خەلیل تۆ خەلیل، خەلیل نەبوو، شەهێنی «بێن بۆغەیی»بوو... لە شەهێنی چیای دوڵدوڵ دەچوو، بازی ئەڵەداغ بوو... ئاخ و داخ خەلیل...».

حەسەن بێ ئەوەی تەماشای شوێنێکی دیاری بکات، بێ ئەوەی هیچ شتێک لە ڕوومەتیا ئاشکرابێ، کشومات گوێی بۆ ڕادابوو، جا تەماشای خوارەوەی دەکرد و چاوەکانی پڕ بووبوون... پەپوولەیەکی گەورەی ڕەش و شین بەقەد باڵندەیەک بۆ ئاوەکە شۆڕبووەوە، لە پڕێکا بەرزەفڕ گەڕایەوە، حەسەن چاوی تێ بڕیبوو، بەرز دەبووەوە، نزم دەبووەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو زۆرەوە بوون، بەسەر ئاوەکەدا فڕین بۆ ناو ژاژەڵانییەک





کە گولیلکە شینکەی لێ ڕوابوو ژاژەڵانییەکە تا دەهات شینایییەکەی تۆختر دەبوو، پەپوولە زلە شینەکان بڕبڕ پەیدا دەبوون و لەنێو ژاژەکاندا، دەنیشتنەوە، زۆری نەبرد ژاژەڵانییەکە شین هەڵگەڕا، دەتگوت بەدەس چنراوە... ڕەش، شینێکی نەخشاو، شینێکی تۆخ.

داپیرە دەگریا، بەدەم لاواندنەوە هەستایە پێ... خەلیلەکەم سالارەکەم... باوانەکەم... کوڕەکەت ئازایە، بەڵام هێشتا ماویەتی، منداڵە... با پێبگات... ئەوەی تۆی بەکوشت دا وا بەسەر ماڵەکەتەوەیە، لە دیوەخانەکەتا دادەنیشێ... بەسەر حاڵ و ماڵی تۆدا کەوتووە، پێ بەگۆڕتا دەنێت... من دایکم، دایک، چۆن ئۆقرە بگرم و، سوکناکم بێ، ئۆقرەم پێ ناگیرێ... ڕووە و ئەناوارزا بەڕێکەوت، بەرد و تاوێری ئەناوارزا لاواندنەوەکەیان بۆ دەسەندەوە، لەسەر تاوێرێک دانیشت، خۆر چووبووە زەردە، بەدەنگێکی جۆش و خرۆش و خەماوییەوە دەستی بەلاواندنەوە کرد، حەسەن شتێک قوڕگی گرتبوو... داپیرە کپ نەدەبوو، ئەوەی تۆی کوشت وا خەریکە شوو دەکات، وا بەتەمایە لە باخەڵ هیچ و پووچێک بخزێ... کەسێ شک نابەم تۆڵەی تۆم بۆ بسێنێ، ئەم کوڕەزایەم نەبێ، ئەویش کوڕەکەی تۆیە و هێشتا منداڵە، منداڵ نەبوایە لێ نەدەگەڕا کابرایەکی نەناس بچێتە نێو نوێنی تۆوە، بەڵێ پیاوێکی کە دەچێتە باخەڵی ئەوەی خۆشت دەویست، پێ بەخوێنە ڕژاوەکەتدا دەنێ... خەلیلەکەم براکانت پیاو دەرنەچوون، ژنێکیان پێ نەکوژرا، خەلیل خەلیـ یـ ل. کوڕەکەت تفەنگێکی مشتو سەدەفی بەشانەوەیە، کوڕەکەت ماینێکی عەرەبی ڕەسەنی لە ژێردایە، خنجێری زیوینی بەقەداکردووە... موخابن... حەیف... هێشتا منداڵە، جارێ تفەنگەکەی بۆ هەڵناگیرێ. ئەو بەسزمانە مێروویەکی خواسایی بۆ ناکوژرێ چ جای ئافرەتێکی گەورە... هاوارەکەی دەنگی دەدایەوە و ئەو دەشت و دەرەش بۆیان دەسەندەوە. گریان و لاواندنەوەکەی تا خوار پێدەشتەکە دەڕۆیی و تاوێرەکانیش دەیان سەندەوە.

کە شەو داهات گەڕایەوە ماڵەوە، دایکی خواردنی لەبەر دانا، دەستی بۆ نەبرد، دواندی وەڵامی نەدایەوە، دەمی چووبووە کلیلە، ئەو شەوەش تا بەیانی چاوی لێک نەنا و ڕووی لە دایکی وەردەچەرخان. دایکی لێی کەوتە گومانەوە، دەیخوراند، تا نهێنییەکی پێ ئاشکرا بکات، لە ئامێزی دەگرت، ماچی دەکرد.

ئەسما و مستەفا ڕۆژێکیان پێکەوە وەستابوون قسانیان دەکرد ئەم گوێی هەڵخست، بەوەیان نەئەزانی ئەم گوێی لێیانە «... خوشکێ، تۆ هیچ گوناحێکت نییە...» مستەفا وای پێ دەگوت...» سەرەڕای ئەمەش بیکە بەڕەزای خوا لێرە مەمێنە و بڕۆ، خوشکم دەتکوژن ها... لە سەرنی ئەوەی گوتوومە من ناتکوژم دایکم قسەم لەگەڵدا ناکات، برایمیش دەیەوێ بتکوژێ، بەڵام لە من سڵ دەکاتەوە، تا لەم ماڵەدابی دایکم دەستت

له‌یه‌خه‌ ناکاته‌وه‌ برۆ و لێره‌ مه‌مێنه‌، له‌ موڵک و ماڵم به‌ڵادا قورم پێوه‌دا وا قوڕی پێوه‌درا... وا پێت ده‌ڵێم ها خوێن ده‌ڕژێ. من هیچم به‌ده‌ست نییه‌... دانیشتوانی گوند، سه‌رتۆپی بناری ئه‌ناوارزا خوێنی خه‌لیلیان له‌ ئه‌ستۆ ناوی، گه‌ر لێره‌ بمێنیته‌وه‌ له‌وانه‌یه‌ خۆم بتکوژم... لێره‌ مه‌مێنه‌، خۆت قورتارکه‌، ده‌با جارێکی که‌ش له‌م ماڵه‌دا خوێن نه‌ڕژێت... ئێمه‌ش خۆمان پێ ناگیرڕێت... من نه‌تکوژم کوڕه‌کانم ده‌تکوژن... من ده‌ستم لێت نه‌چێ، برایم ده‌تکوژێ، خاڵوانم خاڵوزاکانم ده‌تکوژن... هه‌ر که‌س نه‌بوو بتکوژێ، کوڕه‌که‌ی خۆت ده‌تکوژێت...».

ئه‌سما به‌بێ ده‌ربه‌ستییه‌که‌وه‌ وه‌رامی دایه‌وه‌:

«باشه‌ ده‌ڕۆم کوڕه‌که‌م بده‌نێ. ماڵ، موڵک مه‌زرا هه‌رچی هه‌یه‌ و نییه‌ بۆ ئێوه‌ بێت ته‌نها کوڕه‌که‌م له‌گه‌ڵ خۆدا ده‌به‌م... ده‌ڕۆمه‌وه‌ ماڵی باوکم هیچم ناوێ له‌ حه‌سه‌ن به‌ولاوه‌...»

«ئه‌مه‌یان نابێ» مسته‌فا وای وت «نابێ حه‌سه‌ن ببه‌یت...»

«منیش ناڕۆم، بێ کوڕه‌که‌م لێره‌ ناجوولێمه‌وه‌... ناچم به‌جێی ناهێڵم».

«نابێ حه‌سه‌ن ببه‌یت، ئه‌ڕۆی به‌ته‌نیا بڕۆ، حه‌سه‌ن به‌تۆ ناده‌ین، منیش به‌زه‌ییم پێتادێته‌وه‌، تۆ گوناهت نییه‌، به‌ڵام ده‌تکوژن... زۆریش نابات...».

ئه‌سما به‌توندی وه‌ڵامی دایه‌وه‌:

«به‌بێ حه‌سه‌ن ناڕۆم... ناڕۆم...»

«لێت ئاشکرایه‌ ده‌تکوژن هێشتا گه‌نج و جحێڵ و جوانی، حه‌یفه‌»

«ناڕۆم، کوڕه‌که‌م له‌ته‌کدا نه‌بێ له‌م ماڵه‌ ناچمه‌ ده‌ره‌وه‌... منێک له‌ حه‌سه‌ن به‌ولاوه‌ که‌سێ شک نه‌به‌م چۆن بڕۆم؟».

«با پێت بڵێم، ئه‌جه‌لت هاتووه‌... له‌ سونگه‌ی تۆوه‌ ڕوومان نایه‌ بچینه‌ نێو خه‌ڵکی... کوشتنی تۆ ئاو خوارده‌نه‌وه‌یه‌. تۆ خه‌لیلت به‌کوشت دا تۆ... تا تۆ نه‌کوژرێی چاومان له‌ ئاستی که‌س هه‌ڵنایه‌... سه‌گیش بێزی نایه‌ت ته‌ماشامان بکات...».

«گه‌ورم ده‌ست و پێتان ڕاده‌موسم، بێ حه‌سه‌ن بۆ هیچ لایه‌ک ناچم... بشمرم به‌ڵای حه‌سه‌نه‌وه‌ با بمرم، مردنم گه‌لێ به‌لاوه‌ خۆشتره‌ له‌وه‌ی حه‌سه‌نم له‌ته‌ک نه‌بێ...».

مسته‌فا هه‌ستایه‌ پێ... ئه‌مه‌ ناوشانێتی که‌ته‌ و قۆز، ده‌موچاو پان، چاوی کاسه‌یه‌ک خوێن بوو... حه‌سه‌ن لێی ترسا... ئاغر و له‌ سه‌رخۆ هه‌نگاوی ده‌نا، له‌ تاریکاییه‌که‌دا ئه‌وه‌نده‌ی که‌ که‌ته‌ و زل ده‌هاته‌ به‌رچاو... ده‌یزانی دایکی هه‌ر ده‌کوژن... مسته‌فای مامی هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ خۆشده‌ویست ده‌یویست دایکی قورتار کات... دوای ئه‌م که‌ینوبه‌ینه‌، له‌ ماڵ و ئاواییش بێده‌نگییه‌ک په‌یدابوو... نه‌ داپیره‌، نه‌ دانشتوانی دێ، تا زالا، که‌س، ناوی دایکیان نه‌ده‌هێنا، له‌وه‌ته‌ی باوکی کوژرا بوو ئاوا ده‌ستیان له‌یه‌خه‌ی دایکی





نه‌کردبووه‌وه‌.

بێده‌نگییه‌که‌ ده‌ ڕۆژێک درێژه‌ی کێشا، دایکی تا به‌ره‌به‌یان چاوی لێک نه‌ده‌نا، دڵه‌ ڕاوکێی بوو، داده‌چه‌ڵه‌کا، له‌ حه‌وشه‌دا به‌ترس و گومانه‌وه‌ ده‌هات و ده‌چوو، ترس ببووه‌ خۆراک و خه‌وی... شه‌وبوو، به‌پێله‌قه‌ ده‌رگایان کرده‌وه‌. سێ که‌س له‌ سێ شوێنه‌وه‌ به‌گولله‌ ژووره‌که‌یان به‌گولله‌ دابێژی، دایکی له‌و کاته‌دا له‌ ژووره‌که‌دا نه‌بوو، یه‌کێک به‌لایتێکی ده‌ستی ژووره‌که‌ی تاقی ده‌کرده‌وه‌، پێخه‌فه‌کان به‌ده‌م گولله‌وه‌ بوونه‌ ڕووی سه‌رڕه‌ند، حه‌سه‌ن خۆی ته‌پاندبووه‌ قوژبنێکه‌وه‌ هه‌ناسه‌ی له‌ خۆ بڕیبوو... یه‌کێکیان حه‌سه‌نی بینی، پێله‌قه‌یێکی پیاکێشا به‌ده‌م پێله‌قه‌ وه‌شاندنه‌وه‌ ده‌یگوت: «ئه‌گه‌ر خوێڕی نه‌بی لای قه‌حپه‌یه‌کی وا، که‌ باوکتی به‌کوشت دا نامێنییته‌وه‌...» ئه‌مجاره‌ش تا هێزی تێدابوو له‌قه‌یه‌کی به‌شانیا کێشا، لێی نه‌وه‌ستاوه‌ یه‌کێکی که‌ی پێدا سراوان و لێی پرسی:

«دایکه‌ قه‌حپه‌که‌ت بۆ کوێ ڕایکردووه‌...»

حه‌سه‌ن وه‌رامی نه‌دایه‌وه‌.

«به‌باڵی مه‌لدا بفڕێ، بچێته‌ کونی ماره‌وه‌، دایکه‌ قه‌حپه‌که‌ت هه‌ر ده‌بێ بکوژرێ، ئه‌مڕۆش نه‌یدۆزمه‌وه‌ سبه‌ی هه‌ر چنگم ده‌که‌وێت، هه‌ر که‌ بینیشمه‌وه‌ تیکه‌ تیکه‌ی ده‌که‌م، ده‌ست له‌ خوێنی جوامێرێکی وه‌کو خه‌لیل هه‌ڵناگرم... تا ئه‌م بمێنێ ئه‌و له‌ گۆڕدا ئارامی نابێ...»

حه‌سه‌ن ده‌نگی نه‌کرد به‌ڵام ناسینی، ده‌شیزانی، له‌ کوێوه‌ هاتوون، ئه‌و خزمه‌ چیانشینانه‌ی داپیره‌ی بوون، برا و برازاکانی بوون، ئه‌وانه‌ پیاو کوشتن و ئاو خوارده‌نه‌وه‌یان له‌لا یه‌کێ بوو.

کون و قوژبنیان پشکنی، «ئه‌سما»یان نه‌دۆزییه‌وه‌، سه‌ر و له‌قه‌یه‌کی که‌یان به‌حه‌سه‌نا کێشا:

«ئه‌مه‌ش بنیاده‌مه‌...» وایان پێ گوت: «که‌ له‌گه‌ڵ ئافره‌تێکدا بژی باوکی کوشتبێ ئه‌م بنه‌چه‌یه‌ له‌ بنه‌چه‌ی به‌راز که‌متره‌...» وایان گوت و بۆی ده‌رچوون.

هێشتا تریه‌ی پێیان ده‌هات، «ئه‌سما» به‌پێدزه‌ له‌ ماڵ وه‌ده‌رکه‌وت و خۆی گه‌یانده‌ مه‌رکه‌ز... ورد و باریک به‌سه‌رهاته‌که‌ی بۆ گێڕابوونه‌وه‌.

که‌ ڕۆژ بووه‌وه‌، ده‌ پانزه‌ جه‌ندرمه‌یه‌ک هاتن، که‌سیان نه‌دۆزییه‌وه‌. به‌مه‌شه‌وه‌ نه‌وه‌ستا دادگاش ئاگادار بووه‌وه‌، ئه‌سما ئه‌رز و حاڵێکی به‌دادگا دابوو... «ماڵی خه‌زوورم ده‌یانه‌وێ بمکوژن، شتێکم به‌سه‌ربێ خوێنم له‌ ئه‌ستۆی ئه‌واندایه‌ ده‌بێ بزانن ئه‌و که‌سه‌ش (عه‌لی)یه‌...»

ئه‌رز و حاڵ نووسینه‌که‌ی له‌ ئاوایی و بناری ئه‌ناوارزا ده‌نگی دایه‌وه‌.

داپیرە: «دەبێ بکوژرێت، بچێتە نێو سندووقی ئاسنینەوەش پێش مردنم دەبێ بکوژرێت...»

«ئەسما» دەیزانی ئەمڕۆ بێ سبەی بێ هەر دەیکوژن. شەوان تاکو بەیانی لە ترسانا خەوی لێ نەدەکەوت. لەم ماوەیەدا بێ ئەوەی کەسێک پێی بحەسێ مستەفا شەو درەنگ دەهاتە کن ئەسما، لێی دەپاڕایەوە، دەیگوت... دەستمان بەخوێنا مەکە، ئەوەند لەم دێیەدا خوێن ڕژا گەیشتە بیناقاقامان دەبا بەس بێ... بڕۆ خوشکێ بڕۆ، چی دەبێ گەر بڕۆی و دەستمان بەخوێنا نەکەی، تاکو تۆ ماوی ئێمە خۆمان بەمردوو دەزانین... بە بەرچاومانەوە براکەمانت بەدۆستەکەت بەکوشت دا... بڕۆ...

«بمکوژن» ئەسما وای دەگوت و دەمە دەمەی لە گەڵا دەکرد، «من بێ ئەو کوڕەمە ئێرە بەجێ ناهێڵم...»

«کەس ئەو کوڕە بەتۆ نادات» مستەفا پێی دەوت «دەبێ بەتەنیا بڕۆی...».

ئەسما یەکی بەدوو نەدەکرد و تادەهات زیاتر پێی دادەگرت دەیگوت... ناڕۆم.

شەوێکیان وەک شەوانی لەمەوبەری لەسەر نوێنی نووستندا قژی دەکردە شانە، لە پڕ دەستی وشک بوو، شانەکە لە تۆی قژیدا مایەوە، بۆ حەسەنی ڕوانی، «حەسەن»یش چاوی لێ بڕی، تەماشاکانیان یەکانگیر بوو... داپەڕی، چووە لای سندووقەکەیەوە، کردییەوە. حەسەنیش لەگەڵ دایکیا خۆی گۆڕی، تفەنگەکەی بەدەستەوە گرت. کە سندووقەکەی کردەوە بۆنی سێوی لێ دەهات. دایکی بەپەلەپرووزێ ئەوەی لە سندووقەکە دەردەهێنا لە بوخچەی دەنا. کەوتنە ڕێ...

ئەو شەوە تا بەیانی بەڕێوەبوون، «بۆز قویو»یان تێپەڕاندبوو، بگەیشتبانە دڕگەلانییەکە ئیشیان کۆک دەبوو، لە لێرەوارەکەدا خۆیان دەشاردەوە ئیتر نەیاندەبینینەوە. دەوروبەری «بۆز قویو» ڕووتەڵانییە لە نێوەڕاستی دەشتاییەکی سینی ئاسادا بوون، لە دواوە چەند ئەسپ سوارێک بەتەپ و تۆز دەرکەوتن خزانە دۆڵێکەوە و لەنێو زەلەکاندا خۆیان ماتدا... ئەسپ سوارەکان هاتنە بان سەریان لەناو زەلەکاندا هێنانیانە دەرەوە، مستەفا لەناو ئەسپ سوارەکاندا بوو، لە باڵی حەسەنی نەوی و هاوێشتییە پشتەوەی خۆی... حەسەن هیچی نەگوت... مستەفا ڕووی لە ئەسما کرد... «دەتۆ ئێستا خوات لەگەڵ بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ...».

جڵەوی ئەسپەکانیان وەرچەرخاند، لاتەرافی ئەسپەکانیان وەبەر قامچی دا و تێیان تەقان...

حەسەن کەنەفت و ماندوو بوو، گەیشتنە جێ و نەگەیشتن خەوی لێکەوت، بەسەر ئەسپەکەشەوە هەر خەوە کوتکێی بوو، کە دابەزی پێی بەیەکدا دەهات. کاتێکیش بەپەیژەکاندا بەرەو دیوەخانەکە سەردەکەوت بەدەما کەوت، کەوت و هەڵنەسایەوە، لەبن





ئەستوونەکە ئەو خەوەی خەوت بۆ بەیانییەکەی هەستا، بەو بەیانییە زووەش داپیرەی بەدەنگە زۆڵاڵەکەی دەیلاواندەوە و دوعای لە ئەسما دەکرد...

حەسەن گوێی لێبوو یەکێ وای دەوت «کە حەسەنیان گلدایەوە ئەویش گەڕایەوە دواوە، هەر کە گوێی لەوە بوو ڕاچەنی، چاوەڕێی هیچی نەکرد، بەڕاکردن گەڕایەوە ماڵی خۆیان، ماڵەکەیان هەر بەتەنیشتی دیوەخانەکەوە بوو، ئەسما کە چاوی بە حەسەن کەوت، گەشایەوە، لە ئامێزی گرت، ئەمجارەش حەسەن تەماشای دایکی نەکرد.

داپیرە هەر نەی بڕیبووەوە دەگریا و دوعای لە ئەسما دەکرد.

دوای ئەم ڕووداوەش جارێکی کە گوند قڕوکپی لێکرد و کەم و زۆر ئەسما ناوی نەما... گەورە و بچووکی دێ لەگەڵ ئەسمادا قسەیان نەدەکرد، کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە و نەیان دەویست ناوی بهێنن، وەک یەکێک نەبووبێ لە ئاواییدا بەم ناوەوە...

بەتەنها حەسەن ناوی لە ناوانا بوو، بۆ کوێ بڕوایە، چی بکردایە، ڕووی لە کوێ دەکرد، داپیرەی لە پێشدا قوت دەبووەوە... هەمان گریان و لاواندنەوە و بەهەمان خۆشەویستییەوە، بەدوعا لە ئەسما کردن پێشوازی لێدەکرد، هەروەها خەڵکی ئاوایی زارۆک، کەنەفت و بەساڵاچوو، لاو و هەرزەکار، لە هەموو شوێنێکدا وەخت و ناوەخت باس باسی ئەو و باوکی و خوێنی باوکی و بەکوشتدانی لەلایەن دایکییەوە و داپیرە جەرگ سووتاوەکەیان لەدەم نەدەکەوت.

گوند لە شیرین خەودابوو، کپ و خامۆش، کەڵەبابێک سێ جاری قووقان و ئەویش بێدەنگ بوو، سەگێک وەک هار بێ وەستاندن دەیلووران... ئەسما لە لوورەی سەگ دەسڵەمییەوە و دەترسا، هەر کە گوێی لە لوورەی سەگێک دەبوو مووی لەشی دەبووە سنگ و ویردی دەخوێند.

حەسەن لەو تاریکییەدا لەگەڵ دایکیدا کەوتە قسە، لە تاریکی ژوورەکەدا نەک خۆی تارماییەکەشی نەدەدی، گەر تارماییەکەشی ببینایە قسەی نەدەکرد...

«ئەمشەویش بۆی دەردەچین، ئەمجارە ئەو ڕێگایە ناگرین کە جاری پێشوو پیاڕۆیشتین... بۆ هەر کوێ بڕۆین دەماندۆزنەوە و، دەماندۆزنەوە و دەمانگێڕنەوە... خۆم لەنێو قامیشەڵانێکدا دەشارمەوە، بشتبینن منت لەگەڵدا نەبێ لاقەت ناکەن، کە ئەوان ڕۆیشتن دواجام پێتا دەگەم. ئەو دەمە کوێمان بوێت دەڕۆین... باشە؟.

دایکی وتی «باشە».

بوخچە و موخچەی پێش کات ئامادەکردبوو، هەڵیگرت و بەڕێکەوتن، خۆر دەرچوو و دەرنەچوو، لە دوایانەوە خرمەی ناڵی ئەسپیان هاتە گوێ، ئاوڕیان دایەوە سەرنجیان دا، پێنج سوار بەرەو لایان دەهاتن، حەسەن دەسبەجێ هاوارێکی کرد و خۆی خزانە نێو کومەڵتەیە قەلەچارییەوە و لەچاو ون بوو.

«تۆ بڕۆ...» بەدایکی وت «کە تۆیان بەرەڵڵا کرد، لەدواتەوە بەڕاکردن دێم و پێتا دەگەم...»

دایکی ڕۆیشت...

ئەوەندەی نەخایاند ئەسپ سوارەکان گەیشتن... مستەفا هاتە دەنگ:

«حەسەن کوانێ...» بەتووڕەییەوە لێی پرسی... «دەستم بەخوێنا مەکە کوانێ حەسەن؟»

«حەسەن لە ماڵەوە بە جێما... من لەماڵ هاتمە دەرێ بەسزمانە نووستبوو، دڵم نەیهێنا لە خەوەکەی بکەم...»

«نەخێر...» مستەفا قیڕانی... «درۆیە... درۆیە... خەڵکی ئاوایی هەردووکتانی پێکەوە بینیون...»

ئەسما وتی: «خەوتبوو...»

مستەفا وتی: «دەتکوژم»

«بمکوژە... کوشتن گوایە چۆن چۆنییە... ئێوە هەموو ڕۆژێ من دەکوژن... برای ئێوە من نەمکوشت، عەباس کوشتی... بڕۆن تۆڵەی براکەتان لە برای عەباس و خزمانی بکەنەوە... تۆڵەی براکەتان لە من دەسێنن وانییە؟ ئێوە لە (لەکەکان) دەترسن، من براکەتانم نەکوشتووە، عەباس بکوژی برای ئێوەیە، سەرەڕای ئەوەی وای کرد کە ژنەکەشی ڕا بکات و هەڵبێ... بڕۆن هەقەکەی لە کەسوکارەکەی بکەنەوە و ناموسەکەتانی پێ پاک بکەنەوە...»

فیشکەی قامچییەک هات و بەر ڕوومەتی کەوت، قامچی لە دوای قامچییان پێدا دەسراواند، ئەسپ سوارەکان لە شێوەی بازنەیەکدا «ئەسما»یان خستە ناوەڕاستی خۆیانەوە، بەقامچی تێی بەربووبوون، «ئەسما» بەرگەی نەگرت، قیژەیەکی بۆ کرد، لە قیژەکردنەکەی خۆی پەشیمان بووەوە، لەوە ترسا حەسەن گوێی لە قیژەکە بووبێ.

حەسەن خۆی پێ نەگیرا خۆی ئاشکرا کرد، ئەوەی ڕووی دەدا بەچاوی خۆی بینی، کە قیژەکەی دایکی بیست بەپرتاو بەرەو لایان هات، هێڕک و پەڵی لە زەوی هەڵدەگرت و لە سوارەکانی دەهاویشت، بەدەم هاوارەوە بەردی تێدەگرتن، یەک دوو ئەسپی سڵەماندەوە، حەسەن شێتگیر بووبوو، بەدەوری خۆیا دەخولایەوە، بەردی کۆ دەکردەوە، لە ئەسپ سوارەکانی دەهاویشت.

لە دڵی خۆیدا دەیگوت... «ئاخ... بێ مێشکە خۆم، نەمکرد تفەنگەکە لەگەڵ خۆدا بهێنم... تفەنگم گەر پێدەبوو هەموویانم تەخت دەکرد...».

«حەسەن بۆ تفەنگەکەت لەگەڵ خۆدا نەهێنا؟»

«تفەنگ دیاریی ئەوانە، دیارییان سەری خۆیان بخوات، حەزم نەکرد هیچ شتێکی





ئەوان لەگەڵ خۆدا بێنم، کەی گەورە بووم ئەوجا هەر چیم بەلایانەوە ماوە بەزۆر لێیان وەردەگرمەوە، ئەو ڕۆژەش زۆری نەماوە...».

«ئەسپەکەت بۆچی بەجێهێلا حەسەن؟ ئەسپەکەت پێ بوایە بەئاسانی لە دەستیان قورتار نەدەبووی؟».

«ئەسپەکەش هی ئەوانە، من ویستم بیهێنم دایکم ڕازی نەبوو»...

«ماڵیان، ئەسپیان سەریان بخوات، هیچ شتێکی ئەوانی ناوێت. هیچ شتێکی ئەوانم ناوێت، نامەوێت... ئەوان وازم لێ بێنن و دەستی کوڕەکەم بدەنە دەست، چیم هەیە و نییە وەک شیری بەر دایک حەڵاڵیان بێت».

حەسەن چەند جارێک ئەسپەکانی سڵەماندەوە، بەردێکی بەر ڕوومەتی مامی کەوت، مستەفا گۆنای خوێناوی بوو. «ئەسما» کەوتبوو، سەرتاپای لە خۆڵ و تۆزەکە نیشتبوو، حەسەن باوەشی بەدایکیا کرد و هەڵیساند، بەکوڵ بۆ خۆی دەگریا، یەکێ لە ئەسپ سوارەکان هاتە بان سەری... «لە دایکێکی قەحپە، گەوادێکی وا دەکەوێتەوە... کوڕ وەکو دایکی دەردەچێ، یەکێ لە داوێنی قەحپە بکەوێتەوە قەحپە دەردەچێ... مستەفا مستەفا... چاوەڕێی چی لە پوشتێکی وا دەکەی کە ئەوەندە بەم سۆزانییەوە پێبەند بێ...»

ئەسپەکەی لێ بردنە پێشەوە، حەسەن و دایکی کەوتنە نێوان پێی ئەسپەکەیەوە، لەژێر پێی ئەسپەکە حەسەن فرتەی کرد، گەلێ جوێنی نەبیسراوەی پێدا... ئەسپ سوارەکە ئاوزەنگی دا و دوورکەوتەوە.

مامەی ئەسپەکەی لە حەسەن نزیک کردەوە، هەر بەسەر ئەسپەکەیەوە، دەستی برد و حەسەنی لە پاشکۆی خۆ نا. ڕووی لە «ئەسما» کرد...

«بڕۆ سۆزانی خوایەکرد بۆ دۆزەخ دەڕۆی... نەکەی بگەڕێیتەوە... دەستم بەخوێنتا نەکەی...» وای وت و ئەسپەکەی بەر قامچی دا.

سوارەکانی دیکەش، کەوتنە دوای و لاتەڕافی ئەسپەکانیان وەبەر قامچی دا.

ئەسپ سوارەکان تا ئاوایی نەوەستان، کە «حەسەن»یان لە حەوشە داگرت، لە قارانا شێت بووبوو. هەر کە دایان بەزاند، یەک ڕاست بۆ لای دایکی تاوی دا، زوو پێی گەیشتن و گەڕاندیانەوە، لە دەستیان خۆی دەرباز کرد، ڕای کرد، هەمدیس گرتیان و هێنایانەوە. دەست و پلی، ڕوومەتی، قۆڵی خوێناوی بووبوون، جلەنوێکانی شیتاڵ شیتاڵەوە بوون. یەک دوو پیاوی چەتەوڵ و کەتە حەسەنیان توند گرتبوو، حەسەنیش خۆی ڕادەپسکان باڵی ڕادەوەشاند لە چنگیان دەرچێ.

دادای فەرمانی پێدان:

«دەست و پێی ئەو سەگە ببەستنەوە».

دواجار هەر زوو بەزوو پاشگەز بووەوە...

«نەکەن ئازاری کوڕەزاکەم بدەن...» وای وت و هاتە لایەوە:

«ڕاوەستە ڕۆڵەکەم، ڕاوەستە باوانەکەم، چاوەڕاستەکەم، شێرە گەورە ڕاوەستە، ئاخر ماندوو بووی... وای ڕۆڵە، وای... دایک شتێکی کەیە... دایکایەتیم لە قوڕگرت، تۆ تەماشاکە... دایکت کوڕەکەی منی کوشت. تۆ بزانە، خۆت لە دایکت واز ناهێنی... ئەو دایکەت کە باوکتی بەکوشت دا وازی لێ ناهێنی، ئەی من چۆن لە خوێنی کوڕەکەم واز بهێنم کە شاخێک بوو بۆ خۆی... باوکەکەم حەسەنەکەم... وا مردم و تۆڵەی کوڕەکەمم نەسەند و چوومە ژێر گڵەوە، لە گۆڕا جێم دەبێتەوە، لە گۆڕەکەشدا ئۆقرە دەگرم... باشە من چ بکەم، کوڕەزا ئازاکەم،ماڵی دایکێتیم بەقوڕ گرت. بڕوانە دوژمنەکەم بەبەرچاومەوە خۆی بادەدا و دێت و دەچێ... کوڕە چیا ئاساکەشم لەژێر گڵا دەڕزێ... شێرە گەورەکەم... ڕۆڵە... دوژمنەکەم بۆ خۆی لێیدا بڕوا و نیوەی نیوەی جگەریشم ئەوەی بۆنی کوڕەکەمم دەداتێ، تەنیا دیاریی کوڕەکەشم لەگەڵ خۆدا ببات، لەگەڵ بکوژی کوڕەکەمدا بڕوات، جا ئیتر من چۆن دەمێنم... وازی لێ بهێنن، واز لە حەسەن بێنن کوێی دەوێ دەبا بڕوا...»

حەسەن هێشتا هەر خۆی ڕادەپسکان، قەپاڵی لە دەست و پلی دەگرتن، دەست و پلیانی خوێناوی کردبوو.

بەکاوەخۆ مستەفا لێیان نزیک بووەوە:

«واز لە حەسەن بێنن... وازی لێ بێنن... کوڕە ئازاکەم بەردەن، وا دیارە دەستبەرداری دایکی نابێ، باوکی چەند بەنرخ بوو لەلام کوڕەکەشی ئەوەندە بەنرخە. لەم ڕۆژە بەدواوە بەو چاوەوە پیا ئەڕوانم، دایکیشی هەمان نرخی لەلام دەبێ، جێگە و پایەی دایکی سەر سەر و چاوان دەبێ... خزمینە، ئێوە بڕۆن، با «حەسەن»یشتان لەگەڵا بێ، بیبەن مادامەکی خۆی حەز دەکات بیبەن، ئەسما بهێننەوە ماڵەوە، لەمەودوا لە گوڵێ کاڵتری پێ بوترێ ڕازی نابم، لەمە بەدوا هەموومان دەیخەینە سەر سەر. ناچارین، کە دایکی برا و کوڕی ئێمەی بەکوشت دابێ، باوکیی کوڕی خۆی بوو، یەکێ غیرەتی بۆ باوکی خۆی نەبێت، خوێنی ڕژاوی باوکی خۆی لەبەرچاو نەبێت لەبیری بکات ئێمە چی بکەین، یەکێ تۆڵەی باوکی نەسێنێ چۆن خەوی لێ دەکەوێ، بەئێمە چی... کە ئێستا لەژێر گڵا ئارامی نییە و ناسرەوێ و دەچرووسێتەوە، تا ڕۆژی قیامەتیش هەر دەگری و گۆڕەکەی وشک نابێتەوە، ئەویش باوکێتی چاکیش دەزانێ تۆڵە نەکراوەتەوە...».

وازیان لە حەسەن هێنا، کە بەریان دا قیت بووەوە وەک هیچ شتێک ڕووی نەدابێ، ماندوو و خەماوی دیار بوو، لەولاوە بۆ خۆی وەستا، پیاوەکان بەدەستەسڕە چڵکنەکانیان خوێنی دەست و پلیان پاک دەکردەوە... حەسەنیش ڕووی خوێناوی بوو،





بەڵام وات دەزانی نە بای دیوە نە باران، نەدەزانرا گوێی بۆ مامی ڕادابوو یا هەر بە لەش لەوێدا بوو و خەونی دەدی بیر و هزری لە شوێنێکی کەدا بوو، خەونێکی دەدی... وا دایکی بەڕاکردن دەگەڕێتەوە، دەکەوێ و هەڵدەسێتەوە.

«... بۆچی ئەو نازانێ باوکێک خوێنێ ڕژابێ تا ڕۆژی حەشر لە گۆڕەکەیدا پیشەی گریان دەبێ. نازانێ تۆڵەی نەکرێتەوە تا قیامەت خوێنی ڕژاوی دوعا لە خوێنڕێژەکە دەکات، بۆچی نازانێ باوکێک هەقی نەسەنرێ لە گۆڕدا هەرگیز نانوێ... بۆچی نازانێ... نازانێ، یەکێک تۆڵەی نەکرێتەوە تا ڕۆژی مەحشەر نانوێ...»

بێدەنگ بوو، خەم و ئازارێکی بێ وێنە لە ڕوومەتیا سەریان هەڵدا، کرژەوەبوو، لۆچەکانی ڕوومەتی قووڵتر دەرکەوتن، یەک دوو جار تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، دەستی دەلەرزی، چاوەکانی کرابوونەوە زیت زیت تەماشای دەکرد.

دەیویست شتێک بێژی، شتێکی لەسەر زار بوو ئاشکرای نەدەکرد. تەماشای حەسەن دەکات، دەیەوێ شتێک بکات... نایکات... دێت و دەچێ.

«بۆچی ئەو نازانێ» بەدەنگێکی بەرز ئاوای گوت «ئەو نازانێ، نازانێ... ئەو...» لەپڕ بڕییەوە و کپ بوو.

لە پڕ ڕۆیی، بەخێرایی دەڕۆیی، باڵی دەشەکێنێتەوە مشتی وەک هەڕەشەی لە یەکێ پێ بکات نوقاندبوو هەڵسوکەوتی شێتانە بوو، ڕادەوەستا، خۆی گیڤ دەکاتەوە، دوا جار تەماشەیەکی حەسەن دەکاتەوە.

«نازانێ کە...».

قۆڵی دەکاتەوە، دێتە لای دایکێوە، تەماشای دەکات، هەرچەنێ سەیری دەکات ڕوومەتی خەم و ئازاری زۆرتری لێ دەنیشێ.

«ئەمە، ئەمە، ئەمە، دایکە، ئەم دایکە چۆن گیانی دەرناچێ ئێسکی کوڕەکەی لە گۆڕدا بلەرزێ و هاواری بێ، ئەمە دایکە، دایکە».

کە دەیگوت ئەمە دایکە دەنگی خەماوی دەبوو و قوڕگی دەگیرا، شتێک بینی دەگرت، وەک دەنگی گریان دەنگی هەنسکی لێ دەبیسترا...

«ئەمە دایکە دایک بۆچی نازانێ کە... حەسەن نازانێ کە...» دەنگێکی گوڕ، خەماوی، ماندوو و بێ ئومێدی لێ دەتکا...

«ئەو نازانێ ئەوەی کە خوێنی بڕژێ و تۆڵەی نەکرێتەوە لە گۆڕ دەردەچێ... دوای کوشتنی، شەو نییە براکەم بەکفنی سپییەوە لە حەوشەدا نەبینم، کە لە حەوشەدا دەگەڕا بینیم، بینیم بەڵام لای کەسم نەدرکاند. شەوێکیان کە هەستام، چیا و تاوێر نرکەیان دێ، چوومە دەرەوە دەبینم وا لەبەر دەرگای حەوشە یەکێ بەکفنە سپییەکەیەوە وەستاوە، دیقەتم دا، نرکەکە لە کفنەکەوە دێ، لێی نزیک کەوتمەوە دەڕوانم ئەمە

براکەمە، ڕوومەتی سیس بووە... وتم برا، برا، خەلیلی برام هیچی نەگوت، خشەی لێ کرد و گەڕایەوە گۆڕستانەکە، لە نێوان نرکە نرکەوە دەنگێکم دەبیست: بەحەسەنی کوڕم بێژە هەقم ون نەکات، ئەگەر ئەو هەقە بەسەر دایکیشیەوە بێت نەهێڵێ بڕوات و تۆڵەی بکاتەوە...». زەوییەکە دەمی قلێشا، هەر کە خەلیل چووە ناو گۆڕەکەوە، هاتەوەیەک، دواجار نرکە نرکەکە نەماو ئیتر گوێمان لێ نەما... چووە لای حەسەنەوە، وا لێی نزیک بووەوە هەناسەکەی بەر ملی دەکەوت.

«باشە من لە پای چی ئەمەم بەم منداڵە گوت؟ تف... منیش خۆم بەپیاو دادەنێم، بۆ دانم بەخۆدا نەگرت و بەم منداڵەم وت تا تۆڵەی نەکەیتەوە ئاوا لە گۆڕەکەی دەردەچێت؟ ئەمە کەی کردەوەیە؟ باشە ئەم منداڵە هەر بەقەد پەنجەکەڵەیەکە بۆی دەکرێ تۆڵەی خوێنی باوکی بسێنێ ئەگەر ئەو خوێنە لە ئەستۆی دایکیشیدا بێ؟ ئەم منداڵە هیچی پێدەکرێت؟ تف تف لە من...»

بەرەو داڵانەکە ڕۆیشت، گەیشتە داڵانەکە وەستا و ئاوڕی دایەوە.

«ئێوە لەگەڵ حەسەن دا بڕۆن، ئەسپێکیش بۆ حەسەن بێنن دایکی بیننەوە، دەبا دایکی حەسەنی برازام بەپێیان ڕێ نەکات گوناحە، بکوژی براکەمە و دایکی...» لە قسەکانی بووەوە لە حەوشە دەرچوو و ڕۆیشت».

«دونا»ی خێزانی مستەفا، کە مستەفا لەچاو ون بوو هاتە لای حەسەنەوە.

«وای ڕۆڵە وای، وای حەسەنە بێکەسەکەم، وای بۆ وا خەڵتانی خوێنی، ڕاوەستە با ڕوومەتت بسڕم، ئەوجا بچۆرە پێشوازی دایکت.

ڕوومەتی پاک شوشت، چارەی زامەکانی کرد.

پیاوەکان بەسەر ئەسپەکانیانەوە لەبەر دەرگا چاوەڕێی «حەسەن»یان بوو، یەکێکیان مەچەکی ئەستووری درێژ کرد حەسەنی هەڵبڕی و لە پاشەوەی دانا و بەڕێکەوتن.

خۆر چووبووە زەردە «ئەسما»یان بینییەوە، ئەسما لە دامێنێکی بۆزدا دانیشتبوو، هەڵکورمابوو، کە بینییان بۆ لای چوون، ئەسما درژانگەی دادابوو ئاگای لە دەوروبەر بڕابوو بەهاتنیانی نەزانی، حەسەن لە ئەسپەکە خۆی فڕێدایە خوارەوە و چووە لای...

«دایە... هاتم، دەی بابڕۆین...» دواجار دەمی بەبن گوێیەوە نا، بەگوێیا چپاندی...!

«باوکم لە گۆڕەکەی خۆی دەردەچێ، مامم دیوبەتی، خەڵکی ئاوایی هەموویان دیویانە، کەس نەماوە نەیبینیبێ، بەکفنێکی سپییەوە لە گۆڕەکەی دەردەچێ ڕاست و زوپ بۆ خۆی دەوەستێ و دەناڵێنێ...».

«ئەسما» هیچی لێ حاڵی نەبوو، چپەچپەکەی وەک گیزەی مێشوولەی بەرگوێ کەوتبوو وابوو، نەیزانی چی دەڵێ. حەسەن ترسێکی نادیاری لێ نیشتبوو... تۆ بڵێی ئەم لە گۆڕ دەرچوونەی بۆ ئەوە نەبێ دایکی بکوژێت؟! تا دەهات ختووره و ترسی





زیادی دەکرد، خزابووە بن دەستی دایکێوە.

«دەهەستە بگەڕێینەوە بۆ ماڵ، ئەوێک کە هەموو شەوێ دێتە بەر دەرگا چی لێ بکەین؟ هاتنەکەی ڕاستە... شەوێکیان خۆم گوێم لە نکەنکی بوو، لە دوور ڕاوەستابوو دەینرکاند... دەی دەبا بڕۆین». دەستی دایکی گرت و هەڵیساند...

ئەسپ سوارەکان وەستابوون، تەماشای کوڕە و دایکیان دەکرد. ئەسما سەری بەلارەوە نابوو، بەزۆر لەخۆکردنەوە هەستا، بەرەو لای ئەسپ سوارەکان یەک دوو هەنگاوی هاویشت. یەکێکیان لە ئەسپەکەی دابەزی و ئاوزەنگییەکەی بۆ ئەسما ڕاگرت، حەسەنیشی سوارکرد و بەڕێکەوتن...

کاتێ گەیشتنە ئاوایی، ئاوایی لەپێش دیوەخانەکەدا کۆمەڵتەیان بەستبوو، کشومات، فزەیان نەدەکرد، کە چاویان بەئەسما کەوت غەڵبە غەڵبیان لێ هەستا. پیرێک لەناو قەڵەباڵغەکە هاتە دەنگ:

«ئەسما ئەسما... وجاخت کوێرەوە بێ ئەسما... خەلیل لە گۆڕ دەرچووە، لەم گوندەدا کەس نەماوە لە گۆڕ دەرچوونەکەی ئەوی نەدیتبێ... داوای خوێنی ڕژاوی دەکات... تۆڵەی بکەنەوە... ئەگەر نا، ئەوا لە گۆڕ دێتە دەرێ و دێ کوڕەکەشی دەبات...».

«ئەسما» دڕنی بەقەڵەباڵغییەکە دا و بێ ئەوەی بەملاو ئەولادا بڕوانێ چووە ژوورەوە.

جارێکی کە بۆ ماوەیەک خەڵکەکە کڕ و ئارام بوونەوە، نە حەسەن نە ئەسما باسیان نەما، لە گۆڕ دەرچوونەکەی «خەلیل»یانیش فەرامۆش کرد، کەم و زۆر باسیان لە ئارادا نەما، ئەم بێدەنگی و لە بیرچوونەوەی خەڵکەکە کە بەکار و فرمانی خۆیانەوە مەلۆش بوو بوون، چەنێک دەخایێنێ کەس نازانێ، شەش مانگ، زیاتر... ڕەنگە ساڵێک بخایەنێت. ئەم کڕوکپییە کە قسەی خەڵکی بڕیبوو ئاواش درێژەی کێشا ئەسما لەم کەینوبەینە دەترسا، دەیگوت ئەم ماستە موویەکی تێدایە، دەترسا، لە کوڕەکەشی دەترسا، ئەم بێدەنگییە چییە؟ لای وانەبوو ئەنجامەکەی خێربێ...

بەپەرۆشەوە چاوەڕێی شتێکی دەکرد، لە کوڕەکەی دەترسا... ئەم کڕوکپییە کارێک بەسەر کوڕەکەیدا دێنێ، دەستی لەسەر دڵی بوو هەزارەی دەکرد...

بەیانیانێک ڕووداوێک ڕووی دا، بەڵام ئەوە نەبوو ئەسما لێی دەترسا.

ڕەوەکەی سەفەربەرلک بوو دەورەی «کەریم»یان دابوو قسەی بۆ دەکردن:

«بەچاوی خۆم بینیم... دوێنێ شەو کە بەتاوێرەکانی ئەناوارزادا دەهاتمە خوارێ خەلیلم بینی، لە سەرەوەی «عەلی کەسغە» و جارێکی کە سەرم هەڵبڕی چی ببینم باشە؟ کفن لەبەرێک کەتە و چەتەوڵ، لە تاریکاییەکەدا جارجارە دەبریسکایەوە، چاوەکانی چرا ئاسا داگیرسابوون، ڕێگەی لێ گرتم، ئەوەند درێژ بوو داچەمیبوو تەماشای دەکردم،

بالای بەرزی چنارێکی هەبوو... «ڕاوەستە، کەریم»، وای پێ وتم... «کەریم ناسیمت؟ ناسیتم ها خەلیل. خەلیلی چۆلاق ئۆغلو نیت؟، «با، ئەوم منم من، خەلیلم، منم، لە گۆڕ دەرچووم... ئە دایکە لە خوا نەترسەم، ئەو برا نمەک حەرامانەم... ئەو کوڕە گەوادەشم گەورە بووە... بەبۆنەی ژنەکەمەوە خوێنمیان ڕشت، کەریم من دایکم نییە، بڕۆ ڕاست و ڕەوان لە دەستی نێ، من برام نییە کەریم، بڕۆ وایان پێ بڵێ... حەسەنی کوڕم گەورە بووە، بەگەورەی گڵ بێ، سەرباری ئەوەی لە گۆڕ دەردەچم، لە گۆڕیشدا ئارامم نییە.

زەبانییەکان لە سۆنگەی ئەوەوە، شەو و ڕۆژ ئەشکەنجەم دەدەن، داخم دەکەن... خۆزی «حەسەن»یشم نەدەبوو، وەجاخم کوێر دەبوو... دواجار «خەلیل» دەستی بەگریان کرد، لە حاڵم مەپرسە کەریم، وای وت، تەماشای ئەوە مەکە بەکفنێکی سپییەوە دەمبینی و باڵام بەقەد مەنارەیەکە، بڕوا بەم ڕواڵەتەم مەکە... زەبانییەکان لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی کە دەمگۆڕن... ڕۆژێک دەبینی بەسەگ دەبم، کە بەسەگ دەبم خواردنی سەگم دەرخوارد دەدەن، چوون سەگێکیش لەم بن تاوێرانەدا دەوەڕم و کەلاکی تۆپیو دەخۆم، جارێکی کە دەڕوانم بەداڵە کەرخۆریان کردووم، دێم لەبەر دەرگای خۆماندا دەنیشمەوە، ئەو کوڕە خوێڕییەی خۆم دەبینم، بەناخێری گیانی تفەنگیشی لە شان کردووە، گوایە ڕاوی باڵندە و شاهۆ دەکات، تەقە لە کەروێشک و ڕێوی دەکات، لەجیاتی ئەوەی ئەو دەمدارە بێ زمانانە بکوژێ دەبا ئەو بکوژێ، بیکوژی و باوکی لەم بارە قوتار بکات، نەهێڵێ باوکی بەمار و بزن و پشیلە ببێ، بوون بەکتک کەمێ ئەهوەنە... جارێکیان زەبانییەکان بەپشیلەیان کردم، پشیلە چی دەکات، یەک ڕاست گەڕامەوە ماڵێ، ژنەکەم تەماشای چاوی کردم و وتی: ئەم پشیلەیە کتومت لە خەلیل دەچێ. لەقەییێکی پێدا کێشام، دارێکی بەسەرما دا، هەڵاتم و خۆمم لە دەستی بکوژەکەم ڕزگار کرد. براکانم پیاو دەرنەچوون، کەریم بەتۆ دەڵێم بڕۆ پیان بڵێ، پیان بڵێ قورتارم کەن. بڕۆ بەژنەکەم بڵێ بڕۆ پێی بڵێ بڕۆ پێی بڵێ با ئەو ڕزگارم بکات کەس ئەو ناکوژێت، نە دایکم نە براکانم نەخزم و دۆستانم نە کوڕەکەشم هیچ کەسێ نایکوژێ. خۆی خۆی نەکوژێ کەس نایکوژێ. دەبا خۆی بکوژێت و من قوتار کات.

ئەی سالانێک خێزانم نەبوو، ئەو کوڕە خوێڕی و ترسنۆکەم لەو نەبۆتەوە؟. ئەو کوڕەمە نابێ بەپیاو، ئەو کوڕە هیچ و پووچەمە. ئەو کوڕە خوێڕییە لە داوێنی ئەو نەکەوتۆتەوە؟ دەسا هەم من هەم کوڕەکەشم لەم بێ شەرەفییە ڕزگار بکات... تاکو ئەو خۆی نەکوژێت، من تا ڕۆژی قیامەت ئاوا لە گۆڕ دەردەچم و دەگەڕێم کوڕەکەشم وەک مرۆیەکی بێ وچ سەرشۆڕ و بێ نرخ دەمێنێتەوە... دەبا خۆی بکوژێ... بە ئەسما بێژە: حاڵم پەرێشانە... بەکوڕەکەم بەدایکم بەخەڵکی دێ بێژە بەدەستی زەبانییەکانەوە حاڵم نییە... ڕۆژێک بە ئاژەڵ و ڕۆژێک بە مار و ڕۆژێک بە بۆقم دەکەن. ڕۆژێکی کە دەبم بە





پێشکە. لە زەبانییەکان دەپاڕێمەوە دەست لە یەخەم بەردەن... بوومە بەگەپجاڕیان، پێم پێدەکەنن، دەڵێن دڵمان پێت دەسووتێت... ئێمە بە شتی وات دەکەین، دواجار دەتکەین بەسەدان پارچەی بچووک بچووک و بەدونیاتدا پەخش دەکەین، بۆ ئەوەی تا دونیا دونیا بێ، لە دەرەوەی گۆڕەکەتدا بی... یەکێ تۆڵەی خوێنەکەی نەکرێتەوە ئە ئاوا سانا نییە. ئای کەریم ئەو حاڵەی منی تێدام کەس نەیبینێ...»

دەست و پلم لە ترسانا ڕەق هەڵاتن، جەستەم دەلەرزی لە پڕ چی ببینم باشە؟... خەلیل بووە بەکتک و خۆی لە قاچم دەسوێ، هەر ئەوەندەم زانی پشیلەی گۆڕین نەما، پشیلە بووە بە پەپوو بەسەر گا بەردێکەوەیە نەخێر پەپووش نەما، زەردە مارێک لە پێشمدایە، مارەکەم بینی لە ترسانا خۆم بەسەر تاوێرە ڕکەکاندا هەڵدا بۆ ڕێگاکە ئاوا دەست و پلم زامداربوون، کە گەڕامەوە ماڵێ خۆم گەیاندە حەکیمێک دوای تیمارکردنەکەم پێی وتم: «کەریم خۆت و غیرەتت، خەلیل پشتی بەتۆ بەستووە، بڕوای پێت کردووە هەر بۆیە سەرە ڕێی لێ گرتووی، ئامانەتی خۆی بەتۆ سپاردووە، تۆش کەمتەرخەمی دەرهەق نەکەی ئەو ئەمانەتەش لە ئەستۆی خۆت داماڵێنە... دایکی ببینە، بڕۆ کن ژنەکەی، بۆ خوا پێت دەڵێم ئەگینا لەو دونیا زەبانییەکانت لە یەخە نابنەوە دەبی بەهەزاران شەیتانۆکە و هەر بەو جۆرەش دەمێنیتەوە. ئەگەر ئەم ڕاسپاردەیە نەگەیەنیت تا ماوی خێر لە خۆت نابینی...»

چەند ڕۆژێکە ئەم باسە بۆتە بنێشتە خۆشەی دەم ئاوایی. هەبوو گاڵتەی بەم باسوخواسانە دەهات، باوەڕی نەدەهات خەلیل بەشەیتانۆکە و کونەبەبوو کلاوفڕە بووە و یان خۆی لە کفنێکی سپی پێچاوە و بەسەر ئاواییدا فڕیوە بەم کەینوبەینە باوەڕیان نەدەکرد، هەشبوو بەتەواوی ئەمەیان بەمێشکا چووبوو بەگیان و دڵ هەوڵی قورتارکردنیان دەدا.

لە دواییدا چاوی بەحەسەن کەوت، حەسەن خۆی لێ گێل کرد بەشەیتانۆک و پەپوو بوونی خەلیل و داخکردنی ڕۆژانەی باس دەکرد حەسەنیش دانی بەخۆیا دەگرت، هەر کە حەسەنی دەدی حاڵ و وەزعی باوکی تێدەگەیاند بەمە وایدەزانی ئەرکێکی پێویستی سەرشانی بەجێهێناوە.

حەسەن کردەوەیەکی خراپی کردبوو... ڕاستە دایک دایکە، ئەی لە سۆنگەی ئەوەوە نەکەوتۆتە ئەو بارە ناهەموارەوە، ئەو کەسە وای بەسەرا هاتووە ئەی ئەویش خۆ باوکە، مرۆ ڕازی دەبێ باوکی تا ڕۆژی حەشر بەشەیتانۆکەیی بمێنێتەوە.

کەریم دەڵێن چەندەها ڕۆژ بۆلای ئەسما هات، دەهات و دەڕۆیی... ڕەنگە هەزار جاری پێ وتبێ. چۆن چۆنی خەلیلی بینیوە، خەلیل چی ویستبوو، ڕاسپاردەکانی خەلیلی کاتێ پێدەگوت قوڕگی گریان دەیگرت، هەموو جارێکیش ئەسما متەقی

نەکردووە و وەرامی نەداوەتەوە. ئاخرییەکەی کەریم بەتوڕەبوونەوە ئەمەی لە ڕوودا:

«ئەسما خۆت دەزانی تا ئێستا لە دڵم نەهاتووە پێت بڵێم. تارماییەکە پێی وتم: یا خوێنەکەم یا کوڕ... یا تۆڵەم بکەنەوە یا ناچارم دێم کوڕەکەی دەبەم... تۆش (ئەسما) لەوەولا هەر خۆت مەکوژە»

بەرد تەقی، ئەسما نەتەقی، وەڵامی ئەمەشی نەدایەوە... دوای ئەوە کەریم دەستی لە کار و فرمان هەڵگرت و بەدووی حەسەن کەوت، دەیویست بیدوێنێ... بەڵام هەرچەندی دەکرد و دەکۆشا بۆی وەگیر نەدەهات، دەیویست ئەمانەتی لە گۆڕ دەرچوونەکەی پێ ڕاگەیەنێت لەناو تاوێرەکانی ئەناوارزادا، لە کەناری ڕووباری جەیحان و لە مەزرا و ڕێگاوباندا مینەی حەسەنی دەکرد حەسەنیش کە ئەوی دەدی کون و قوژبنی لێ دەبووە کونەمشک و لەژێر زەویشدا بوایە خۆی دەشاردەوە.

کەریم دەیگوت: «ئەم منداڵە جنۆکە دەستی لێ وەشاندووە... ئەم منداڵە شتێکی لەژێر سەردایە، ئەمە مانگێکە هەر چەند دەکەم و دەکۆشم چنگم ناکەوێت...»

شەوان، بەڕۆژ، لە ماڵ لە تۆی جێگادا حەسەنی وەگیر دەهێنا، حەسەن دەیزانی چۆن چۆنی خۆی لەو وەگیرهێنانەیدا دەرباز دەکرد و لەدەستی کەریم هەڵدەهات، حەسەن دەیزانی کە کەریم بیبینێ چی پێ دەڵێت و چی مەبەستێکی پێیە.

ئاخرییەکەی حەسەنی لە خۆرهەڵاتی ئەناوارزا کاتێک لە ئاوەکەی «ساورۆن» بەڕووتی مەلەی دەکرد وەگیرهێنا. حەسەن کەریمی بینی ڕای نەکرد، شان بەشانی یەکتر دانیشتن، کەریم زبانی هەڵهێنا باسی باوکی هێنایە ئاراوە چۆن لە «ئالی کاسیغ» بینیویە و چی گوتبوو ڕێکوڕەوان بۆی گێڕایەوە، لە دواییدا وتی:

«وا من قەرزی تارماییەکەم ئادا کرد، ئیتر ئەوە خۆت و ئەوە تارماییەکە و ئەویش دایکت... چۆنت دەوێ وا بکە...».

لە قسەکانی بووەوە و نەبووەوە شڵەژا و هاواری لێ هەستا:

«بڕوانە بڕوانە، ئەوە باوکتە و بەو بزن مژەکە بووە. دەتۆ تەماشاکە چاوەکانی چەند لە چاوە ڕەشەکانی باوکت دەچن... تۆ سەیرکە چۆن سەری هەڵدەبڕێ و نەوی دەکاتەوە وەک بڵێی دوعای شەڕ بکات... چاو چاو هاتووە گوێ بگرێ تا بزانی من چی بەتۆ ئێژم...»

حەسەن بزەی دەهاتێ، کەریم بینی لە قارانا وەخت نەبوو هار و شێت بێ، هەستایە سەر پێ هەرچی نەشیابێ بەتارمایی و پیرێژن و حەسەن دونیا هەمووی، گەورە و بچووکی تۆرۆس کردی و جوێنی پێدان.

وەکو ڕێژنەی باران، بەسەر حەسەندا قسەی ناشیرین دەباری، گەورە و بچووکی دێ، ژن و پیاوی گەورە و منداڵی داوای ئەوەیان لێ دەکرد پێویستی سەرشانی بەجێ بهێنێ لە باسی دایک و باوکی بەولاوە چ باسێکی کەیان لەگەڵ حەسەندا نەدەکرد.





حەسەن کەوتبووە نێو گێژەنگەوە، خۆی لە هیچ کەسێک نەدەشاردەوە، لەناو ئەم بگرە و بەردانەدا سەرسام و ماق پەڕیو مابووەوە.

«دورسون» خۆی لە سەد ساڵی دەدا، توانای هەڵسوکەوتی نەمابوو، برۆی بژۆڵی بەسەر چاوانیا هاتبوونە خوارێ، مل لۆچاوی، هەمیشە پووش و وردە کا لەناو لۆچی ملیدا دەبینرا بەدەستە لەرزۆکەکانی برۆی لە سەرچاوە شلۆقەکانی لادەدا بۆ دوور دەیڕوانی. حەسەنی نەدەناسی قەتیش نەیدواندبوو، کە حەسەن مات و غەمگین لەوێوە تێپەڕی بانگی لێ کرد:

«ڕاوەستە حەسەن ڕاوەستە» بەدەنگێکی باریک، گیزە ئاسا ئاوا بانگی کرد «ڕاوەستە حەسەن با دورسون قسەیەکت بۆ بکا...». گۆپاڵەکەی لە قاچی حەسەن گیر کرد و لە خۆی نزیک کردەوە، بەتەنیشتی خۆیەوە داینا، خۆی لێ بردە پێشەوە، چاوە کزەکانی لێ بڕی، بەسەرسوڕمان و دڵپاکییەکی منداڵانەوە:

«گەورە بووی... بووی بەپیاو حەسەنەکە... ئەو گوندیانە دەیانەوێ فریوت بدەن، ڕۆڵە دایکت خانمە ژنە، جوانییەکەی دایکت کەم وێنەیە، وا گەیشتمە ئەم تەمەنە لە توخمی ئینساندا جوانی وام نەدی، مرۆ کە ئەوەندە بوو، جوانی و خووی پەرییانی هەبێ خەڵکی دانی خێری پێدا نانێن و ناهێڵن بەختەوەر بێ، حەسەن دایکت دەکوژن، حەیف و موخابن، گەر گوڕێکم تیادا دەبوو، دەزانی حەسەن چیم دەکرد؟».

ویستی برۆی هەڵبڕی، بۆی نەکرا بەدەست هەڵیبڕین، چاوە شینەکانی، شینێکی زۆر، بێ پەڵە و بزێو بڕییە حەسەن، تەماشای کرد، تەماشای کرد دوای قەیرێ تەماشاکردن برۆی داگرتەوە، سەری خوار گرت، بۆ ماوەیەک کەوتە بیرکردنەوە، هەمدیس بەدەست برۆکانی بەرزکردنەوە و چاوی لە حەسەن بڕی، جارێکی کە دەستی بەردا و تەماشای زەوی کرد، ئەمجارە لە پڕێکا سەری بەرزکردەوە و دەستی برد شانی حەسەنی گرت...

«نەکەی دایکت بکوژی ها...» وای وت «بەقسەم بکە، باشە؟ حەسەن دایکت نەکوژی، جوانێکی بێ هاوتای وەک دایکت کەس دەستی لێ ناچێ، با دایکت نەبێ بێگانەیەکی حەوتا میللەتی بێ پیاو دەستی لە جوانێکی وا ناچێت دڵی ناهێنێ بیکوژێت، یەزدان دانیشتووە و نەخشی کێشاوە، ئەمانە لەسەر زەویدا خۆشەویستی یەزدانن، باوکی لە گۆڕ دەرچووت و کەریمە کەچەڵ با ڕێککەوتبێتن تۆ دایکی خۆت نەکوژی... بەدایکت بڵێ نەکات خۆی بکوژێ، حەسەن دایکت خۆشەویستی خوایە، گەر خۆشەویستی خوا بکوژن، خوا نەفرەت لە هەمووتان دەکات، بەردتان بەسەرا دەبارێنێ، گەڕ و گولتان دەکات...».

هەمدیس و وەستا، بزەی هاتێ، بەدەست برۆی بەرزکردەوە و، تەماشای حەسەنی

کرد... بەدەمی بێ ددانەوە بە سافی و دڵپاکی ساوایەکەوە لە دڵەوە بزەیەکی بۆ کرد...

«ئێستا گەنج بوایەم... ئێستا، ئێستا، دەزانی حەسەن چیم دەکرد؟»

حەسەن وەڵامی نەدایەوە، کە حەسەن وەرامی نەدەدایەوە ئەو لەسەر یەکە پرسیارەکەی لێ دەکردەوە.

لە دواییدا حەسەن خەنییەوە...

«چیت دەکرد مامە دورسون؟».

شڵەژا و کەیفی هات، منداڵ ئاسا دەمی داپچڕان.

«ئە حەسەن... ئەوە تۆ بووی هاتیتە قسە؟!».

«ئەگەر یەکێک شایانی ئەوەبێ قسەی بۆ بکەم، بۆ قسە ناکەم...».

«دەزانی چیم دەکرد... دەچوومەماڵتان خڕکە شڕەکەمم ڕادەخست، قاویشی بدایەم لە ماڵتان دەرنەدەچووم، دەری بکردایەم خۆم دەهێنایە چەقۆ لە ماڵتان، دەری بکردایەم بیانوویەکم دەدۆزیەوە و دەمامەوە و دەرنەدەچووم و لە بەیانییەوە تا ئێوارە هیچم نەدەکرد هەر سەرنجی دایکتم دەدا... ئەوەند تەماشای دایکتم دەکرد تا دەچوومە جەننەتەوە. یەکێ بەدڵ و بەگیان تێر تێر تەماشای جوانییەکەی دایکت بکات ناچێتە دۆزەخەوە، یەکێ بەگیان و بەدڵ سەرنجی دایکت بدات لەم دونیا و لەو دونیاش جەننەت وەدەس دێنێ. یەزدانیش بەحەیرانەوە پیا دەڕوانێ، لەبەرئەمە ئەوەی دایکت بکوژێ. یەزدان پایەداری ناکات. دە هەر ئێستا بمبە ماڵێ تاکو دایکت ببینم... بمبەرە ماڵی خۆتان، لە ئێستادا بەم نیوە بینابیمەوە بەم تەمەنەوە تەماشاکردنی دایکت گوناحە. بەڵام بەدڵ و بەگیان تەماشای دەکەم چەندم هێز و توانا تیادا مابێت کۆی دەکەمەوە سەرنجی دەدەم جا ڕاست و ڕەوان دەچمە جەننەتەوە... دەتۆ بمبە... بێدەنگ بوو، چاوی بڕیبە چاوەکانی و تەماشای کرد، دواجار برۆی داگرت و مات بوو...

حەسەن بەدەنگێکی پڕ لە ڕێز و خۆشەویستییەوە:

«هەستە بابڕۆین بۆ ماڵی ئێمە مامە دورسون» لەپی خستە سەر زەوییەکە، هێزی دا نەیتوانی، یەک دوو جار زۆری لە خۆی کرد، دواجار حەسەن قۆڵی گرت و هەڵیساند.

لە ڕێگا خەڵکی ئاوایی کە حەسەن و دورسونیان پێکەوە بینی سەریان سوڕما، سەریان لەم مەسەلەیە دەرنەدەچوو، حەسەن و دورسون بەگوێی خۆیان دەیانبیست قسەیان پێدەکردن.

ئەسما بەخێرهاتنێکی گەرمی لێ کرد، خوڵکی کرد، کە دورسون وتی نانم نەخواردووە، لەژێر کەپرەکەدا سفرەی ڕاخست، بەلای خۆرئاوای کەپرەکەدا داربییەکی گەورە سێبەری بۆ بیرە ئاوەکە کردبوو.

به هەردوو دەستی برۆی بەرزکردەوە تەماشای ئەسمای کرد... «زۆر شوکور... زۆر





شوکور بۆ ئەم ڕۆژە» لەبەرخۆیەوە ویردی دەخوێند... «سوبحانەڵڵا... سوبحانەڵڵا» مەراق و تاسەی دڵی بەو وشانە دەردەبڕی... لەبەر بێ ددانی و تەماشاکردنی ئەسما ماوەیەکی درێژ لەسەر خوان مانەوە.

ئەو ڕۆژە تا خۆر ئاوابوو لە ماڵی ئەسما مایەوە، خۆر خەریک بوو ئاوا دەبوو وتی:

«بۆ ماڵی خۆمانم بەرەوە».

حەسەن چووە ژێر باڵی، هەڵیساند و کەوتنە ڕێ، لە ڕێگا یەکتریان نەدواند.

ئەو شەوە حەسەن خەونی هەلەق و مەلەقی بینی... باوکی هاتە خەوی... لەنێو ژاژەڵانییەکەدا دیتی، لەوێوە چووە ناو زۆنگاوێکەوە و چەقی، بێ هوودە هەوڵی دەرچوونی دەدا، لە پڕ بە بەرچاویەوە بوو بە مار، مارەکە چەندی پل دەخوارد باشتر لە قوڕ و لیتاوی زۆنگاوەکە دەنیشت، نوقمی نێو زۆنگاوەکە دەبوو و نەیدەتوانی دەرچێتە دەرەوە، ئەمجارەیان دەبووە بزن مژەک، دەبوو بە بۆق، بە پەپوویەکی چاق زاق، پەڕەکانی لە قوڕ و لیتاوەکە دەنیشت، دەنگێکی ناسازی لێوە دەهات... ئەمجار لە تۆی کفنێکی سپییەوە دەیدی. کفنەکەی لە قوڕ دەنیشت، چاوی دەچووە تەوق سەری، زاق دەبووەوە ئەوەندەیان نەدەما فرتەبکەنە دەرەوە...

پێش خۆرهەڵاتن زوو حەسەن لە خەو هەستا، تفەنگەکەی هەڵگرت... دایکی نووستبوو بەسەر سەرینەکەیدا قژی پەخش بووبوو، قژی درێژ و چل کەزی بوو دایکی، زێڕ و زیو و مەرجانی بەکەزیەکانیا دەکرد، دورسون چەنی پیا هەڵدابوو هێشتا کەمی وتبوو... ماوەیەک وەستا تەماشای جوانییەکەی دایکی کرد حەسەن هەر لە ئێوارەوە، بگرە بەر لەچەند ڕۆژێکەوە، خورجێکی ئامادەکردبوو، تژی بوو لە تۆێشەبەرە، هەندێ پارەشی پەیدا کردبوو، ئەوەی ڕاستی بێ خۆشی کەمێکی کۆکردبووەوە، پارەکەی لە باخەڵ نا، کەوتە ناو جلەکانی کامیان جوان و، پەرداخ بوو لەبەری کردن تفەنگەکەی هەڵگرت و، بەرەو خوار شۆڕ بووەوە... هێشتا گەوڕەکە تاریک بوو بەدەستەکوتێ جوانووەکەی دۆزییەوە، سەری ڕاکێشا، لە دەرەوە خۆی هەڵدایە پشتی، لەبەر دەرگای حەوشە وەستا، ئاوڕی دایەوە، چاوی بڕیبە ئەو ژوورەی کە دایکی تیادا نووستبوو، کەمێ مات بوو و تاس بردییەوە... دواجار بەکاوەخۆ ئەسپەکەی هاژۆ و کەوتە ڕێ، ڕووەو خۆرهەڵات ملی نا، بەرەو «قۆزان» لەسەرخۆ دەڕۆیشت، لە پڕێکا کردییە چوارناڵە تا قۆزان جڵەوی ڕانەکێشایەوە... نیوەڕۆ بوو جڵەوی ئەسپەکەی بەدارێکەوە گرێ دا... خۆی بەچێشتخانەیەکدا کرد، خورجەکەی دابووە تای شاندا، تووشووی تێدا بوو، لەسەر مێزێک دانیشت و لەتە نانێکی تەنکی لە خورجەکە دەرهێنا بوو، لەم کاتەدا خاوەنی چێشتخانەکە هاتە لایەوە...

وتی: «فەرموو...».

حەسەن پێشتریش گەلێ جار بۆ چێشتخانەکان چوو بوو... «قاپێکم بۆ بێنە» ئاوا فەرمانی دا.

خاوەن چێشتخانەکە وتی: «بەسەرچاو».

خاوەنی چێشتخانەکە کابرایەکی کەڵەگەتی دامەزراوی سمێڵ بابڕ بوو... کورد بوو، حەسەن ناسییەوە... کابرای کوردە وتی: «حەلوایەکی بە لەزەتمان هەیە، بۆت بێنم؟» حەسەن خەنییەوە.

«بیهێنە... من تۆ دەناسم».

کابرای کوردە حەلواکەی بۆ هێنا:

«تۆ لە کوێ من دەناسیت...؟».

«تۆ سۆلۆی کورد نیت؟»

«ئەی باشە تۆ کێی...؟»

حەسەن وتی: «من کوڕی خەلیلم... ئەو خەلیلەی کە عەباس کوشتی».

کابرای کوردە: «ئا ئا... تۆ حەسەنی وا نییە؟ ناسیتم... دایکت چۆنە باشە؟ بیستوومە مامەکانت دەیانەوێت دایکت بکوژن تۆش ڕازی نەبووی... حەسەن، باوکت پیاوێکی ئازا و چەلەنگ بوو... نەمزانی وا گەورە بووی و پیاوێکی گەورە و گرانی وات لێ دەرچووە... دەڵێن گوایە دایکت باوکتی بەکوشت داوە، بەڵام بڕوا نەکەی، هەموو جوانێک قسەی زۆری لە دوو دەکەن، دایکت لە بنەماڵەیەکی خانەدان و وجاغزادەیە... خانەدانێکی وەک دایکت مێردی خۆی بە عەباس بەکوشت نادا، نەکەی دایکت بکوژی ئامان... ئەوانەی دایکی خۆیان دەکوژن لە ژیانیاندا ئۆخەی ناکەن، لەو دونیاش دۆزەخ جێگەیانە... باش گوێم بۆ هەڵخە... من باوکت بەقەد گیانی خۆمم خۆشدەویست، باوکت هاوڕێی «پێکم» بوو، هاوڕێی سەر مێزی قومار بووین، چەند جارێک پێکەوە بۆ ئەدەنە چووین و هەردووک بەتەنیا مەیخانەمان پێ چۆڵ کردوون... باوکت هەڵۆیەک بوو بۆ خۆی، پیاوکوژێکی وەک عەباس نەبوایە سەرتۆپ چوقورئاوا نەیاندەوێرا توخنی بکەون و بیکوژن... باش گوێم بۆ شل کە کوڕی هاوڕێ شیرینەکەم: نەکەی دایکت بکوژی... من دەزانم مامەکانت دەیانەوێت بەتۆی بەکوشت بدەن، چونکی خۆیان لە خاڵوانت دەترسێن، لە خاڵوانت چەکەرەیان نەکردبا دەمێک بوو کوشتبوویان... ماڵە خاڵوانت پیاو کوشتن و ئاو خواردنەوەیان لەلا یەکە، خانەوادەی خاڵوانت زۆر دەستڕۆن. ئازا و بوێرن، پیاوکوژن. مامەکانت خۆیانیان لێ لادەدەن، چاک دەزانن گەر بێت و خوشکەکەیان بکوژن، بەرێچەڵەکیاندا ڕۆدەچن لەو بنەماڵەدا یەکێکیان قورتار نابێ، بەڵام کە تۆ بیکوژی دەستیان لە تۆ ناچێت...»

حەسەن بەپەلەپەل نانەکەی خوارد و لێ ببووەوە، لەوەتی هاتبووە چێشتخانەکە گران





و لەسەرخۆ بوو، بۆ یەکەم جار شڵەژا و وتی: «تۆ بڵێیی خاڵۆکانم نەمکوژن؟»

«ناتکوژن» کابرای کوردە وای وت. «ناتکوژن... بەڵام تۆش نابێ دایکت بکوژی... یەک دەستی بەخوێنی دایکی خۆیدا بچێ، تا مردن کراسی ئاگرینی لەبەر دەکات... کراسێکی ئاسنین، وەک ئەوە وایە هەموو ڕۆژێ بەزنجیرێکی سوورەوەکراو، پشتی داخ بکرێت... بەقسەی کەس نەکەی، خۆیان چی دەکەن با بیکەن، چی دەڵێن با بیڵێن... تۆ دایکت نەکوژی، باشە؟».

حەسەن جارێکی کە هاتەوە خۆی شڵەژاوییەکەی ڕەوابووەوە پرسی: «خاڵوانم لە کوێدان... ماڵیان لەچی جێگایەکە... بڕۆم بۆ لایان دەیاندۆزمەوە؟»

کوردەکە وتی: «نازانم... باوکت بۆی باس کردووم، بەڵام لەبیرم نەماوە... باوکت دڵی لە دایکت چوو، کاتێ هەڵیگرت و ڕفاندی کەوتبوونە دوای... دواجار بەگەکانی چوقورئاوا کەوتنە نێوانیانەوە ئیتر باوکتیان نەکوشت ئەگینا... نانا هیزە دایکت نەکوژی... تۆش دەکوژن ها...»

حەسەن حەسەن کیسە نەخشینە پوولەکەدارەکەی باخەڵی دەرهێنا، پەنجا لیرەییەکی لێ دەرهێنا، لە پێش کابرای کوردەی دانا. کابرای کوردە پارەکەی هەڵگرت چووە لای «داخیلەکەیەوە» قسووری پارەکەی بۆ گەڕاندەوە، حەسەن لە کیسەکەی نا و هەستایە پێ.

«لای ئێوەمان خۆش بەدوعا».

کابرای کوردە تا بەردەرگا بەرێی خست، لە دوایەوە بەدەنگێک هەر ئەوەندە دەبیسترا نەدەبیسترا وەک بۆ خۆی بدوێت:

«بەقسەی کەس نەکەی. دایکت نەکوژی. هەر کەسێ جوانێکی بێ هاوتای وا بکوژێ پایەدار نابێ...».

حەسەن پەڕییە کۆڵ ئەسپەکەی. بۆ چەند ساتێک وەستا نەیدەزانی ڕوو لە کوێ بکات و بۆ کوێ بڕوات. کابرای کوردە تا ئەوکاتە هەر تەماشای دەکرد، حەسەن پێی حەسیا لەبەری گران بوو، شڵپێکی بە لاملی ئەسپەکەدا کێشا ئەسپی تاین هەج بوو، باڵی لێ پەیدا بوو لە شارۆچکەکە وەدەرکەوت، وا لە دەرەوەی شارۆچکەکەدایە نەیدەزانی چی بکا و چی نەکات، ڕووبارێکی هاتەپێش، سەری ئەسپەکەی ڕاکێشا و وا پەڕییەوە ئەمجا بۆ کوێ و ڕوو لە کوێ بکات نە خاڵوانی دەناسی نە شوێن و جێگایانی دەزانی، لە کام ئاوایین لە چ شارێکن نەیدەزانی، ناویانیشی نەدەزانی... لەوانەیە خاڵوانی هەر نەبن ئەم کوردە بۆ ترساندنی وای دەگوت... ئەی ئەگەر خاڵۆی نەبێ دایکی هەموو ڕۆژێ بۆ لای کێ سەری خۆی هەڵدەگرت؟ هەیەتی هەیەتی، دایکی برای، باوکی، گوند، تیرەیان هەیە، ئەی باشە لە کوێیە؟، لە پشتی ئەو چیایەدایە،

سەری هاتبووە گێژ، ئەو ڕێگایەی گرتەبەر کە بۆ شاخ دەچوو... پێی بەئاوزەنگیدا نا، ئەسپەکەی بەر قامچی دا...

ڕچە ڕێییەک بەناو لێرەوارەکەدا کشابوو، ڕچەکەی گرت. دارکاژی شین چووبوونە حەلحەلەی ئاسمانا، بۆن و بەرامەیەکی خۆشی هەبوو لێرەوارەکە، لە دامێنەکەی بەرامبەر تەمێکی خاو گران درێژەی کێشابوو، بەئاسمانا بڵاوبووەوە لەو بانە مانی گرتبوو، ئەسپەکە بەزەحمەت بەدامێنەکەدا هەڵدەگژا. بەتەواوی ئاودیو نەبوو لە نێوان پۆپەی دارەکانەوە سەری مەنارەیەکی لە شێوەکەدا بینی، تەمێکی خەست ببووە پەردە بەسەر ئەو ماڵانەوە کە لەناو دۆڵەکەدا بوون. کەڵەشێرێک قوقانی یەک دوو سەگ لە پڕێکدا وەڕین، زایەڵەی زەنگی مەڕ و بزن و مانگا دەزرنگایەوە... زەنگلەی دەمە و ئێواران ماندوو دەبێ... حەسەن کە لە ماڵەکان نزیک بووەوە، جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا، ترسی لێ نیشت، وەستا. بەسەر ئەسپەکەوە هەستایە پێ بۆ ماوەیەک تەماشای دێکەی کرد. یەک دوو منداڵ دەگریان، پیرەمێردێک بەسەر گردێکەوە بانگی یەکێکی دەکرد.

حەسەن جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشابوو هەر لەو شوێنە مابووەوە... داپیرەی هاتە بەرچاو، لەبەرچاوی ون نەدەبوو... ناخی پڕ بووبوو لە خۆشی و خۆشەویستی و لە بڕوا بەخۆکردن هۆی ئەم خۆشییەی نەدەزانی... کەچی تاقە کەسێکی ئەم ئاواییەی نەدەناسی، هەتا ناوی ئاواییەکەشی نەدەزانی... خۆی نەهاتۆتە ئێرەکانە، ئەسپەکە هەڵی گرتبوو و بۆ ئێرەی هێنابوو، سەرەوەی شیوەکە تاوێری مۆری وشکەچن ئاسا بەرەو ئاسمان کشابوو، تاوێرەکان دەنگەکانیان دەسەندەوە.

دەستی لە جڵەو شل کرد، بەهێواشییەکەوە ئاوزەنگی لە تەنگەی ئەسپەکە دا.

ئێستا زانی تەزووی خۆشی لەبەرچی بوو بەناخیدا ڕۆچوو... ئەسپ ڕوو لە کام دەرگا بکا، لەبەر هەر دەرگایەک وەستا دەبێتە میوانی ئەو ماڵە... گەر بڵێ میوانم و بۆ ماڵی خاڵوانم دەچم، چی دەڵێن، کەس هەیە میوانی خۆش نەوێت... ڕەنگە دانشتووی ئەم دێیە کوردبن و لە کوردە عەلەوییەکانیش بن، کوردە عەلەوییەکان جوامێر و ئازا و مەردن، لەوانەشە ئەم بێ زەواڵانە فەرسەق بن، دەبێتیش لە قۆزانییە دێرینەکان بن... هەرکێیەک بن، لە کام تایفە و بنەچە بن، ئەم چیانشینانە میوانپەروەرن...

ئەسپەکە بۆ پێش دەرگایەکی گەورەی خانوویەکی گڵین هێنای. دار چنارێکی بەرز لەپێش دەرگا لکەکانی داڵانەکەی داپۆشیبوو، بەئاستەم لک و پۆپەکانی بەدەم باکەوە دەلەرانەوە... بەسەر ئەسپەکەوە، جڵەوی ئەسپەکەی گرتووە و لەبەر دەرگا وەستاوە، ئەسپ خێرا خێرا بەکلکی مێشی قاو دەدا...

لە ژوورەوە کابرایەکی پیر هاتە دەنگییەوە، کابرا دەستی کردبووە سێبەر بۆ چاوی و دەیڕوانییە ئەسپ سوار، بۆ لای دەهات، تا ژێر دەم ئەسپەکە هات.





«کێیە... میوانە، بەخێربێن، گەورەت کردین، فەڕتان هێنا. فەرموو دابەزن...» جڵەوی ئەسپەکەی گرت و بەدەنگی بەرز بانگی ئەوانەی ژوورەوەی کرد:

«مناڵینە ئادەی میوانمان هاتووە.».

سێ چوار کەس بەجارێ هاتن. جڵەوی ئەسپیان بۆ گرت و دابەزی.

پیاوە پیرەکە پێشی کەوت، بردییە ژوورەوە، کلیلێکی دارینی لە باخەڵ دەرهێنا، بەو کلیلە دەرگایەکی دارینی نەخشێنراوی کردەوە... ژوورەکە پڕ فەرشە، ئەو گڵێمانەی ڕاخراون ئیش و ڕەنگی ئەم سەردەمە نین... بەدەمەوە پێدەکەنین. دیوارەکان لە سەرەوە تا خوار بەتەختەی دارگوێز پۆشرابوو... وێنەیەکی ئەتاتورک لە بۆشاییەکدا هەڵواسراوە... ئەتاتورک لە وێنەکەدا بەپێوە ڕاوەستاوە، پێی ڕاستی بۆ پێشەوە هاویشتووە، لە پشتییەوە گۆڵێک کشاوە، قامچییەکی بەدەستەوەیە، کەڵلەی ئەسپێکیش لە تەنیشتییەوە دیارە. چاوی شینێکی تۆخ دیاربوون... زۆری نەبرد ژوورەکە سیخناخ بوو، هەموویان شەرواڵی مەرەزیان لەبەربوو... هەمووشیان خێرهاتێکی گەرمی حەسەنیان دەکرد... قاوەیان هێنا، یەکەم کەس بە ویان دا، هەموو بێدەنگ و سەنگین و گران دانیشتبوون، حەسەنیش چاوی لەوان کرد. وەکو ئەوان لەسەر چۆک سەلار و سەنگین دانیشتبوو... بەنازکی و لەسەرخۆ قوڵفی فنجانەکەی گرت و قاوەکەی فڕ کرد، هەر وەک ئەوانیش قاوەکەی خواردەوە... خانەخوێ ڕووی دەمی لە حەسەن کرد:

«ناوم مورتەزایە... مورتەزای دەمیردەلی... بێ قەیدی بێ ناوی ئێوە...»

حەسەن زۆر حەزی بەمە نەکرد...

«حەسەنم ناوە... لە ئەناوارزای خوارووەوە هاتووم... چۆڵاقیم

«ئێ... زانیم...» مورتەزا وای وت.

«کوڕی خەلیلم...».

«خەلیلم دەناسی... باوکت پیاوێکی ئازابوو... جارێکی کە ئازایەکی وەک ئەو لە چقورئاوادا هەڵناکەوێت...».

دانشتوان بەیەک دەنگ گەواهی ئەو قسەیان بۆ دا:

«نەبووەتەوە نابێ ئێمە هەموو خەلیل دەناسین چاکە و پیاوەتی ئەو لە چقورئاوادا بەسەر هەموومانەوە هەیە، لە چقورئاوای میوان ڕانەگر، تەنها ماڵەکەی ئەو قۆناغی میوانان بوو...».

حەسەن چاکی لەبیرە ئەوەند ماندوو و کفت بوو ئەگەر لێی گەڕابان دەستبەجێ خەوی لێ دەکەوت، بۆ یەکەم جار لێرە بەچاوی منداڵ تەماشا نەکرا، بەپیاوێکی گەورە و گرانیان دادەنا، حەسەنیش خۆی وا پیشان دەدا و ڕەفتاری پیاوانەی دەکرد... هەر بۆ

ئەوەی خەوی بزڕێ، دەستی بەقسان کرد... چی وتووە، چی پێ ڕاگەیاندن هیچی نایەتەوە بیر، ڕەنگە باسی باوکی کردبێ، ئەوەشی وتبێ کە باوکی بە مار دەبێت، ئەوەی چاک لەبیرە دانشتوان چۆن تەماشای دەمیان دەکرد و چاویان زاق بووبووەوە. خەریک بوو تاریکی دابێ شێویان هێنا بۆنی کەرەی داخکراو ئەو ناوەی گرتەوە، چ خواردنێکیان دانا، پەتاتە، پڵاوی ساوار بۆنی کەرەی داخکراویان گرتبوو، نان و ماست و هەنگوینەکەش بۆنی کەرەیان دەهاتێ.

شیویان کرد و نەکرد، حەسەن بووە لەشێکی بێ گیان بەتەنیشت سفرەکەوە خەوی لێ کەوت، وەک مردوو لە جوولە کەوت.

بۆ بەیانی کە لە خەو هەستا هێشتا کە خۆر گزنگی نەدابوو، چەرچەفە سپییەکانی سەر نوێنەکەی بۆنی سابوون و سێویان لێ دەهات، لە پەنجەرەکەشەوە بۆن و بەرامەیەکی کەسکوون دەهاتە ژوورەوە... ڕاپەڕی بۆ دارچنارەکە کوتای لەکانییە کەفچەرەکەی بن دارچنارەکە شڵپی ئاوی بەڕوودادا، چووە پشت تاوێرەکانەوە لەوێ دەستی بەئاو گەیاند، لە سەگەکان نەترسابا، سەر پێشاوی پشت ئەم تاوێرانە و لەم بێشەڵانییەدا لەزەتی تەواو نەدەبوو.

بە حەسەن وا دەهات ئەم بەیانییە خەڵکەکە خۆش خۆش تەماشای ئەو دەکەن. گەڕایەوە سەر نوێنەکەی، نوێنەکەیان هەڵگرتبوو سینییەکی مسی گەورەیان لە نێوەڕاست ژوورەکەدا دانابوو، قازانێکی مسینی گەورە پڕ لە شۆربای ترخێنەی بەسەرەوەبوو، بۆنی نەعنای لێ دەهات... کەرە و هەنگوین و پەنیریشیان دانابوو... فەرموویان لە حەسەن کرد، بەشەرمێکەوە بێ ئەوەی چاو هەڵبڕێ دانیشت، مورتەزا ئامانە مسەکەی بەردەمی لە ترخێنە بۆ پڕ کرد و لە پێشی نا.

«ئەمشەو باش خەوتی میوانە خۆشەویستەکەم، جێگاکەت باش بوو؟»

حەسەن دەم و پلی چوو بەیەکا.

«زۆر باش نووستم» ڕوومەتی سوورەوە ببوو.

«پێم خۆش بوو...» مورتەزا وای گوت: «برا حەسەن... گەلێکم پێ خۆشە ئەم ماڵە بەماڵی خۆتی بزانی و لێرە بحەسێیتەوە».

حەسەن بەچاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە تەماشای مورتەزای کرد... نایەتە بیری چەند لەم ئاواییە مایەوە...

مارێک کەوتبووە دوای، لە شیرین خەودا، لە بێداریدا ئەژدیهایەکی بەدوا کەوتبوو لەیەخەی نەدەبووەوە، لەسەر پۆپەی داری لێرەوارەکاندا لە بەردەڵانی و قایەجاردا لەو ژوورەی تیا دەخەوت نازانی چۆن چۆنی و لە کوێوە ڕێیەکی دەدییەوە و پەیدا دەبوو... حەسەن شەوان هاواری دونیای دەگرتەوە... نیازی لای خاڵۆکانی هەیە، تەنها ناوی





یەکێ لە خاڵۆکانی دەزانی، بەڵام لە کوێن و لە چ دێیەکن نەیدەزانی، ڕەنگە خەڵکی ئەم ئاواییە بیان زانیبا، بەڵام لە کەس پرسیاری نەکرد... لە پڕ دڵی گوشرا و خەم دایگرت، ئازار و تەمێکی تاریک پێچایەوە... تۆ بڵێی دایکی شتێکی بەسەرا هاتبێ... نەیان کوشتبێ، هەجیان نەکردبێ ڕەتاندبێتیان... لە شوێنێکدا تۆتکەی نەدەگرت ئۆقرەی نەبوو نەدەسرەوت، بۆ ناو قایەجاڕەکان پێی لێ هەڵکرد، پێشتر لەوێدا کانییەکی بینیبوو بە چواردەوری کانییەکەوە، گەڵا پونگەی مۆر بوو، بۆن و بەرامەیەکی خۆشی پونگە و بنیشتەتاڵ ئەو ناوەی گرتبووەوە.

تا لای کانییەکە لێی نەوەستا، لەوێدا پاڵی بەتاوێرێکەوە دا. دایکی چ گوناهێکی کرد وا لە نێو ئەو جانەوەرانەدا بەجێی هێشت، بۆ خۆی لێرە پاڵی لێداوەتەوە دەخوا و دەنوێ ئەویش لە دۆزەخایە و، کەوتۆتە قوڕگی مەرگەوە، باشە ئێستا چ بکات. تۆ بڵێی دایکیان نەکوشتبێ، ببێ و نەبێ کوشتوویانە، لە پڕ هەستایە پێ و لەژێر دارچنارەکە وەستا. کانیەکە لەولایەوە کەف و کوڵی بوو، شاهۆکان بەسەر تاوێرەکاندا شۆڕدەبوونەوە و هەڵدەسانەوە، لە پڕ هەستی بەبچووکی و بێ دەسەڵاتی و داماوی خۆی کرد، خۆی لەبەرچاو کەوت، باشە مرۆ وای لێ دێ خۆی بەقەد پێشکەیە بزانێ، حەسەن کەوتبووە بارێکی واوە، خۆی لە مێشوولە بچووکتر دەدی، دەیزانی، دەیزانی چی کەتنێکی کردووە، چاک دەیزانی چی کردووە. مامەکانی دەیانویست دایکی بکوژن هەر بۆیە ئەم سەری خۆی هەڵگرت و بۆی دەرچوو...

«دەبا بەبەرچاومەوە نەبێ، من نەیبینم... با بیکوژن، هەر دەیکوژن، نابێ نەیکوژن، لە چقورئاوادا کەسێ بێزی نایەت تەماشامان بکات هەموو ڕوومان لێ وەردەگێڕن، باوکیشم لەناو قرچە و گڕەی چقورئاوادا بووەتە مار و نێڵە نێڵ لە دۆزەخدا دەسووتێ. دەبێ بکوژرێ، ئەسما دەبێ بکوژرێ. ئەسما دەبێ بمرێت...».

چەندەها ڕۆژ هەر بیری لەمە دەکردەوە. چ مەرگەساتێکە بنیادەم مەرگی دایکی خۆی بوێ؟ ئەمە قەت بووە؟ ئەی ئەگەر دایکی باوکی بەکوشت دابێ، بەکوشتی دابێ و تۆڵەی خوێنەکەشی نەکرابێتەوە، تۆڵەی نەکرابێتەوە و لە گۆڕیشدا جێی نەبێتەوە و حەجمینی لێ هەڵبگیرێ و گۆڕەکەی بتاکێتەوە و بۆی دەرچێ، تا تۆڵەی نەکرێتەوە تا ڕۆژی حەشر هەموو شەوێ لە ئازاری دۆزەخدا هاوار هاواری بێ بەهەزار و یەک تەور و چەشن خۆی نیشان بدا و، بگەڕێ، لەبەر ئەوە دەبێ بکوژرێ، دەبێ داپیرە چ دوشمنایەتییەکی لەگەڵ ئەسمادا هەبێ تاکو... ئەو دەیەوێ کوڕەکەی ڕزگار ببێ، دەکۆشێ کوڕەکەی لە گۆڕ دەرچوون قوتارکات.

ئەسما خۆیشی بوایە هەر وای نەدەکرد؟ ئەی من ئەمە بۆ باوکم نەکەم؟... لە قەراغ کانیەکە ڕونشت، زارزار بەکوڵ گریا، گریانیش دادی نەدا، دڵی هەزارەی دەکرد، گومان

و دڵەڕاوکێ و دوودڵی دەورەیان دابوو.

ئەی ئەگەر ئێستاکە دایکیان کوشتبێ... تەوژمی شادی لە دڵی گەڕا، شەپۆلی خۆشی خۆشییەکەی خاوبووەوە، دامرکا. کزەیەک لە ناخیەوە هات... جارێک خۆشی جارێک خەم و ئازار دایدەگرت. جارێ لە گۆڕ دەرچوونی باوکی جارێ داپیرەی، مامەکانی، عەلی مامەی، عەلی، عەلی مامەی دەبێ ئێستا لە کوێ بێ؟، ئەو عەلییە بەجارێ لە مرۆوایەتی بێ بەشە، لەوانەیە ئەو مامەیەی دایکی کوشتبێ، جارێ لاشە و کەلەشی دایکی وەبەرچاو دەهات... ئێستا کەرمۆز بێ گیزەگیز تێی وروکاون، هەر پەلێکی بەلایەکدا چووە، خوێنی بەسەر خۆڵەکەوە وشک بۆتەوە، ڕوومەتی پەنماوە، زیچکاوێکی زەردباو بەچاویا شۆڕبۆتەوە، مێش و مەگەز لە دەم و چاوی ئاڵاوە...

بەپەلە بۆ ماڵی خانەخوێکەی گەڕایەوە، سەری ئەسپەکەی ڕاکێشا، ماڵئاواییشی نەکرد، خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی ڕێگای گرتەبەر، بەرەو چوقورئاوا تێی تەقاند...

چ ڕووی دا، کەی هات و چ وەختێ گەیشتە ئاوایی و عەلی مامی کەی ڕێی لێ گرت، ئەمانەی هیچ نایەتە بیر... ئەوەی لەیادە دایکی قورتاری دەکرد، هەر کە چاوی پێکەوت زیرەی لێ هەڵسا و بەهەڵەداوان خۆی گەیاندێ و لە باوەشی گرت... جلەکانی خوێناوی بوون، زامەکەی سەخت نەبوو... دوای دوو ڕۆژ دایکی ئەوەی پێ گوت، هەروەها ئەوەشی پێ گوتبوو، ئەسپەکەی قاچێکی شکاوە، پێی گوتبوو ئەسپێکی چاکتری بۆ دەکڕێت، باوکی پارەیەکی زۆری بۆ جێهێشتبوون، دایکیشی پارەی زۆرە.

حەسەن تایەکی لێ هاتبوو دەتگوت تەنوورە... بەرە بەرە چاک بووەوە، دوای ئەمە حەسەن دەترسا بچێتە نێو گوندی، ڕۆژ تا ئێوارە لە ماڵەوە دەبوو، تا زاتی چوونە بەر دەرگاشی نەبوو، نەیدەوێرا سەر لە دەرگاوە بکێشێ.

ئەو ماوەیەی نەخۆش بوو نە داپیرەی نە مامەکانی نە خەڵکی ئاوایی سەریان نەدا و هەواڵیان نەپرسی... لە ئاواییدا واتەواتێ داکەوتبوو، دایکی هیچی لەو بارەیەوە بۆ نەگێڕابووەوە. باشە حەسەن لەکێ و چۆنی بیستبوون؟ گوایە شەوێکیان باوکی گەڕاوەتەوە و لە تەرکی ئەسپەکەی ناوە، بۆ ئەو چیایانەی ڕفاندووە، لەوێ دەستی لە بینەقاقای نابوو، چاوەکانی وەختەبوو فرتەکەنە دەرەوە، پێی وتووە... بێ قیمەتی هیچ و پووچ کێ بوو هێشتی باوکی لە گۆڕ دەرچێ و تا ڕۆژی قیامەت لە ئاگردا بسووتێ؟... بێ دەسەڵات و خوێڕی سەرباری ئەوەش نانی دەستی ئەو کەسە دەخۆی کە باوکتی کوشت تۆ بۆ مردن باشی.

بۆ چەند مانگێک باس هەر ئەم باسە بوو، دەیانگێڕایەوە و موویان دەبووە سنگ.

ڕۆژێکیان حەسەن لە ماڵ دەرکەوت بۆ کن داپیرە و مامەکانی چوو. شێتگیر بووبوو، ئاگای لە خۆی نەمابوو، قیراندی...:





«ئا، من ڕۆیم، ڕۆیم هەڵاتم، سەری خۆم هەڵگرت و ڕۆییم باشە... وتم با لەم گوندە نەعلەتییە دووربم، لەداخی ئێوەدا وام کرد... نە باوکم بینیوە نە هیچ کەسێکی کە... درۆیە، درۆیە درۆۆۆۆ. ئێوەش هەمووتان درۆزنن... درۆ دەکەن...».

تا ئێوارەکەی ڕێی لە ڕێبواران گرت. بەڕوویاندا هەڵدەشاخا درۆ دەکەن، هەرچی بەزاردا هاتبا نەیدەگێڕایەوە... ئەوانیش جوان جوان تەماشایان دەکرد، وەک بەمنداڵێک یا بەشێت و جندارێکدا بڕوانن دەنگیان نەدەکرد. کە ڕێی لە سەفەرەپیر گرت و لە ڕوویا دەستی بەهاوارکردن کردبوو، بێ ئەوەی بەدەمیەوە بوەستێ، لەبەرخۆیەوە دەستی بە وێرد خوێندن کردبوو و، وای گوتبوو:

«وای بێ زەواڵەکە، لە گۆڕ دەرچوونەکەی باوکی ئەمیشی گرتەوە».

حەسەن کە گوێی لەوە دەبێ، ڕوومەتی لە چنگ دەگرێت و بەڕاکردن دەگەڕێتەوە ماڵ، دەمەونخوین لێی کەوت، کە دایکی بەو حاڵە بینی، چووە تەکی و هیچی لێ نەپرسی...

دوای ئەم ڕووداوە حەسەن لە ماڵ بەند نەدەبوو، لە ناخەوە شتێک پاڵی پێوەدەنا بچێتە نێو گوند: خەڵکەکەش کە دەیان دی، تاکە کەسێک بێ یا کۆمەڵێک بن ڕووبەڕوو یا پاشملە قسەیەکیان تێ دەسراواند، دەبوایە پلارێکیان بهاوێشتایە:

– «ئەوانەی گۆڕیان دەتاکێنەوە و لە گۆڕ دەردەچن، سڵ لە کوڕی خۆشیان ناکەنەوە، با تاقانەش بێ هەر دەیڕفێنن...».

– «ئەوانەی لە گۆڕ دەردەچن، بۆ ئەوەی لەو بارەی تێدان ڕزگاریان ببێ، هەرچی نەشێ دەیکەن...».

– «هەقی خوێنەکەی نەسێنرێ لە گۆڕدا ناسرەوێ...».

– «کەس بەدەردی لە گۆڕ دەرچوون نەچێ...».

– «ئەوەی تۆڵەی نەکرێتەوە دەبێ لە گۆڕ دەرچێ...».

– «لە گۆڕ دەرچوون شتێکی گرانە و هەر بەدەم ئاسانە...»

– «ئێستا ئەگەر ئەسما مردنێکی ئاسایی بمرێ، خەلیل تا ڕۆژی حەشر هەروا دەمێنێتەوە، ئەشکەنجەی ئەم دونیا و ئازاری ئەو دونیاش دەچێژێ...»

– «قەت خوانەکات مردنی ئاسایی بەنسیب بێ، حەیف بۆ خەلیل...».

– «لەجیاتی ئەم کوڕە بوودەڵەیە، خوا بەردێکی ڕەشی پێ بدایە چاکتر نەبوو؟».

– «بۆچی دایک کوشتن هەر وا ئاسانە؟».

– «حەسەن هێشتا بۆنی شیری خاوی لەزار دێ... گەورە بوایە دەیهێشت دایکی ڕۆژێ بەزیندوویی بمێنێ؟».

– «کوشتنی دایک هەر وا ئاسان نییە...».

– «گشت کەسێکیش دەستی لە دایکی خۆی ناچێ».
– «ئەوەی دڵی وەک بەرد نەبێ دایکی خۆی ناکوژێت».
– «دایک کوشتن دڵڕەقی دەوێت...».
– «یەکێکی وەک ڕۆستەمی زاڵ...».
– «کوێر ئوغلویەک بێ بۆ خۆی...».
– «وەکو مستەفا کەمال دڵڕەق، یا یەکێ بێ وەک چزق دوران...» (*)
– «مەگەر ئەژدیهایەک بن بۆ خۆیان، ئەوانەی وا دایکیان دەکوژن».
– «منداڵێکی وا چۆن چۆنی دایکی بکوژێ...».
– «هەموو کەسێ دەستی لە دایکی خۆی هەڵناسێ... گاڵتە نییە...».
– «هەڵئەسێ...».
– «دایک چۆن دەکوژرێت...؟!»
– «بێ قــەزابی... ئەمــە بیــرکــردنەوەیەکی چەوت و چێــڵــە... دەیانەوێ بچنە بن کلێشەیەوە و دایکی پێ بەکوشت بدەن...».
– «ئەویش عاقڵە و کاری وا ناکات...».
– «دەستی خۆش بێ وا دایکی خۆی ناکوژێ...»
– «تۆ چاو چاو، دایکی دەپارێزێ... بەڕاستی کوڕە».
– «ئەی خەلیل... ئەی باوکی کە لە گۆڕ دەرچووە...؟».
– «با دەرچێ...».
– «تۆڵەی نەکرایەوە...».
– «چۆن تۆڵەیان نەکردەوە، ئەی عەباسیان نەکوشت؟»
– «ئەسماش دەکوژن...».
– «بە حەسەنی بەکوشت دەدەن... بەکوڕی خۆی...!».
– «منداڵە...».
– «ئەسما دەکوژن...».
– «حەسەن دەیکوژێت».

حەسەن وەک خۆی لەناو خەوندا بیبینێ وابوو، کەتنێک دەکات، بۆ بیستنی ئەم وتی وتییانە دەچووە نێو ئاوایی، ڕۆژێک باسی باوک و دایکی نەژنەوتایە دەتگوت شتێکی

(*) مستەفا کەمال: مەبەست کەمال ئەتاتورک.
چزق دوران: یاخییەکی بەناوبانگی ناو چیای تۆروس بوو... «وەرگێڕ»





لێ ون بووە. بوو بوونە بەشێک لە ژیانی... دەیزانی کێ لە هەمـوو زیاتر باسی باوک و دایکی دەکرد بۆ لای ئەوە دەچوو... بێدەنگ گوێی لە گۆڕ دەرچوون و خوێن ڕژان و تۆڵە نەکردنەوەی باوکی و سۆزانێتی دایکی و دەیان باسوخواسی سەیر سەیر دەگرت، ئەگەر شتێکی نوێی نەگێڕابایا خۆی شتێکی هەڵدەبەست و دەیگێڕایەوە، خۆشی بڕوای بەو دەست هەڵبـەسـتـەی خـۆی دەکـرد... خـەون و ڕاسـتی بۆ لێک جـیـا نەدەکـرایەوە، لە هیچیشـیـان سەری دەرنەدەچوو، خەڵکەکەش بەدەردی حەسەن چووبوون... پەیتا پەیتا حیکایەتیـان دەگـوڵجـان و دەیانگێـڕانەوە، بەخـۆشـیـان دەیانزانی دەست هەڵبـەسـتـەن و دوورن لە ڕاسـتی کـەچی بڕوایان دەهاتێ، بەڕاسـتـیـیـان دەزانی، دەرد لەوەدا بوو «ئەسما»ش بڕوای بەو وتانە هەبوو، ئەمجارەیان کوڕەکەشی بدەنێ، پەلی بدەنە دەستی و بڵێن بڕۆ، نەدەڕۆیشت... حەیف ئەسما... ئەوەی بەسەری ئەودا هاتبوو یاخوا بەسەر کەسدا نەیەت... حەسەن، ئەسما، داپیرە، خەڵکی ئاوایی جادوویان لێ کرابوو...

پەڕەسێلکە پۆل پۆل بەردەرگەی ماڵانیان گرتووە. لێرەکانە، لە چوقورئاوا، پەلەسیرک لەناو مـاڵاندا هێـلانەیان دروست دەکـرد... لە هەر مـاڵێکدا، لە تەویلە و کـادین و پشتیراندا هێلانەیەک هەبوو پاشانیش زۆر دەبوون.

هەمـوو سـاڵێک کـە لە کـۆچ دەگـەڕانەوە بەپنتکە قـوڕ دەسـتـێکیـان بەهێـلانەکـاندا دەهێنا، یاخود هی نوێیان دروست دەکرد، هێلکەیان تیا دەکرد و بەسەریا کڕ دەکەوتن و بەچکەکانیان تیا بەخێو دەکرد.

پەڕەسێلکە هێلانە لەنێو چاوانیشدا دانێت تێکدانی گوناحێکی گەورەیە... چەندین کـەس لە سـەرینی تێکدانی هێـلانەی پەڕەسێلکەوە گـۆج بووبوون، کـەسانێکی کـەش تووشی دەستە لەرزە بوون، بەناو دێدا دەگەڕان، جەستەیان وەک بی دەلەرزی.

هێلانەکان بەبەچکە تـازە جوقاوەکانیشـەوە لەزەوی کـەوتوون بەچکەکـان هەندێکیـان فلیـقـاونەتەوە و بەزەوییـیـەوە نووسـاون، هەندێکـیـشـیـان بەتووکی نەرم و دەنووکی زەردباوەوە بێ وەسـتـان دەزریوێن.. ئەمـە دەسـتـێکی شـێت و تووڕەیە وا لەوبانەوە لە تۆی کاریتە و راجەکانەوە ئەو زەڕنەقووتانە دەردەهێنێ و بەملاو بەولادا تووڕیان دەداتە خوارەوە.

بەیانی، کە دونیـا ڕووناک بووەوە ئاوایی شڵـەژا و ترسی لێ نیـشت گشت کـەسێ دەیزانی کێ ئەو هێلانانەی وا لێکردووە، پەڕەسێلکەیەکی زۆر بەناو ئاواییدا دەهاتن و دەچوون، بەسەر دەرگاکاندا وا دەیانجریوان پیـاو دڵی پارە پارە دەبوو، بەزریکە زریک و شڵـەژاوییـەوە دەفـڕین، بۆ سـەر زەرنەقـووتە تۆزاوی و هێـلانە وێران بووەکـانیـان شـۆڕ دەبوونەوە، هیــچــیــان بۆ نەدەکــرا دووبارە بەرز دەبوونەوە، لە شــێــوەی بازنەییــدا دادەبەزینەوە بە بەرزی یەک دوو مەتر نزم دەبوونەوە و بەسەر هێـلانە و بەچکەکـانیـاندا

بێ وەستان دەسوورانەوە.

خەڵکی ئاوایی بازوویان لێ هەڵکرد، لانەکانیان خستە جێگاکانی پێشوویان، بەچکەکانیش لەسەر نیوە کەڵکی گواستنەوەیان مابوو.

حەوتوویەک، دە ڕۆژی پێ نەچوو، خەڵکی گوند بەیانیانێک کە لەخەو ڕابوون، بینییان هەمدیس هێلانەکان فڕێدرابوونە سەر زەوی، پەڕەسێلکەکانیش پۆل پۆل بەسەر دەرگای ماڵاندا زیکە زیکیانە. بەچکەکانیشیان وەکو جاری پێشوو لە تۆز و خۆڵ نیشتبوون دەمیان دادەپچڕی و لە گیانەڵادا بوون...

ئەمجارەش دانیشتوان لە بەیانییەوە تا ئێوارە خەریک بوون، بەچکەکانیان خستنەوە ناو هێلانەکان... جارێکی کەش پەڕەسێلکەکان، هێلانەی وێرانیان چاک کردەوە. چاککردنەوەی چی... شەوێکی کە کارەساتەکە قەومایەوە... ئەمجارەیان بەچکە پەڕەسێلکەیە چییە دەرنەچوو... ئیتر چی بۆ هێلانەکەیان بگەڕێننەوە. پێویستی بەوە نەدەکرد خۆیان ماندوو بکەن... پەڕەسێلکەش هەریەک دوو ڕۆژ پۆل پۆل بەدەوری دەرگای ماڵەکاندا هاتن و چوون، کە ئومێدبڕ بوون، سەری خۆیانیان هەڵگرت، لە دێدا تاقە پەڕەسێلکەیەکت نەدەدی...

هەموو کەسێ دەیزانی ئەم کەتنە کێ کردوویەتی، کەسیش بەوەی کەی نەدەگوت... بەدوێمی و شوومی و ڕەشبینی باڵی بەسەر ئاواییدا دادابوو.

سەد ساڵ زیاترە پەڕەسێلک لەو ئاقارەی ئەناوارزا، لە شوێنی تووش و ڕکدا لە کون و قوژبناندا هێلانەی خۆیان دەکەن... شوانێک بەهەڵەداوان خەبەری بەگوند دا، چەنی هێلانە تیایە ئەناوارزا، گشتی دانەیەک چییە نەماوە، هەمووی وا لە زەوی کەوتوون، پەڕەسێلکەکان، بەچکەکانیان مار خواردنی، هەر مارە و بەچکە پەڕەسێلکەیەکی وا بەدەمەوەیە «بەم دوو چاوەی خۆم بینیم» شوانە وای دەگوت «هەرتک چاوم کوێربێ ئەگەر...».

هەمان ئەو دەستە ڕەشە گەیشتە هێلانەی هەڵۆکان... هەروا هێلکەی شکاو بەچکە هەڵۆی مردارەوە بووە لەو ناو تاوێرانەدا فڕێدراون... هەرچی هەڵۆی چیا هەیە بە ڕقەوە، لەسەرخۆ بەئاسمانەوەن بەو ناوانەدا دێن و دەچن... لەناو تاوێرەکانیشەوە بێ وەستانەوە دەنگی تەقەی تفەنگ دەهات.

جێگای دە جۆخین ئاگرێک هەڵایساوە، هەموو شتێکی ئەوناوە گڕی گرتووە، بەچکە هەڵۆی مردارەوە بوو، پەڕەسێلکە مردووەکان، کەوتبوونە ناو ئاگرەکەوە... تاوێرەکان دەسووتان... باڵندەکان، جانەوەر، مارەکان ڕێوی ئاسمان دار و دەوەن پووش و پەڵاش، گیا، دارەکان، ماڵەکان قرچە قرچ دەبوونە قەرەبرووت.

ئاگرەکە گەیشتە ژوورەکان شتومەکەکان دەبوونە سووتوو بەدوکەڵ و هیس ڕەش





هەڵدەگەڕان، ئاگر گەیشتە هەیوانی ژوورەکەی داپیرە، ئاگرەکە زبانەی دەکێشا، دەرگاکە هەڵایسا، ئاگر گەیشتە کاریتەکان، بایەکی توند ئەوەندەی تر ئاگرەکەی خۆش دەکرد، لەچاو ترووکانێکدا ژوورەکە بووە پارچەیە ئاگر... لە دیوەخانەکەوە بۆ کادینەکە تەشەنەی کرد لەوێشەوە عەمبارەکەی ئابلوقەدا، لەوێوە ماڵی حەسەنیشی گرتەوە. ئەسما لەچاو نوقاندنێکدا خۆی ئامادە کرد، حەسەن خۆی کردبووە خەو. ئەسما تاوی دا حەسەنی بەنوێنەکەوە لە ئاگرەکە دوور خستەوە و لە داڵانەکە لە بن دارەکە داینا، حەسەن لەژێر چاوەوە تەماشای ئاگرەکەی دەکرد... دایکی بە نکە نک بە پیپلکەکاندا سندووقێکی گەورەی کردبووە کیش دەیهێنایە خوارەوە بەکیشی کرد تا هێنایە کن حەسەن بەدەنگێکی بەرز دەنگی لە حەسەن کرد.

«هەڵسە، حەسەن هەڵسە، هەرچیمان هەیە و نییە وا لەم سندووقەدایە چاوت لێ بێ...».

ئەو ناوە ببووە ڕۆژی ڕووناک، گوندییەکان بەکراسێک و شەرواڵێکەوە ڕژابوونە ئەو ناوە، بەیەکا دەهاتن، دیوەخانەکە نێڵە نێڵ دەسووتا، لە هەندێ جێگاوە هێزی دەدا و دەڕووخا. حیلەی ئەسپ قۆڕەی گا لە کادینە گڕگرتووەکەوە دەهات، بایەکی توند شێتانە هەڵی کردبوو زبانی بەئاگرەکە دەکێشا حەوزەڵەی دەسەند، یەک دوو زنجی خوارەوەی دێ گڕیان گرت، گڕگرتنیان و بەخۆڵەمێش بوونیان یەکێ بوو... دیوەخانەکە هێشتا هەر دەسووتا، یەک دوانێ بەسەتڵ ئاویان بەسەر ئاگرەکەدا دەکرد، کەچی ئاگرەکە باشتر خۆشدەبوو، حەسەن لەو خۆ بەخەو کردنەی هەڵنەسا، وەک بەڕاست خەوی لێ کەوتبێ، تا بەیانی بەو جۆرە مایەوە.

دایکی شپرزەبوو، دەهات و دەچوو.

«بنوو حەسەن بنوو... کەس پێی نازانێ، چاکت بەم بێ دینانە کرد چاک، دەستت خۆش بێ؛ تۆ بخەوە ڕۆڵە...».

حەسەن ڕاپەڕی دەمی دایکی لە چنگ گرت:

«ووس سە... بەگرتنم دەدەی... دەمکوژن وسبە...» وای گوت و گەڕایەوە سەر نوێنەکەی خۆی کردە خەوتوو... بەیانی وەک هیچ شتێک ڕووی نەدابێ لەخەو هەستا، سەر و چاوی شوشت... خەڵکانێکی ماندوو لەو ناوانە دەهاتن و دەچوون. داپیرەی لە هەیوانەکە پاڵی بەدیوارەکەوە دابوو پڕ چنگێکی مابووەوە. دایکی لە ژوورە ڕەش هەڵگەڕاوەکانەوە شتومەکی نیوە سووتاوی دەردەهێنا. کە سەری هەڵبڕی تفەنگە قۆنداغ سەدەفینەکەی بینی، بەلقەدارێکەوە هەڵواسرابوو... کاتێ ئاگر لە ماڵەکان بەربوو خۆی لە ژوورەکە دەرچوو تفەنگەکەی لەبیر کرد، بەڵام دایکی چۆن لە بیری دەچێ، تفەنگەکەی لە سووتاندن ڕزگار کرد و بەو لقەدارەوە هەڵیواسی...

لەم بەیانییە تەماوییەدا دوکەڵ بەکاوەخۆ، بەئاستەم لە خانووەکانەوە خاو خاو بەرز دەبووەوە، بۆن سۆ و بۆ کرووز ئەو ناوەی گرتبووەوە.

حەسەن قەت وەک ئەم بەیانییە بزەی سوێڵی نەهاتووە و کەیفخۆش نەبووە.

ئەو شتومەکانە، کە دایکی لە سووتاندنی قورتار کردبوو یەک دوو کەس هاتن و بۆ ئەو ژوورە چنکویەیان برد کە بەتەنیشت دارپەڵکەکەی ئەو دیو دیواری داڵانەکەوە بوو، شتومەکەکانی داپیرەشیان لە خانوویەکی نزیک کەڵەکە کرد، هەمدیس بوونەوە هاوسێی یەکتر.

بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، باس هەر باسی ئەوەبوو، دەبێ کێ ئەمەی کردبێ... هەرکەسێ هەڵدەسا و ئەوی کەی تاوانبار دەکرد.

دەمیان دەکردەوە، سێ کوڕەکەی «قزر»یان تاوانبار دەکرد، هەموو لایان وابوو: بێ و نەبێ کوڕانی «قزر» ئەمەیان کردووە... جەندرمەیان لێ ئاگادارکردنەوە و ڕەوانەی بەندیخانەیان کردن. دایکیان، ژنەکانیان لە بەیانییەوە تا ئێوارە دوعایان لە ئاوایی دەکرد و دەگریان...

هەندێ کەسیش لایان وابوو لە «عوسمانە ڕەش» بەولاوە کەسی تر ئەمەی نەکردووە، ئەو عوسمانە ڕەشەی کە جێ برینی دوو سێ دەمە چەقۆی پێوە دیاربوو...

ئەو خانووانەی داڕووخابوون دانیشتوانی گوند بەدەسەوایی و کۆمەک لە وەعدەی چەند ڕۆژێکدا پاک و تەمیزیان کردەوە و ناردیان چەند وەستایەکی دەست ڕەنگینیان لە چیاکانەوە هێنا و لە جارانیان جوانتر کردەوە.

حەسەن هەر لەبەیانی زووەوە تا ئێوارێ، لەناو زەل و قامیشەڵانییەکاندا خەریکی ڕاو کردنە، لەناو کەلاوە و ئاسەوارەکانی ئەناوارزادا لەسەر تاوێرێک دادەنیشت و هەر بیری دەکردەوە... بەرد و چیا بۆنی چاترەیان لێوە دەهات.

«باوکتم بینی باوکت... حەسەن باوکتم بینی... سەگێکی زەرد دوام کەوت، مانگە شەوێ بوو نەبێتەوە، وەک ئەوەی ڕۆژ هەڵاتبێ، سەگە زەردەکە زوانی بستێ دەرچوو بوو، جار نەجارێ لەسەر دوو قاچ دادەنیشت لمۆزی بەئاسمانا دەکرد و بەمانگەکە دەوەڕی... گەیشتینە «ئەریکە سیغنە» ترسێک چووە دڵمەوە، ترسام، تەماشام کرد سەگەزەردەکە بووە بنیادەم، بنیادەمەکە بووەوە سەگ، جارێ تەماشا دەکەی وا پیاوێک بەکفنەکەیەوە وەستاوە، جارێ دەبینی سەگێکی زەرد بەمانگەشەوەکە دەوەڕێ، جارێکی کە... ڕوانیم نە سەگەکە نە کابرا لەبەرچاو نەمان، مارێکی سوور بەرامبەری گرتووم... سوورایەتییەکەی شەوەکەی سوور هەڵگەڕاندبوو... ڕێگاوبان، دەغڵ و دان، مەزراکان، قامیشەڵانی سوور هەڵگەڕان، خوێنێکی سوور و گەش لە تاوێرەکانی ئەناوارزاوە لرفە لرف هەرچی دەهاتە پێشی ڕایدەماڵی دەهاتە خوار، داروبەردی ئەو بنارەی داماڵیبوو





و... لە پڕ هەموو شتێ زەرد هەڵگەڕا... تەماشام کرد... خەلیل لەناو کفنێکی سپیدایە، ڕوومەتی زەرد چۆتەوە، لە پێشمدایە... بەسەر دەستما کەوت... «گوێم لێ بگرە مەلا حوسێن»، وای گوت، «برای چاک بە گوێم لێ بگرە... هێ یـ ی باش گوێم لێ بگرە، هاوڕێ، زۆر پەرێشانم، خۆزگەم بەدۆزەخ... سێ ڕۆژ لەمەوبەر کەری کابرایەکی لادێیی بووم، دوێنێ بوومە بەراز و کەوتمە ئەم شاخانە... مانگی لەمەوبەریش بووم بەسەگی دایکی عەباسی دوشمنم. ئینجا بووم بەکوللە، کە بووم بەکوللە سووتاندمیان ڕزگارم بوو...».

حەسەن ڕووی لە نێو هەردوو لەپی خۆیدا شاردەوە.

عەلی هات و لەژێر دارپەڵکەکەدا وەستا، بانگی لە حەسەن کرد:

«ئا وەرە حەسەن...»

حەسەن بەڕاکردن بۆ لای هات:

«بەخێر بێیتەوە مامە... لە مێژە دیارنیت لە کوێ بووی؟! زۆر بەدواتا گەڕام...».

«هەڵدێم... سەری خۆم هەڵدەگرم، خۆشاردنەوە و هەڵاتن هەر بۆ من باشە، تا ڕۆژی قیامەت هەڵاتن بەشم دەبێ...».

«لە دەستی کێ هەڵدێی؟!» حەسەن بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی «لە ترسی کێ هەڵدێی؟!».

«دەبێ هەڵبێم... تۆش و منیش دەبێ هەڵبێین، بەدەستی خۆمان نییە، چارەنووسمان وای هێناوە...»

«چارەنووسە...». سەری نەوی کرد و ئەوەی دووبارە دەکردەوە... «چارەنووسە...».

عەلی وتی دەبا تا ئەو بانە بچین...

«با تفەنگەکەم بێنم...»

هەردووک بەجووتە ڕوویان لە ئاناوارزا کرد... بەپلیکانەکاندا سەرکەوتن هاتنە پاڵ پەرژینەکە. لە ڕێگاکەی بەرامبەرەوە، ئوتۆمبیل، تراکتۆر و گالیسکە و ماشێنی دروێنە دەهاتن و دەچوون. گەردەلوولێک لە دەشتاییەکەدا چووبووە ئاسمانا و بەخێرایی بەرەو ڕۆژئاوا ملی نابوو، لەسەر قایەیێک دانیشتن. عەلی لاوێکی کەڵەگەت و بەخۆوەبوو، لووت بەرانپۆز، دەم و ڕوو کرژ، هەندێ جار ڕووکرژییەکەی لە پڕ دەڕەوەییەوە وات دەزانی ها ئێستا پرمە لە گریان دەدات...

«بێزاربووم» عەلی وای وت... «... ڕێگایەکم پیشان بدە، چارەیەکم بۆ بدۆزەرەوە حەسەن، لەم دەردەم قورتارکە، تۆ دەرمانی دەردامی، مەرهەمی زامانم تۆی حەسەنە ئازاکەم، ئەم دەمانچەیەم بۆ تۆ هێناوە، کارخانەی بولگارە و مشتوی سەدەفی سافە، ئەم دەمانچەیە هی باوکتە لە دوای کوشتنەکەیەوە لە دوامەوەیە... هەر ئەو شەوەی کە

لێیدا، ئاورم دایەوە بینیم، باوکت وەک سێبەرێکی درێژ هەر لە خەلیل دەچوو، هەموو شوێنێکی خەلیل بوو، چاوی لووتی، گوێی کوتومت خەلیل، خەلیل وەلاّم بەسێبەر بووە. وتم بلێ، خەلیل بلێ... داچەمی وتی عەلی... عەلی برام، گوێم لێ بگرە، خوێنم بەفیڕوو نەدەن، تۆ برا بچووکمی و لە هەموویان ئازاتری، کوڕەکەم دەلێی هێشتا منداڵە... ئەوەی بەکوشتنی دام، تۆ بیکوژە. وا مەکە لە گۆڕ دەرچم. حەسەن دایکت جوانییەکەی بێ هاوتایە، یەزدان بەتایەکاری نەخشاندوویەتی، من دەستم لێ ناچێ. ئەو شەوەی باوکتیان کوشت، دەمانچەکەم هەڵگرت و چوومە ماڵەوە، دایکە جوان و ناسکەکەت تەماشای کردم وتی: دە زووکە بمکوژە، بەلاّم با کوڕەکەم نەزانێ مامی دایکی کوشتووە، چونکی ئاسەوارتان دەبڕێننەوە، بە ڕچەڵەکتانا دەچێتە خوارێ و تا قیامەت ئاو لەسەرتان دەخواتەوە، دەزانم، ئەوەم چاک زانیوە دەمکوژن، تاکو زووە بمکوژن و ڕزگارم بکەن. وتی، دە زووکە دەست بکەرەوە با ڕزگار بم. دەستم لەرزی حەسەن، نەمتوانی دەست ڕاکێشم، یەزدان لە هەزار ساڵ، دوو هەزار ساڵ جارێک جوانێکی وەک دایکت دەخولقێنێ. نەمکوشت، وتم خوشکێ من ناتکوژم، لەم کاتەوە سەری خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم، کێ دەتکوژێ با بتکوژێ، بەلاّم من نەء، دەستم لە جوانێکی وەکو تۆ ناچێت... ئیتر ئەوەبوو سەری خۆم هەڵگرت و کەوتمە ڕێ، کە ئاورم دایەوە خەلیل وا بەدوامەوەیە لە تۆی کفنێکی سپیدایە، وەستاوە هەروەکو منداڵ دەگری، وتم نایکەم، کاری وا ناکەم خەلیل، دەبا یەکێکی کە بوایە، لە جیاتی ئەسما، دایکم بوایە دەمکوشت و تۆم لە گۆڕ دەرچوون ڕزگار دەکرد، بەلاّم ئەسما ناکوژم، خەلیل نایکوژم، تۆ لە بری من بوایەیت دەستت لە ئەسما نەدەچوو، ئەوەی خۆی بە بنیادەم بزانێ ئەسما ناکوژێ، نایکوژێ خەلیل... خەلیل لەسەر دەم کەوت، دەستی بە نکە نک کرد، نکەنکێکی وا زەوییەکە دەلەرییەوە... بیکوژە، بیکوژە و قورتارم بکە. دەپاڕایەوە کەس نایکوژێ تۆ بیکوژە، ئەوی ئەو دەبینێ، وەک چۆن من عاشقی بووم عاشقی دەبێ و جادووی خۆشەویستی دەستی دەبەستێتەوە، بیکوژە حالّم پەرێشانە...».

خەلیل لە کۆڵ عەلی نەدەبووەوە، هەر بەدوویەوە بوو. عەلی تا «مەرسین» دەڕوا، لەوێش تەماشا دەکات وا خەلیل لە پێشیدایە، کروشکەی کردووە و چاوی لە چاوی بڕییە... «بیکوژە، گۆڕەکەم پڕ لە مار و دووپشک و کرمە، خەریکن دەمخۆن، کرم دەمخوات عەلی، تا تۆڵەم نەکراوەتەوە ئاوا مار و مۆری لێم دەورووکێن، تا ڕۆژی قیامەت وا دەمێنمەوە، تێ ناگەی چیم بەسەرا هاتووە عەلی؟، بیکوژە، بیکوژە، لە وزەما نەما، دەمخۆن، عەلی دەزانم جوانییەکەی تاکە. کوڕەکەم منداڵە عەلی، ئێستاش عاشقی ئەوم، بەلاّم ئەو بەکوشتنی دام...»

بۆ ئەستەموول هەڵدێ، لە دوای ڕۆیشت و لەوێش بینییەوە، کات و شوێنی بۆ نییە،





بۆ هەر کوێیە بڕوایە، خەلیل لەوێدا قووت دەبووەوە، دەپاڕایەوە و بەچۆکا دەهات.

«سێ جاری تریش هاتم، سوێندم خوارد، گفتم دا، ئەو سێ جارە بۆ کوشتنی هاتم هەر سێ جارەکە دەیگوت بمکوژە، با ڕزگارم بێ، عەلی برام با ڕزگارم بێ، دەستم لێ نەچوویێ. حەسەن من ئەم کارە ناکەم، بەمن ناکرێت، ئەوە دەمانچەکەی باوکت، تۆش وا گەورە بووی، ئیتر تۆڵەی باوکت لە ئەستۆی تۆدایە».

لە دوای ئەمە بەجوانییەکەی ئەسمادا هەڵیدا، دواجار ئەوەی دووبارە کردەوە... ئەوەی خۆی بەمرۆ بزانێ ئەسما ناکوژێ... لە تاشە بەردەکە هاتە خوارەوە و ڕۆیی خواحافیزیشی لە حەسەن نەکرد.

دورسون:

«دایکت یەکە جوانی ئەم دونیایەیە، شەیتان نەچێتە بن کلێشەتەوە ئێ...؟».

ئەو دەشتاییە دەبووە دەریا، لە «پایاس» لە پاڵ قەلاّکەوە دەریای بینیبوو، پان و بەرین شەپۆلاّنی بوو، دایکی لە تەکابوو، چەند گەمییەکیشی بینیبوو. لەگەڵ دایکیدا چوونە ناو گەمییەکەوە، گەمییەکە چووە ناو لێرەوارێکەوە، دواجار تاوێرەکانی چیای هەمیتە لە پێش گەمییەکەوە بوو. پیرەگەمی، تاوێرەکانی شەق دەکرد، کەف چڕی زیوین لە تاوێرە شین باوەکانەوە دەهاتە خوارێ...

«ڕاوەستن» عەلی لێیانی خوڕی «هەردووکتان بەجووتە دەکوژم، زۆر چاکە هەردووکتان پێکەوەن...» گەمی تاوێرەکانی شەق دەکرد، کەفی شینیان دەردەدا تاوێرەکان. شینایی دەباری لە ئاسمانەوە لەو بانەوە تاوێری شین بەسەریانا دەباری. عەلی دەمانچەکەی باوکی بەدەستەوە بوو مشتی لێیان گرتبوو، مشتی لە حەسەن گرتبوو، حەسەن چاو دەنووقێنێ...

«بەسەر ئەم چقورئاوایەدا بەرد بباریێ هێشتا کەمە، ئەم خەلیلە بەسزمانە، دایکی، کوڕەکەی، براکانی لە ژیاندا بن تۆڵەشت نەکرێتەوە؟».

هەردوو دەستی خستۆتە سەر زامەکەی، بەنێو قامیشەلاّنە شین باوەکەدا دەڕوات، چلّە قامیش بەسنگ و قۆڵ و شانی خەلیلا دەچەقێ، خەلیل بەدەم ڕاکردنەوە هاوار دەکات... قورتارم کەن... دەکەوێتە ناو زۆنگاوێکەوە، زۆنگاو سوور هەڵدەگەڕێ، خەلیل لەسەریەکە سەری لە زۆنگاوەکەدا نوقم دەبێ و دەردەکەوێت.

«بەسەر چوقورئاوادا مار دەبارێ، ئاگر دەبارێ، کوللە دەبارێ، کیسەڵ دەبارێ... ئەدەنە سێلاو دەیبا، جەیحان با، مسیس بە مار، تۆرۆس بە زۆنگاو لەناو دەچن... ئەناوارزا ئاگر کوڵ و کۆی دادەمرکێنێ و وێران دەبێ ئەوەشی تیا بمێنێتەوە دەبنە خۆراکی مێش و مێشوولە...».

حەسەنیش ئاشکرا باوکی بینی، لەولایەوە بەسەر گردێکەوە وەستابوو دەستی نابووە

کەللەکانی و قاقا بەحەسەن پێدەکەنی...

«توخوا ئەمەش بنیادەمە... بەمەش دەڵێن مرۆ...»‌.

داپیرەی لە تۆی جێدا کەوتبوو، لەڕولاواز، ژێر چاوەکانی شین بوونەوە، دەست و پلیشی شین و چرچ.

«دەمرم، حەسەن دەمرم، من بمرم کێ تۆڵەی کوڕەکەم بۆ دەکاتەوە. کەستان پیاو دەرنەچوون. ئەو عەلییە، ئەو عەلییە نییە، گوایە مامەتە ئەوە دەیەوێ دایکت، ئەو دایکەت کە باوکتی بەکوشت دا، دەیەوێ بیخوازێ، عەشقی داویە لە کەللەی، کەللەیی بووە و بەو دەشت و شاخانە کەوتووە... دەپێم بێژە چۆن نەمرم. هەیە عاشقی یەکێک بێ برای کوشتبێ؟! دەزانم گەلێ جوانە بەڵام کوڕ ئەو کوڕەیە شتی وا لە خشتەی نەبات... ئەوەی دەیبینێ دەستی تێ ناچێ، ماڵ و سامانێکی زۆرم دانا بۆ کوشتنی، چی بکەم حەسەن کەس نەیکوشت، هەرکەسێ دەیبینێ دەڵێی ئەفسوونی لێ دەکا».

ئەو مندالانەش دەستیان تێ نەچووبوو.

«جانقزاق» ئاواییەکە لەو چیایانەدایە، «حاجی چەتە» خەڵکی ئەو دێیەیە، ئەم حاجی چەتەیە حەوت کوڕی هەیە هەر حەوتی منداڵن، لە هەشت نۆ ساڵییەوە تا هەژدە ساڵی هەیە. هەر حەوتیان ڕەمەندەن و خۆیانیش بەدەستەوە نادەن. هەر ئەوەندەی خۆیان ناسی و نەناسییەوە، حاجی چەتەی بابیان دەمانچەیەکی دەداتێ، لەژێر چاودێری سمێڵ بابڕەی باوکیاندا یەک دوو ساڵی پێ ناچێت چاوی قولێنگان و قاچی کەروێشک بەنیشان دەکەن. کە نیشانیان شکاند ئیتر ئەو کاتە...

حاجی چەتە تا بلێی دەستڕۆ بوو، کار و پیشەی کوڕەکانی پیاو کوشتن بوو. ئەوەی خاوەن دوژمن بوایە، دەهاتە لای حاجی چەتە... حاجی چەتە، چیت لێ بشارمەوە، حاڵ و مەسەلە لەمە عیبارەت، دوژمنێکی سەرسەختم هەیە، یەکێ لەو کوڕانەتم بخەرە تەک با ئەو دوژمنەم بۆ بکوژێت... حاجی چەتە دەیگوت سەد هەزارم دەوێ، مەورەدی لێدەی کەمی نییە، یەک قوروش چییە کەم نابێ، ئەمە ڕێگای مان و نەمانە، سەرەڕای ئەوەش زیندانی لەدواوەیە، نرخی مرۆیەک بەپارە ناگۆڕرێتەوە، هەرچی ماڵی دونیا هەیە ناگاتە نرخی بنیادەمێک، بەڵام چی بکەین پیاو کوشتن پیشەمانە، بەداخەوە سەد هەزار کەمتر نابێ... داپیرە سەد هەزارەکەشی بەکوڕانی حاجی چەتە دابوو، کەچی ڕێک گەڕابوونەوە و دەمانچەکەیان لە پێش داپیرە دانابوو... «هەر کە بینیمان دەست و پێمان بەسترایەوە... چاومان کەوتە ڕێشکە و پێشکە... من ئەسما ناکوژم داپیرە... گەر دەتەوێ هەر ئێستاکە حەسەنت بەقوربانی گوللەیەک بۆ دەکەم... بەڵام ئەسما... ناکوژم».

لەنێو چیانشینەکاندا گەلێ کەس هەبوون بەپارە خەڵکیان دەکوشت... بەڵام کەسێک نەبوو دەستی لە ئەسما بچێ...





«تۆش دەزانم دایکت ناکوژی حەسەن... تۆش دڵت ناهێنێ دایکت بکوژی... ئەویش بۆ خۆی دەڕواتە باوەشی ناکەس بەچەیەکەوە، خۆ کوڕەکەی منیش لە وێنەی نەبوو، وا ناکەسێ دەچێتە سەر نوێنی ئەو و جێگاکەی دەگرێتەوە... ئیتر بۆ نەمرم بۆ خۆم، دیارە کەسێ نییە بیکوژێ.

هەر کەسێ دەیبینێ عاشقی دەبێ تۆش نایکوژی، دەتۆش مەیکوژە، مەیکوژە حەسەن. دەبا دووپشک بچێتە نوێنەکەیەوە، من دڵم نەدەهات لەگوڵ کاڵتر بەخەلیل بڵێم کەچی لەناو خوێنی خۆیدا گەوزاندیانەوە... ئەوەی کوڕە شیرینەکەمی بەکوشت دا بە بەرچاومەوە دێت و دەچێ و دەست بەخۆیدا دێنێ و لەسەر تەلێ خۆی دەڕازێنێتەوە...».

ڕەشەبایەکی توند هەڵیکردووە... داروگیا لەبن دەردەهێنێ، خەرمان ڕادەماڵێ، هەلۆرکە بەتاوێر و تاشەبەرد دەکات... داڵەکان بۆ کەشکەلانی ئاسمان بەرز دەکاتەوە...

ئاگرێک هەڵایساوە، بازنەی گڕ گەورە دەبێ، دە باڵە زەلام نێڵە نێڵ بەئاسمانا دەچێ، ئاگرەکە وەک بازنەیەک حەسەن وەگیر دێنێ، تا دەهات حەڵقەکە تەسکتر دەبووەوە حەسەن ڕەپ لە ناوەڕاست ئاگرەکە ڕاوەستاوە، تا دەهات ئاگرەکەی لێ نزیکتر دەبوو، حەسەن دەستەوسان ڕاوەستاوە، بۆ هیچ لایەک ناڕوانێ، بازنەکە تا دەهات بچووکتر دەبوو، حەسەن خەریکە دەخنکێ.

– «سێ ڕۆژە هیچت نەخواردووە ڕۆڵە».

حەسەن تەویلی زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقە دەردەدا.

– «ڕۆڵە هیچ ناخۆی...».

حەسەن ڕووی لە دایکی وەردەگێڕێ، تەماشای ئەسما ناکات.

– «حەسەن، یەکێ سێ ڕۆژ نان نەخوات...».

حەسەن ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاوە.

– «مردنی خۆت دەوێ؟...».

حەسەن حەزی بەمردنی خۆی دەکرد، ئاە ئەگەر مردنی دەست دەکەوت. حەسەن نەیدەویست هیچ کەسێک ببینێ.

لە ئاوایی کێ حەسەنی بدیبا ڕووی لێ وەردەچەرخان. مامەکانی، سەگەکانی ئاواییش قسەیان لەگەڵدا نەدەکرد.

کێ ئاگری لە ماڵان بەردا، سەرتۆپ ئاوایی دەیانگوت حەسەن. یەکێ تۆڵەی باوکی نەکاتەوە، چاوەڕێی چی لێ دەکرێت، ماڵان دەسووتێنێ و خەڵکیش دەسووتێنێ و خۆشی پێوەوە.

کێ هێلانەی پەڕەسێلکەی هەڕفت و گومشتنی، حەسەن. ئەوەی تۆڵەی باوکی بۆ نەکرێتەوە ئومێدی چی لێ دەکەیت، پەڕەسێلکە و بێچووەکانی، لەقلەق و مرۆش دەکوژێ.

– «ئێوە تەماشاکەن ملی، ملی چۆن شۆڕبووە...».

– «چۆن لە ڕووی دێ خۆی بەپیاو بزانێ و بەنێو ئاواییشدا بگەڕێ».

–«لە مار دەچێ...».

– «وا دەزانێ کەس ئاگای لەو نییە چ دەکات».

– «لووتیشی بە ئاسمانەوەیە».

– «یەکێ نەزانێ دەڵێ تۆڵەی باوکی کردۆتەوە...».

دەچێتە ئاوایی، بەناو ئاواییدا دەگەڕێ، لەناو دارهەنجیرەکاندا هەنجیر دەکاتەوە، وردە دڕکی دارهەنجیرەکان بەدەستیا دەچەقن، مشتێ قوم هەڵدەگرێ بە لەپی خۆیا دەهێنی تا دڕووکەکان دەربچن... لە ئاوایی دەرناچێ. چەندەها مانگ و ساڵ تێپەڕین هیچ قسەیەکی دەربارەی باوکی نەبیستووە دەتگوت لە گۆڕ دەرچوونەکەی و گەڕانی شەوانی ناو دێی لە بیرچۆتەوە. قسەیان دەکرد، بەڵام کە حەسەنیان دەدی دەمی خۆیان دەگرت. هەر ئەوەندەی نەمابوو لە داخانا شەق بەرێ، بۆچی دەربارەی باوکی هیچ ناڵێن. ئاخۆ لەم ڕۆژانە چی دەڵێن.

ڕۆژێکیان منداڵێک شتێکی لەزار دەرچوو، حەسەن وەخت بوو لە خۆشیا شێت ببێ.

باوکی ئێستاش عاشقی دایکێتی، هەر بۆیەشە گۆڕەکەی دەتاکێتەوە و دێتە دەرەوە، لەبەر خاتری ئەوەی چاوی بە ئەسما بکەوێت، بۆ شەوباخەڵێکی ئەسما پەرێشانە، دەبینی ڕۆژێک ئەو ئەسمایە بخنکێنێ، ئەوەنەت زانی خەڵکی ئاوایی تەرمەکەیان لەناو تاوێرەکانی ئەناوارزادا بینییەوە، لەوانەیە لەشەکەی بەسەر ئاوێکەوە ببینرێ شین و مۆر هەڵگەڕاوە...

پەڕەسێلکەکان، ئەوانەی بوونە قەرەبرووت، لەقلەقە مردووەکان، ئەژدیهاکان حەسەنیان ڕاودەنا، حەسەن تووشی خەوزڕان بووبوو، شەوان لە شیرین خەودا ڕادەچەنی لەگەڵ یەکەم قووقەی کەڵەبابدا وەخەبەر دەهات، دەچووە سەر تاوێرەکانی ئەناوارزا، خوارەوە هەڵدێرێکی هەزار بەهەزارە تا بڵێی ڕک و تووشە، بەرزی دە دارچناری دەبوو، لە بەرد و تاوێرەکانی خوارەوە لە دەشتاییەکەوە وەک دیوارێک بەرز بۆتەوە...

تاریکە، حەسەن وەک بەسەر چەقۆیەکی تیژدا ڕێ بکات ئاوا بەسەر ئەو تاوێرە تیژانەدا ڕێی دەکرد، هەر دوو پەنجە ئەولاتر هەڵدێرەکەیە، لە خوارەوە تا چاو هەتەر دەکات ئەو دەشتە بەردی مەڕمەڕە، بێت و بکەوێتە خوارەوە پارچەی نادۆزرێتەوە، ورد و خاش دەبێ، حەسەن ئەمەی چاک دەزانی، دەیزانی بۆیە بەسەر ئەو تاوێرە تیژانەدا





بەترس و لەرزەوە هەنگاوی دەنا...

زۆر ڕۆیشت... لە ئارەقە نیشت، خوێناوی بوو، وا خەریکە بگاتە ئەوسەری دەمە چەقۆکە، چاوی دەکاتەوە، سەیرێکی هەڵدێرە تاریک و هەزار بەهەزارەکەی خوارەوە دەکات، سەری سوڕدەمێنێ چۆن نەکەوتۆتە خوارەوە، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ، لا دەکاتەوە تەماشای ئاوایی دەکات... هەموو ڕۆژێ ئەمە حاڵی بوو...

«ئەمە نەعلەتییە با کەس نەیدوێنێ...»

حەیدەرە شێت ئاوای گوت، کەوچکت لەدەمدا سووریدایە «ئەم کابرایە شێت دەبێ، هەموو شەوێ ئاوا... من بەچاوی خۆم بینیم...».

ڕەمزی دڵڕەق، کە چەتەیەکی کۆن بوو، خوشکێکی خۆی پارچە پارچە کردبوو وتی «کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە، یا شێت دەبێ یاخود...».

مەریەمە پیرەش کە دەنگی لە گیزەی مێشوولە دەچوو... «من دوو قسەی لەگەڵدا دەکەم، ئەو بەسزمانە لەبەرچی بمرێت، ئەوەندەی بەس نییە کە باوکی لە گۆڕ دەردەچێ...».

زاڵای نازونوزکەریش دەیگوت

«چەند منداڵێکی چاکە، گەورەتر بوایە دەکەتمە دوای و لەم دێیە هەڵدەهاتین...».

مستان وتی:

«بینیم... بەم دوو چاوە بینیم... هەموو شەوێ باوکی دەستی دەگرێت و بۆ ئەناوارزا پەلەکێشی دەکات بەو تاریکییە دەیباتە قەراغ هەڵدێرەکەوە، دەبینی ڕۆژێک دەستێکی پێوە بنێ...» پەیتا پەیتاش دەستی بەڕیشە تەنکەکەیدا دەهێنا.

حەسەن بەیانی زوو لە خەو هەستا، چەند شڵپێ ئاوی بەدەم و چاوادا، خۆی لەبەر کرد، قاوەڵتییەکی چاکی کرد و چووە کن داپیرەی. ماوەیەکی درێژە لەگەڵ داپیرەدا یەکتریان نەدواندووە، هەر کاتێ حەسەنی ببینایە ڕووی لێ وەردەگێڕا و دەستی بە بۆڵەبۆڵ دەکرد، حەسەن گوێی لە دوعا و نزای داپیرە پڕ ببوو.

«داپیرە دە شتێک بڵێ، قسەیەکم لەگەڵدا بکە. تێم ناگەیێنی باوکم چۆن چۆنی لە گۆڕ دەرچوو، چۆن لە گۆڕ دەرچوو پێم بڵێ... چۆن چۆنی قورتار دەبێ بڵێ ڕاستە بووەتە خۆراکی مەل و مۆری، دە...».

هەموو ڕۆژێ کرمی لێ دەورووکا و دەیانخوارد، کە لێی دەبوونەوە، سەرلەنوێ دەبووە خەلیلەکەی جاران... هەموو شەوێک ئەمە دووبارە دەبووەوە.

«چۆن چۆنی باوکم دەخۆن؟»

داپیرە قسەی لەگەڵ نەدەکرد، مامەکانیشی، ئامۆزاکانی، منداڵانی دێ، کەس، کەس... تا ئەو دایکە، دایکی بێ ئاوا کەس قسەی لەگەڵدا ناکات.

دونیا گەرمی کردبوو. ڕووبارەکە وەک زیو دەچریسکایەوە. حەسەن بەو گەرمایە لە ئاوایی وەدەرکەوت، بۆ قەراغ ڕووبارەکەی خوارەوە بەرەو «دوملو» ملی نابوو. دوملو لەناو تەمێکی سووردا بوو... پێ پەتی، کە پێی دەخستە سەر خۆڵە داخبووەکە پێی دەچووزایەوە، حەسەن ئەوەند تینوویەتی وەختە بخنکێ. ئێوارە داهات، خۆر چووە زەردە، شەماڵێکی فێنک هەڵیکرد. لە قەراغ ڕووبارەکە داچەمی، لۆچێ ئاوی هەڵگرت، نە خواردییەوە نە بەدەم و چاویا دا... ڕێک گەڕایەوە دواوە... ترسێکی بێ شومار چووبووە دڵیەوە... بەخۆی نەدەزانی دەگەڕێتەوە. کەی و بۆچی گەڕایەوە ئەوەشی نەدەزانی... ئەوەندەی زانی نیوە شەوێکی درەنگە و وا لە پاڵ تاوێرەکانی ئەناوارزا دایە... تاریکییەکە بەرد و تاوێرەکانی ئەوەندەی کە زەبەلاح و گەورەتر دەنواند... بەسەر گردەکەوە ژاوەژاوێک گرمەگرمێک دەبیسترا، لە نرکەی جانەوەرێکی زامدار دەچوو گرمەگرمەکە... «با» کە دەوەن و گیا و پووش و تاوێرەکانی دەهەژاندەوە، ئەوەشی بیر ناکەوێتەوە چۆن لە تاوێرەکان بەربووەوە، بە هەناسەبڕکێ سەرکەوتە سەر گردەکە، دەست و پلی خوێنی لێ دەڕۆیی، کە سەرکەوت دەوروبەرەکە بۆنی چاترە سووتاوی دەهات. خۆی گەیاندە نووکی هەڵدێرەکە، وژەوژی گوێی خۆی دەبیست، بەترسەوە هەنگاوی دەنا، کە دەترسا وەک سەرخۆش بەسەر دەمەگوێزانەکەدا دەڕۆیشت. بەملاو بەولادا لار دەبووەوە، جەستەی دەلەرزی، بیری لە هەڵدێرەکە دەکردەوە، موچڕکەی پیادا دەهات و دەلەرزی، لە پڕ بەدەستە چەپدا خۆی فڕێدا. ئەو خۆی بەسەریادا... هاواری نەکرد، هاواری دەکرد دەنگی دەرنەدەچوو، لە پێشدا هەناسەی بۆ نەدرا، دواجار بەرەبەرە هاتەوە خۆی، هەستا، چۆکی دەلەرزی، چووەوە سەر دەمەگوێزانەکە، لە ڕۆیشتنندا جۆرە یارییەکی بۆ خۆی دامەزراند دەتگوت هەڵدەپەڕێ... ترسەکەشی تا دەهات زیادی دەکرد.

بەو جۆرە و بەدرێژایی ئەو شەوە بەلەشی ئارەقاوی و خوێناوییەوە بەسەر دەمەگوێزانەکەدا ڕێی کرد... جارێک بەرەوخوار، لەم سەرەوە تا ئەو سەرە دەڕۆیشت، لەوێوە دەگەڕایەوە، تا گزنگی دا نەوەستا، شەل و کوت بوو، ماندوو و کەنەفت، هەر دەهات و دەچوو، کە خۆرهەڵات و دونیا ڕۆشنا بووەوە، خوارەوەی بەچاو بینی، تووشی سەرەگیشکە هات، وەک فڕنێک سەری خولی دەخوارد... هەرچی لەو دەوروبەرەدا هەبوو، دونیا هەمووی، بەرد و تاوێرەکان، گیا، مێش هەنگ، پەپوولەکان، گوڵە سیس بووەکان لەبەرچاوی سووڕیان دەخوارد، ڕووبارە گەورەکەی خوارەوەش بووبووە جۆگەلەیەکی باریک، ڕێگاکانی ئەو دەشتانە بووبوونە تاڵەموویەک، مرۆکان ئەوەندەی مێروولەیەک دیاربوون و دەخولانەوە.

تراکتۆرێکی سوور بەقەد پەنجەیەک بوو... حەسەن لە تۆی دوو تاوێردا لێی کەوت، ماوەیەک لەو بارە مایەوە و هەڵنەسا.





دونیا گەرم داهاتبوو حەسەن لە ئارەقە نیشتبوو، بەرد و تاوێر داخ بووبوون هەڵاویان لێ هەڵدەستا، حەسەن دەزرنگایەوە، بەرچاوی تاریک بوو بوو، نەیدەزانی شەوە یا ڕۆژە، بیری لە هیچ نەدەکردەوە...

ماری سوور سوور، وەک تیشکێکی ڕووناک بەسەر تاوێرەکاندا دەکشان، دەوروبەرەکەیان ڕووناک کردبووەوە، خەلیلی باوکی خۆی لە کفنێکی سپی پێچابووەوە، مارە تیشکدارەکانی دەکوشت، کە لە مارێکی دەدا تیشکەکە پرشاڵ پرشاڵ دەبوو، پرشەکان بەئاسمانا دەچوون، لەو بانەوە وەک ئەستێرەی بچووک بچووک دەبارینە خوارەوە. ئەوەندەی پێ نەدەچوو مارە پرشاڵ بووەکە زیندوو دەبووەوە و لەزەی پەپکەی دەدا، شەیتانۆکە توێکڵ پشت ئەستوورەکان لەژێر تیشکی خۆرەکەدا لەناو تاوێرەکاندا هەڵدەقولان و بەو ناوانەدا داغان دەبوون... شەیتانۆکەکان هەر وەک دوگمەی سپی وا بوون، میلۆنەها دوگمەی سپی بەگیا و گولیلکە و چلەژاژ و دار و گەڵاکانەوە لکابوون...

حەسەن هێزی وەبەر خۆی دەدا هەستێ، هەڵنەدەستا، جەستەی وەک لە دەسک و ئاونگدا کوترابێ دەئێشا و پلی دەدا. هەستا ویستی بەسەر نووکی هەڵدێرە گوێزان ئاساکەدا ڕێ بکات، وای نەکردایە لەوانەبوو... بمردایە... بەرزییەکە سەری بەگێژ دێنێ... تراکتۆرە سوورەکەی خوارەوە بەقەد پەنجەیەک دیارە. یەکێ لێرەوە بکەوێتە خوارەوە هەپروون بەهەپروون دەبێت، لەترسا وەک بی ناو ئاو دەلەرزێت.

دوای تۆزێ قنگەخشکێ هاتەوە خۆی، هەسایە پێ، خوارەوە یەجگار قووڵە... دەشتاییەکە تا گاورداغ کشاوە. قەڵاکەی حەمیدە، بیلان قەڵا، توپراق قەڵا تەم دایپۆشیون... ئەو دەشتە دەبریسکێتەوە، خوارەوەی هەڵدێرەکە نەبێ هەموو لایەک ڕوونە... حەسەن تەماشای خوارەوەی نەدەکرد... هێدی هێدی هێزی بەبەرا هاتەوە، خۆی هەڵدایە لێواری هەڵدێرەکە... ڕێی دەکرد بەڵام دەترسا، سەرە گێژکەکەی بەڕۆژ زیادی دەکرد، هەر دەڕۆیی و نەدەبڕایەوە، بەو وادەهات ڕۆژێکی تەواوە بەڕێوەیە... شل و کوت بوو، لەوە زیاتر بەبەریەوە نەماوە... وا لە نووکی هەڵدێرەکەدایە بەر بەلای هەڵدێرەکەوە ناکات، بەبەرادێ، بەپشتا دەڕوا، ها ئێستا دەکەوێ ها تۆزێکی کە لارە لارێتی، بەملاو بەولادا دێ، خۆی بەباشی بۆ ناگیرێ، بەرچاوی لێڵ دەبێ، لە پڕ تیشکێک، تیشکێکی بەهێز لە چاوی دەدا، گرمە و هاژە و هووژێک دەژنەوێ، چەند زیاتر بەملاو بەولادا دەچێ، گرمە و هاژەکە لە گوێیدا پتر دەبێت.

دواجار ئاگای لە خۆی نەما لەسەر پشت کەوتە سەر زەوی، لە نێوان تاوێرەکاندا لەسەر پشت درێژ بووەوە. گەر بهاتبایە لەو لەتردانەیدا بکەوتایە هەپروون دەبوو، داڵەکانیش تیکەتیکەیان دەکرد و دەیان خوارد.

کفن سپی پەیدابوو، گەلەمارێکی سووری وەپێش خۆی دابوو. دەیگوت «حەسەن، حەسەن. تۆ کوڕی من نیت؟ تۆ زوڕێتی من نیت حەسەن؟ ئەی بۆ ڕزگارم ناکەیت؟ وا سەدان ماری سوورم پێش خۆ داوە ئەمانە خۆ مار نین، ئەمانە کەسانێکن تۆڵەیان نەکراوەتەوە و بوونە بە مار، زەبانییەکان منیان بەشوانی ئەم مارانە کردووە، منیش ئەگەر بێتو تۆڵەم نەکرێتەوە بەم دەردە دەچم، تۆ بەمە ڕازی دەبی؟ کوڕی من نیت، بەزەییت پێما نایەت؟، بەتۆ ڕەوایە من ببم بەمار و تا ڕۆژی قیامەت ئاوا یەکێک پێش خۆیم بخات؟... ئاهـ ه مارەکەیان بکوشتبایە، حەسەن مارەکانیان...»

حەسەن، هاتەوە خۆی، دیوارەکان، تاوێرەکان، پەلەسیرکەکان، ئاگرەکە بەسەریا دەکەوتن. حەسەن ڕایکرد، مارەکان، پەڕەسێلکەکان، داڵەکان، مارە سوورەکان ڕاویان دەنا... هەمدیس ئاوایی دەستی پێکردەوە لە حەوت ساڵییەوە بیگرە تا حەوتا ساڵی قسە دەکەن، سەر زوان و بن زوانیان «ئەسما»یە... خەلیل بۆ ئاوایی گەڕاوەتەوە، گەورە و بچووکی ئاوایی قسەی لەگەڵ کردووە... لە پێشدا بۆ لای دایکی هاتووە، چی زانیوە بەدایکی گوتووە... ئەمجارە هاتۆتە ناوەڕاست ئاوایی و لەژێر دارەکە دانیشتووە... ئەو ناوە بۆنی پورتەقاڵی لێ هاتووە... تا دەمی بگرێ هاواری کردووە... «من بوومە بەشوانی مارە سوورەکان... دوای ئەوە دەبم بە مارێکی درێژی ڕوون. دەخیلتانم نەهێڵن ببم بە مار، مارەکەیان بکوشتایە، مارەکەیان بکوشتایە...».

دواجار لە ناوەڕاستەوە شەقی بردووە و بووە بەدوو کەرتەوە. بەسەر ئاواییدا ماری سوور باریوە...

داپیرە، داپیرەکەی لەمەوپێش نییە، نەرم بۆتەوە، ڕووخۆش و دەم بەخەندەیە داپیرە... بۆ ماوەیەک دەستی بەسەر حەسەندا هێنا، حەسەن بەمە گەلێ کەیفخۆش بوو، بەوەشەوە نەوەستا حەسەنی دواند، مانای وایە گوندیش لە مەولا قسەی لەگەڵ دەکەن، زۆر چاکە حەسەن ئەمجارەش ڕزگاری بوو... چاوی لەزاری داپیرەی بڕیبوو بەدڵ گوێی بۆ شل کردبوو...

«خەلیل لە عەشقی ئەودا لە گۆڕ دەردەچێ، بەمە دەزانی حەسەن؟ پێبەندی دایکتە. بەرامبەر دایکت گومڕەشی(*) دەیگرێ، دەیگوت مردنم چاکترە. لەوەی پیاوێکی کە بچێتە باخەڵیەوە... شتی وا دەبێت؟ وەرە حەسەن وەرە... سەری حەسەنی لەباوەش گرت، بەدەنگێکی نزمی چرپە ئاسا «تۆ نازانی ڕۆڵە، تۆ منداڵی گوێ لە من بگرە. وا گەورە بووی و بووی بەپیاوێکی ئازا و بوێر، دەبێ دایکێ کوڕێکی ئازا و بوێری وەک تۆی هەبێ و بچێتە باخەڵی پیاوێکی کەوە؟، وەرە وەرە پێشترەوە دەبا کەس گوێی لێ

(*) گومڕەش: غیرە





نەبێت... دایکت هەر شەوەی لە باخەڵ یەکێ دەخزێ، ئاوایی هەمووی بەمە دەزانێ، کەسیش نەماوە ئەمەی نەبیستبێ و نەدیبێ... تا ئێستاش تۆڵەی باوکت نەکراوەتەوە، لەبەر جوانییەکەی کەسیش دەستی لێ ناچێ... دەبا هەر دەستیان لێی نەچێ، قیروسیا، ئەی تۆم بۆچییە؟ ئەی تۆ چیت...؟... چۆن چاوت لە ئاستی خەڵکاندا هەڵدێ؟ تا ئەو ڕۆژەی دەمریت پێت ناڵێن حەسەنی دایک واوا لێکراو؟... تۆ چی دەڵێی؟... ئەم پەڵەیەی کە بەناوچەوانتەوەیە چۆنی دەسڕیتەوە؟... من بەم نزیکانە دەمرم، کوڕەکەیان کوشتم و تۆڵەی خوێنەکەیان نەکردەوە و کوڕەزاکەشم ئاوا بەدناو بوو...».

کەمێ سەری حەسەنی لە خۆی دوورخستەوە و، تەماشای کرد... ڕووی حەسەن وەک ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، داپیرە کە حەسەنی ئاوا بینی، پێی خۆش بوو... زانی نیشانی پێکاوە، تێکڕا منداڵ پێبەندی دایکە، گومڕەشی و جار لە باوکیشی دەکێشێ...

«هەرچەندە شەوانە نانوی، بەڵام چاودێری مەکە، دایکت فێڵباز و زۆرزانە... ئافرەتێک لەگەڵ پیاوێکی کەدا گونجابێ، با لە باوەشی مێردەکەشی دابێ، بەنەخوێنیشی بۆ کردبێتەوە گەر بیەوێ خۆی هەر پێدەگەیێنێ... بۆیە وازی لێ بێنە... دەتۆ بچۆ بۆ ناو دێ بپرسە، بزانە کەسێ هەیە دایکتی لەباوەش پیاوێکدا نەدیبێ...».

هەر نەیبڕییەوە، هەر ڕێسای و بە تانیا چوو، هەزاران جار بەجوانی و شۆخێتی دایکیا هەڵیدابوو، ئەمجارەش پەسنێکی جوانییەکەی دا...

کە لای داپیرە هەستا، بەلارە لارە دەڕۆیشت وا خەم و ئازارێکی سەختیشی کەوتبووە دڵ... سەرتاپای دەلەرزی... چوو بۆ ناو ئاوایی کێی تووش هات دواندیان... دانیشتوانی ئاوایی یەک دوو مانگ بەردەوام باسی سۆزانێتی دایکیان کرد. وشەکان لە مێشکیدا دەزرنگانەوە، پێ و پووزی ئافرەتێکی جوان، ڕووی، برۆی، چاوی بەڕووت و قووتی شەوان لەگەڵ پیاوێکی کەدا... هەمدیس دێ بێ ئەوەی وەرس بن قسەیان بۆ دایکی هەڵدەبەست ئەویش گوێی دەگرت... گوێی نەگرتایە وەک کوندە شەقی دەبرد... خەڵکی ئاوایی چاویان لە داپیرە دەکرد، ئەو چی گوتبا، ئەمان هەزاریان دەخستە سەر و دەیانجوییەوە... خەڵکی دێ لەژێر کارتێکردنی داپیرەدا بوون، ئاوایی هەموویان بە حەسەنیشتەوە... دایکی دەبێ نەمێنێت...

– «ئەمە کارێکی گەورە و گرانە برا...».

– «ئەمیش، ئەگەر قاری حەیشەری بوونی دایکی نەیکوژێ، مانای وایە بێ غیرەتە...».

– «غیرەتی هەبوایە، بکوژەکەی باوکی، با دایکیشی بێ، نەیدەهێشت بەزیندوویی بمێنێ...».

– «دەماری پیاوەتی نییە...» .

– «پیاوان هاتوونەتە ماڵیان، دایکیان ڕووت و قووت کردۆتەوە، سواری بوون، حەسەنیش زاق زاق تەماشای کردووە و کەیفی پێ هاتووە...» .

– «حەسەن زاق زاق تەماشای کردبوو» .

– «جارێکیان دایکی شەرمی کردبوو، لێی خوڕی بوو، بڕۆ لاچۆ... پیاو چۆن لە کاتێکی ئاوادا سەیری دایکی خۆی دەکات... وتبووی لاناچم تەماشا دەکەم...» .

– «چاوی نەپرووکاندبوو، هەر تەماشای کردبوو...»

– «پیاوان کە دەسبازییان لەگەڵ دایکیدا دەکرد، ئەم پێی خۆش بوو...» .

– «گوایە جارێکیان بەدایکی گوتبوو دەتکوژم...» .

– «بۆچی هەتیو...» .

– «ئەگەر بێت و لەگەڵ پیاوێکدا بچیتە ناو نوێنەوە، من لەوێ نەبم و نەتبینم و بەدزی منەوە ئەو ئیشە بکەی ئەوا...» .

– «باشە دایکی چی وتبوو...؟»

– «چ بڵێ، وتبووی من بێوەژنێکی بێچارەم، پێویستیم بە پیاو هەیە. شەرمە پیاو سەیری دایکی خۆی بکات. چی بکەم پیاوەکەمیان کوشت و ئێستا پێویستیم بە پیاوە...» .

– «بێ پیاو هەڵناکەم. وای وتبوو...» .

– «هەڵناکات...» .

– «وەک ماینی عەرەب، کاتێ دێتە تەڵەب...» .

– «لە شەوێکدا پیاوانی دێیەک ڕازی دەکات...» .

– «بەوەشەوە ڕەنگە نەوەستێ بڵێ... خەڵکینە هۆ هۆ و ئەگەر کەسێ ماوە با بێت...» .

– «حەسەن چی بکات... شیرەخۆرەیەکی وا چی لە دەست دێ؟» .

– «خوا بیباتەوە...» .

– «ئەوەی خۆی بەپیاو دابنێ قەت بەوە ڕازی دەبێ دایکی لە باخەڵی پیاوێکی کەدا بخەوێ...» .

– «جوان جوانیش تەماشا بکات...» .

– «بەسەزمانە...»

– «حەسەن چوزانی... کە دایکی پیاوان دەباتە لای خۆی منداڵی وا چوزانێ...» .

– «دانی بەخۆیا گرتبوو و دەنگی نەدەکرد...» .





– «ڕۆژێ دان بەخۆیا بگرێ دوو ڕۆژ دان بەخۆیا بگرێ» .

– «دان بەخۆداگرتن هەروا دەبێ...» .

– «دانی بەخۆیا گرت ئا...، وا دەزانی منداڵێک، منداڵێکی وەکو حەسەن دەتوانێ لە ئاست حەیشەرێتی دایکی دان بەخۆیا بگرێت...» .

– «پیاو بەرگەی هەموو شتێ دەگرێ بەڵام بەحەیشەرێتی دایکی خۆی ناگرێ» .

– «حەسەن لە پیاوەتی بێ بەشە، دایکی لەگەڵ یەکێکی کەدا ببینێ...» .

– «لە باوەشی دایکیدا...» .

– «نیشان شکێنیشە حەسەن، دایکی و ئەو پیاوەش کە بەبان دایکێوە دەبێنی بەجووتە دەیانکوژێ...»

– «هاها هاها...»

– «حەسەن چی لە دایکی دەکات... تاقە کوڕەکەی دایکی... چی دەکات دەبا بیکات... جوانێکی ئاوا... جوانێکی بێ هاوتا وا نەکات چی بکات؟...» .

– «سێ ڕۆژ چاودێری دایکی کردبوو...» .

– «دایکی بەمەی زانیبوو؟...» .

– «دوای سێ ڕۆژەکە، حەسەن خەو شل و کوتی دەکا و خەوی لێ دەکەوێ... ئەویش تا بەیانی پیاوێک لە باخەڵ دەنێ...» .

– «ئەو بەسزمانەش سێ ڕۆژ خەوی لە خۆی حەرام کردبوو...» .

– «خەلیلە، هەش بەسەرەکەش بە مار دەبێ، مارێکی سوور وەک شووشە ڕوون، مارێکی درێژ سەری لێرە و کلکی ئا لەوێ...» .

– «ئەو بەسزمانە هاتبووە بەرامبەری، پەپکەی دابوو، لە تەماشا کردن بەولاوە چی لە دەست دەهات. لەوەی زیاتر تەماشای ئەسما بکات دەبێ چ بکات... ئەوەی لە گۆڕ دەردەچێ، بەهەر چییەک ببێ، هیچی لە دەست نایەت... ڕاستە بەمار بوو، بەڵام مارێکی ڕوون... ماری وا هیچی پێ ناکرێ و تۆڵەی بۆ ناکرێتەوە...» .

– «حەسەن ئامانی نییە... ئێوە حەسەن وا تێ مەگەن» .

– «حەسەن لە ئاست ئەم کردەوانەی دایکی دەستەوەستان نابێ...» .

– «هێشتا منداڵە...» .

– «منداڵی چی بەقەد کەرێکە...» .

– «یەزدان یەکێکی کەی وەکو ئەسما جوان دروست ناکاتەوە...» .

– «دەتوانێ...؟» .

– «خەڵکی ئەم ئاواییە و، ئەو پیرەژنە سەرسەختە سەدساڵییە جادووکەرە ئەو

بەسزمانە دەکوژن...».

– «ئەوەی دوشمنی جوانیی بێ دوژمنی خوایە».

– «خوا دانیشتووە و نەخشاندوویەتی...».

– «خۆزی دروستی نەکردبا، کردوویەتی وا بووەتە بەڵا بۆ ئەم خەڵکە...».

– «بۆ... بۆچی بووە بە بەڵا، زوان لە دەمیا نییە بەسزمانە».

– «ئەگەر کەڕەلاوەیە، ئەی بۆ ڕووی خۆی لێ هەڵماڵیوە و بەناو ئاواییدا دێت و دەچێ...».

– «گشت ڕۆژێ گشت ڕۆژێ...».

– «پیاوێکیش ببینێ ئاڵۆشی تێدەچێ و هۆشی لەلا نامێنێ»

– «حەیف بۆ ئەسما...».

– «دەبا ملی خۆی بشکێنێ و بۆ دێکەی خۆیان بڕوا...»

– «ناڕوا واوا...».

– «ناڕوا...»

– «بۆچی بڕوا، بۆ بڕوا... ئاواییەکەیان هەزار جوانی وەک ئەسمای لێیە...».

– «جوانی ئەسما لە دونیادا نییە...».

– «لێرەدا تەنیا ئەسما جوانە...».

– «تاکە... تاکە... تاکە...».

– «حەیف...».

– «تاکە بەڵام چی فایدە حەسەن لێی ناگەڕێ، دەیکوژێ...».

– «حەیف...».

– «دەیکوژێ...».

– «بێ دینە حەسەن... پیاو دایکی خۆی دەکوژێ...».

– «لە ڕەسەنی ئەمانەوە دوور نییە...».

– «ئەمانە بەڕەچەڵەک خوێنڕێژن... نەک دایکی بەحەوت پشتیدا دەچێتە خوارەوە...».

– «حەیف...».

– «حەیف بۆ ئەسما...».

– «ئەمانە دەیکوژن...».

– «حەسەن دەیکوژێ...».

– «لەبەر ئەوەی منداڵە ئەوەندە لە زیندان نامێنێتەوە...».





– «چۆن نامێنێتەوە...؟».

لە پڕێکدا ئەم باسوخواسانە کڕوکپی لێکرا و بڕانیانەوە...

بێدەنگی باڵی بەسەر ئاواییدا کێشا، نە قسەیە، نە باسێ نە ورتەیە نییە، کپوکڕ... گوندیان بۆچی قسەیە دەکەن... خەڵکەکە یا بەڕاستی خۆیان لێ بێ دەنگ کردبوو یا بەحەسەن وادەهات... هەموو ڕۆژێ حەسەن دەچووە دیدەنی داپیرەی، داپیرەشی هیچی نەدەگوت. مردوو لە گۆڕستان قسەی بکردایە، داپیرە و خەڵکی گوند قسەیان نەدەکرد... کە ئاوایی بەو کڕوکپییە دەدی حەسەن وای دەزانی کەس باسی دایک و باوکی ناکات...

حەسەن لە بەیانییەوە تا دەمەو ئێوارە بەناو گونددا دەهات و دەچوو... هەر کەسێکی تووش بوایە، لێی نەدەبووەوە، دەچووە بن دەستییەوە، ئەوەندەی نەدەما لێی بپاڕێتەوە بەشکو شتێکی لێ دەربێنێ، بەڵام کەس فزەی نەدەکرد... باوک و دایکی حەسەنیان لەبیر کردبوو، ئەگەر کار وا بڕوا، مەگەر هانا بۆ دار و بەرد بەرێ و قسەیان بۆ بکات دواجاریش داوای قورتاربوونیان لێ بکات.

پەڕەسێلکە تار بوون و ڕۆیشتوون، هێلانەکانیان چۆڵە. جریوەیان نایە. داڵەکان بەسەر ترۆپکی شاخانەوە دەسووڕێنەوە، بێ دەنگن. مارە سوورەکان، مێروو کفن لەبەرە درێژەکان. سەگە زەردەکان، ئەو سەگانەی کەوا شەوانە لە گۆڕستانەکاندا دەوەڕین، هیچ هیچ، هیچیان دیار نین، هەر هیچیان دیار نین.

حەسەن هەراسان بوو، هەستی بەتەنیایی و بۆشاییەک دەکرد، بە ئومێدەوە هەوڵی دەدا، لەم بارە خۆی قورتار کات.

لە ئاوایی هیچ نەما پەنای بۆ نەبا، چلەدارێکیشی ببینایەتەوە دەستی بۆ دەبرد، کەچی هەموو شتێ، هەموو کەسێ مردوو ئاسا کپ و بێدەنگە.

هەڵدێرە هەزار بەهەزارەکە دوا ئومێدی بوو، ناچار بەو گەرمایە ڕووی لەوێ کرد... ئەمە دوا پەنا و ئومێدی بوو. لەوێ بەسەر ئەو تاوێرە گوێزان ئاسایانەی نووکی هەڵدێرەکە، کە هەر تۆزقاڵێ پێی بترازایە دەکەوتە خوارەوە و پارچە پارچە دەبوو بەسەریانا دەهات و دەچوو... حەسەن ئەم جارە سڵی نەدەکردەوە و نەترسا، ترسی هەر بەخەیاڵدا نەدەهات... تا چاو هەتەر کا ئەو دەشتە دیارە، تراکتۆرەکان هەمدیس بچووک دیارن، لە بەرچاو هەر ئەوەندەی لایستۆکێکن، ئینسانەکان بەقەد مێروو، ڕووبارە گەورەکەش دەزوو ئاسا... حەسەن نە سەری سووڕ دەخوا، نە کەوتنە خوارەوەشی بەبیرا دێ... ئا لێرەوە خۆی فڕێداتە خوارەوەش باکی نییە...

هەوڵ دەدا ترس بەسەریا زاڵ نەبێت... تەماشای خوارەوە دەکات، چاو لە هەڵدێرەکە ناگوێزێتەوە... بێ سوودە... لە نووکی هەڵدێرەکەدایە، بەسەر گوێزانەکەدا هەنگاو دەنێ، پێ هەڵدەگرێ... ڕادەکات، نە ء...نە ء بێ سوودە...

بۆ ئاوایی گەڕایەوە، چووە ماڵ، دایکی بەپیرییەوە هات... ئا لەم ساتەدا موچڕکێکی خۆشی پێداهات، مووی بەسنگ بوو... دەست و قاچی، دەستیان بەلەرزین کرد... نەیتوانی لەمە زیاتر لە ماڵەوە بمێنێتەوە، چووەوە ناو ئاوایی، هەمدیس بۆشاییییەکە لە ناخییەوە سەری هەڵدا...

کە دایکی دەبینێ شێتگیر دەبێ، جەستەی دەلەرزێ، ترس دایدەگرێ و ئاگای لە خۆی نامێنێ، کە لێی دوور دەکەوتەوە ساردەوە دەبۆوە و هەستی بەبۆشایی دەکرد...

دایکی لە حەوشەدا تەنووری دادەخست، ئاگرەکە لەسەریەکە زمانەی دەکێشا، حەسەن وەک بی دەلەرزێ، دەمانچەکەی بەدەستەوەیە یاری پێ دەکات... دەمانچە، دەمانچەی باوکی بوو... گڕی تەنوورەکە بەرەبەرە دامرکا، لە پڕێکا هەڵایسایەوە. دایکی لەدەمی تەنوورەکەدایە، دادەچەمی و هەڵدەسایەوە... حەسەن دەلەرزێ... دەمارەکانی کرژ بوونەوە... سەری هاتبووە گێژ، وا دەهاتە بەرچاوی دایکی وا لەناو گڕەکە دایە... لە پڕ دەمانچەکە ناڵەیەکی کرد... هاوارێ کرا... بۆنی بۆکرووز، بۆنی مژ و پێستی هەڵقرچاو ئەو ناوەی گرتەوە. بەدەوری تەنوورەکەدا سووڕێکی خوارد... حەسەن یەکسەر خاو بووەوە، دەمانچەکەی بەدەستەوەبوو، چووە نزیک تەنوورەکەوە... دایکی کەوتبووە ناو تەنوورەکەوە. قژی گڕی گرتبوو... بەرەو ئەناوارزا ڕۆیشت...

دوای سێ ڕۆژ سەگەکەی حەسەنی دۆزییەوە، لەناو چاڵێکی سندووق ئاسادا خۆی شاردبووەوە بەردێکی گەورەشی نابووە سەری چاڵەکەوە چۆن سەگ خاوەنەکەی دەدۆزێتەوە؟... بە بۆن دەیدۆزێتەوە...

پێش چەند مانگێک حەسەن هەواڵی منی پرسیبوو، بینیمەوە؛ بار و گوزەرانی چاکە... سێ ماشینی دروێنەی هەیە. دوو تراکتۆر و نازانم چەند دۆنم مەزرای هەیە... دیوەخانێکی گەورەی لێداوە، دیوەخان ئەمما دیوەخان... دیوەخانەکەی لەناو باخچەیەکی سی دۆنمی پرتەقاڵ دایە، خاوەن ژن و ماڵە، خێزانەکەی تا بڵێی جوان و ناسکە، شەش منداڵی قیمچە و نیمچەشی هەیە، سێ کوڕ و سێ کچ، پێکەوە یادی ئەو ئاغایەمانە کرد کە شەو و ڕۆژ خەریکی نوێژکردن بوو کەچی چوار کەسیشی کوشتبوو...

ئەو مرۆیەی کە فڕی بەسەر مرۆڤایەتییەوە نییە، «لوتفی»مان بیرکەوتەوە...

ئەو خەڵکەی چوقورئاوامان یادکردەوە کە تا دێ زاڵمتر و خراپ و بێ بەزەییتر دەبن، ئەوەی ناوی دۆست بێ تیایاندا نییە... بەپارە باوکی خۆشیان دەکوژن... تێکەڵاوی لەگەڵ کەم کەسدا هەبوو... لە مەزراکەیدا کات بەسەر دەبات، کە بەهاران مرۆ لە بۆن و بەرامەی سەرخۆش دەبێت.

دووز ١٩٩٢-١٩٩٣/١١/٢٩

# ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی

تکا لە نووسرانی بەڕێز دەکەین:

*بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینەکانیان لە دەزگای ئاراس تکایە ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستانە:*

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:

١– پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**

Kurd. Kurt. Kust

٢– پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û )

بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**

Sûr. Çû. Dû

٣– پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)

بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار. ئاو**

دەنگی (و) لێرەدا هەندێک جار لە زاراوی کرمانجیی سەروودا دەبێ بە دەنگی (ڤ)

Awayî (Avahî). were. Hawar. Av

٤– پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

Dol. Gor. No.

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

wirya. wilat. wise. wird.

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:



١– پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).

بۆ نموونە: **زەوی** – Zewî

٢– پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)

بۆ نموونە: **یار** – yar

- **سەرنج ١**: پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.
- **سەرنج ٢**: نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

Nîye. Çîye. Dîyarîyeke. Zewîyeke

- **سەرنج ٣**: لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (**ئاواییەکەمان**...) (**کۆتاییەکەی**...) (**وەستاییەکی**...) (**کۆتاییی بە کارەکە هێنا** ) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

(Westayîyeki....) (Kotayîy be Kareke hêna)

**چوارەم**: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

- **سەرنج**: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم**: وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. یەکسەر. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم:** پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.

وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم:** نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج:** ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم:** هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەڕێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **ئەڵڵا. قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیێفسکی.**

**دەیەم:** ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

**جوان: جوانتر – جوانترین.**

**خاو: خاوتر – خاوترین.**

• **سەرنج:** ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.



وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم:** جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات - یان - شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**

**دوازدەیەم:** نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە پاڵ. وەک:

**چیا: چیایەک.**

**زەوی: زەوییەک.**

**وێنە: وێنەیەک.**

**دێ: دێیەک.**

٢- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک - لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

**خانوو: خانووێک، خانووەک**

**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم:** گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).

ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).

(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج:** پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.

وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بەجیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم:** گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)

١- ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**

**دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.**

**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەرین.**

**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**

**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**

**دا: دانێ. دامەبڕە.**

**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**

**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**

**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢- ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**

**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**

**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێن.**

**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**

**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم:** گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنناینەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**

بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.



وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم:** ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە. وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی**. گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**

# چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس

(١) هەڵکەوتی دیریکی لە کوردستاندا. دانانی: حوسێن حوزنی موکریانی.
(٢) سەروا. دانانی: د. عەزیز گەردی.
(٣) ژنی کورد بەستەم دەورە دراوە. دانانی: د. کوردستان موکریانی.
(٤) الحرب الكردية وإنشقاق ١٩٦٤.تأليف: ديڤيد ادامسن وجرجيس فتح الله.
(٥) رحلة الى رجال شجعان في كردستان. تأليف: دانا ادامز شمدت. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٦) جمهورية مهاباد ـ جمهورية ١٩٤٦ الكردية. تأليف: وليم ايغلتن الابن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٧) كردستان أو الموت. تأليف: رينيه موريبس. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٨) كرد وترك وعرب. تأليف: سي.جي. ادموندز. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٩) طريق في كردستان. تأليف: أي.ام. هاملتن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(١٠) ئەدەبی رووسی و کێشەی پاستیرناک. دانانی: د. مارف خەزنەدار.
(١١) لە پێناوی راستی و کورد و خانیدا. دانانی: محەمەدی مەلا کەریم.
(١٢) کۆچی سوور. رۆمانی: حەمە کەریم عارف.
(١٣) مساهمة علماء كردستان في الثقافة الاسلامية. تأليف: محمد زكي حسين.
(١٤) لە کوردستانی عێراقەوە هەتا ئەوبەری چۆمی ئاراس. نووسینی: مورتەزا زەربەخت. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەوکەت شێخ یەزدین.
(١٥) فەرهەنگی کوردستان. دانانی: گیوی موکریانی.
(١٦) خاک و کێشەی مان. رۆمان: عەزیزی مەلای رەش.
(١٧) امارة بهدينان الكردية. تأليف: صديق الدملوجي. تقديم: د. عبدالفتاح علي بوتاني.
(١٨) المجتمع البشري لماذا يشبه مستشفى المجانين...؟. تأليف: مسعود محمد.
(١٩) جوایەز. بەرهەمی نۆ شاعیری هەولێری.
(٢٠) نەخشەی رۆنانی رێژەی کار لە زمانی کوردیدا. ئەندازیار د. شێرکۆ بابان.
(٢١) زریزەی زێڕین. دانانی: محەمەد ساڵح ئیبراهیمی.
(٢٢) شێخ رەزای تاڵەبانی شاعیری گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٢٣) خۆبیبوون و شۆڕشی ئاگری. دانانی: رۆهات ئالاکۆم. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.
(٢٤) عەبدورەزاق بەدرخان. دانانی: جەلیلێ جەلیل. گۆڕینی بۆ کوردی باشوور: شوکور مستەفا.
(٢٥) القومية الكردية و د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين. تأليف: ماليسانژ. ترجمة: شكور مصطفى.
(٢٦) کۆمەڵناسیی گەلی کورد. دانانی: مارتن ڤان برووینسن. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.



(٢٧) هەڵبژاردنەکانی کوردستان. دانانی: بەدران ئەحمەد.
(٢٨) تنوع الكرد في العراق ـ مدخل الي السياسة. تاليف: سامي شورش.
(٢٩) هەڵەبجە ـ کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨. دانانی: هەورامان عەلی توفیق.
(٣٠) گاڵتە بەچەک. رۆمان ـ نووسینی: جێمس ئۆڵدرج. وەرگێڕانی: د. عەزیز گەردی.
(٣١) لە مۆرکە تایبەتییەکانی رێزمانی کوردی. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٢) بەرەو رێزمانی کوردی، بەرەو زمانی نووسین. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٣) نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.
(٣٤) نظام الأناضول الشرقية. تاليف: اسماعيل بيشكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٣٥) سینتاکسی رستەی کوردی. د. کوردستان موکریانی.
(٣٦) فەرهەنگی شارەزوور. کوردی– ئینگلیزی. دانانی: د. شەفیق قەزاز.
(٣٧) الصراعات الدولية. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٣٨) مەلا مەحمودی بایەزیدی یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد. دانانی: د. فەرهاد پیرباڵ.
(٣٩) گێتی زیندەوەر. دانانی: عەلائەدین سەجادی.
(٤٠) مێژووی پەخشانی کوردی. دانانی: عەلائەدین سەجادی.
(٤١) دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.
(٤٢) كردستان ودوامة الحرب. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٤٣) رۆمانی رێگا. دانانی: محەمەد مەولوود مەم.
(٤٤) مقالات حول القضية الكردية. تأليف: فوزي الأتروشي.
(٤٥) حياتي الكردية أو صرخة الشعب الكردي. مذكرات: نورالدين زازا.
(٤٦) بۆ کوردستان. دیوان: هەژار موکریانی.
(٤٧) جنوب كردستان في الدراسات الانثروبولوجية. ترجمة: جرجس فتح الله.
(٤٨) مهد البشرية او الحياة في شرق كردستان. تأليف: دبليو. أي . ويگرام وادگار. تي. أي. ويگرام. ترجمة: جرجيس فتح الله.
(٤٩) مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري. تأليف: جرجس فتح الله.
(٥٠) أيامي في ثورة كردستان. مذكرات: يونان هرمز.
(٥١) لقاء الكرد واللان في بلاد الباب وشروان. تأليف: جمال رشيد.
(٥٢) ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە ساڵێکدا– چالاکییەکانی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠دا و پلانەکانی بۆ داهاتوو.
(٥٣) گۆڤاری رووناکی. ئامادەکردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی.
(٥٤) مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی یەکەم. دانانی: د. مارف خەزنەدار.
(٥٥) شازادە چکۆلە. رۆمانی مێرمنداڵان. نووسینی: سەنت ئێگزوپێری. وەرگێڕانی: ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.
(٥٦) حەمکێ توڤی. دانانی: د. مەسعود کتانی.
(٥٧) حەیران. دانانی: غەفوور مەخمووری
(٥٨) گەشتێک بە کۆماری مەهابادا. بیرەوەری: رەئیس بەکر عەبدولکەریم حەوێزی.
(٥٩) نظام الأناضول الشرقية.الجزء الثاني. تاليف: اسماعيل بيشيكچي. ترجمة: شكور مصطفى.

(٦٠) فەرهاد و شیرین. شانۆنامە: نازم حیکمەت. و. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە.
(٦١) تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٦٢) گەڕیان ل بابێ بەرزە. رۆمان: ئەنوەر محەممەد تاهیر.
(٦٣) بەرصیصێ عابید. فەقییێ تەیران. بلاوکردنەوەی: عەبدولڕەقیب یوسف.
(٦٤) احداث عاصرتها. ذكريات محسن دزه يي.
(٦٥) پەروین و دوو سمۆرەی بەدفەڕ. چیرۆک بۆ منداڵان. یوسف عەبدولقادر.
(٦٦) کۆمەڵە مشکێک. چیرۆک بۆ منداڵان. یوسف عەبدولقادر.
(٦٧) رجال و وقائع. جرجيس فتح الله.
(٦٨) الابستاه – كتاب ڤنديداد الزرادشتية. نقله من الفرنسية:الدكتور دواد الچلبي. تقديم جرجيس فتح الله.
(٦٩) بەشێک لە دیوانی مەجزووب: کۆکردنەوە و لێکدانەوەی حەکیم مەلا ساڵح.
(٧٠) گەلاوێژی کوردستان (کەلیلە و دیمنە بەکوردی). وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حاجی مەلا کەریمی زەنگەنە. پێشەکی: د. محەممەد نووری عارف.
(٧١) مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٧ ، دانانی: د. فەرهاد پیرباڵ.
(٧٢) درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا. دانانی: حەمە کەریم هەورامی.
(٧٣) شێخ رەزای تاڵەبانی. ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری. دانانی: د. مکرم تاڵەبانی.
(٧٤) مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باطینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا. دانانی: ئەحمەدی مەلا.
(٧٥) مەولەوی: ژیان و بەرهەمی. محەممەدی مەلا کەریم.
(٧٦) رحلة الى كردستان في بلاد مابين النهرين. ترجمة: د. يوسف حبي.
(٧٧) گۆرانییێژە نەمرەکان. دانانی: باکوری.
(٧٨) رەشید نەجیب: ژیانی و بەرهەمی. ئومێد ئاشنا.
(٧٩) رۆژژمێری رۆمی. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٨٠) الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى. ج٢ . عبدالرقيب يوسف.
(٨١) مأساة بارزان المظلومة. بقلم: معروف چياووك. تقديم: سامي شورش.
(٨٢) كردستان والكورد. الحركة القومية والزعامة السياسية. إدريس بارزاني... نموذجاً. سامي شورش.
(٨٣) بارزانی: لە مەهابادەوە بۆ ئاراس. وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین.
(٨٤) الكاتب الكردي قدري جان (١٩١١-١٩٧٢) قصص ومقالات، شعر وترجمة. جمع واعداد: دلاور زنگي. ترجمة: هورامي يزدي، دلاور زنگي.
(٨٥) ئەشکی باوان: بەرهەمی بلاونەکراوەی کامەران موکری.
(٨٦) پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی. بەرگی یەکەم. ئومێد ئاشنا.
(٨٧) پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی. بەرگی دووەم. ئومێد ئاشنا.
(٨٨) مەحوی. بەشێک لە بابەتەکانی فیستیڤاڵی مەحوی. هەولێر ٢٨-٣٠ ئاب ٢٠٠١ ژمارەیەک لێکۆڵەوە و نووسەران.
(٨٩) نێرییەکی قۆچ درێژ. چیرۆک بۆ منداڵان. نووسینی: حاجی مەمۆ.
(٩٠) کەڵەشێر و ڕێویبە پیرەکە. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: عەزیز هەریری.
(٩١) گرنگترین قەڵەم. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب.



(٩٢) میر ئیڤان و گورگە بۆر. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب.
(٩٣) چیرۆکی ئەستێرەکان. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: ناز فەلەکەدین کاکەیی.
(٩٤) کلیلداران. شانۆگەری. نووسینی: میلان کوندێرا. وەرگێڕانی: ئازا حەسیب قەرداخی.
(٩٥) كرونولوجية اربيل. مشيحا زخا. ترجمة وتعليق: عزيز عبدالأحد نباتي.
(٩٦) لە ستایشی ئەدەبدا. کۆمەڵێک وتار. وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن.
(٩٧) وەرزێک لە دۆژ و دروشانەوە. شیعر: ئارتۆر رامبۆ. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا.
(٩٨) گوڵی خراپە. شیعر: بۆ دلێر. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا.
(٩٩) جوایەز ٢: بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیر. بەسەرپەرشتی: ع.ع. یوسف.
(١٠٠) فەرهەنگی باڵندە. دانانی: ئەحمەد بەحری.
(١٠١) وەبیرم دێنۆ. دانانی: عەقیلە رواندزی.
(١٠٢) بەردی هەتاو. شیعر: ئۆکتاڤیۆ پاث. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا.
(١٠٣) بارانی سلێمانی. بەرهەمە بلاونەکراوەکانی شاعیر محەممەد ساڵح دیلان. ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا.
(١٠٤) المسألة الكوردية في العلاقات التركية الإيرانية. تأليف: روبرت أولسن. ترجمة وتعليق: محمد إحسان رمضان.
(١٠٥) ئەفسانەکانی خۆرهەلات. یۆری گراسنی. وەرگێڕانی: غەریب پشدەری.
(١٠٦) الرواية الكردية. تأليف: عبدالرحمان پاشا.
(١٠٧) پینۆکیۆ. چیرۆک بۆ منداڵان. یووسف عەبدولقادر.
(١٠٨) جوانێکی نوستوو. چیرۆک بۆ منداڵان. یووسف عەبدولقادر.
(١٠٩) دیوانی شێخ شەمسەدینێ قوتبێ ئەخلاتی.
(١١٠) دیوانی شێخ مەمدوحێ ئەخلاتی‌یێ بریفکانی.
(١١١) مذكرات بنڤنوتو چلليني. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(١١٢) المجتمع الكردي في المنظور الإستشراقي. تأليف: د. بدرخان سندي.
(١١٣) مارەکەیان بکوشتایە. رۆمان: یەشار کەماڵ. وەرگێڕانی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.

***